# له دنیای فەرهەنگی زمان

## ـ باسێکی فەرهەنگێک و، چەند وێنەیەک

شێرکۆ هەژار

٢٠١٧

# مەبەستی ئەم کارە

ئەگەر بیهێنیتە بەرچاو، کاتێك منداڵێکی هەژاری پڕ لە ئارەزوو بکەوێتە بازاڕێکی زۆرگەورەی پڕ لە شتی خۆش و جوان و، پێی بڵێن دەی بە کەیفی خۆت هەڵگرە، منداڵ نەزانێت چەندە چیی هەڵبژێرێت و چۆن ئەو هەمووە شتە بخاتە باوەشییەوە، لەدواییدا ئەوەندە بشڵەژێت کە هیچی بەتەواوی بۆ هەڵنەگیرێت و، هەر بڕێك لەمە و پارچەیەك لەوەی بەدەستەوە بێت، ئەوا دەکرێت حاڵی منیش لە کاری دنیای کتێبدا وەها ببینیت، چونکە من رێك وام لێ بەسەر هاتووە : دەچمە ئەو کتێبخانانەی بە ملیۆنان کتێبیان تێدان، ئەو کتێبفرۆشییانەی کە بەزەحمەت تاقە رۆژێك تێدەپەڕێت بە بێ ئەوە کە کتێبی نوێیان تێدا بۆ فرۆشتن ببینم، سەیری ئینتەرنێت دەکەم چۆن بە باسی کتێبی نوێ جمەی دێت و، کە ئاوڕ لە کتێبخانەی نەتەوەکەی خۆم دەدەمەوە، دەبینم ئەوەی من هەمە مەگەر هەر پێی بڵێم نیسکێك لە سەرووی سیفرەوە، ئیتر دەمەوێت هەموو کتێبی دنیام بە کوردی هەبن و، بیری لێ دەکەمەوە بۆچی نیمن ؟ وەڵام نـابینمەوە . بەنموونە، کە باسی باڵندەیەك دەکەم، لە هۆڵەندییەك دەپرسم ئەو باڵندەیە ناوی چییە ؟ منداڵەکەی پێش خۆی وەڵام دەداتەوە . ئێ ئەو منداڵە چۆن ناوی ئەو باڵندەیە دەزانێت ؟ یا ناوی ئەو دارە، ئەو گوڵە، ئەو هەمووە شتە ؟ بە ئەتڵەسێك کە لە ناو کتێبەکانی ماڵیاندایە . بۆچی من نەمزانیوە ئەوانە بە کوردی چییان پێ دەڵێن ؟ چونکە ئەتڵەسێکی وا بە کوردی نیە . بۆچی نیە ؟ لێرەدایە کە وەڵام نابینمەوە . دەوری سەد ساڵە دانانی ئەتڵەسێکی کوردیی وا لە سلێمانی یا کەرکوك یا هەولێر یا کفری- هەر بەنموونە - هیچ قەدەغەییە-کی دەوڵەتی داگیرکەری لەسەر نەبووە، کەچی کورد خۆی نەیکردووە . بـەڵام خۆ - لەو نموونەیەدا - نـاکرێت من دەست بەردەمەوە و، دیلی رابردوو بم، دەبێت ئەوەندەی بۆم دەکرێت بیکەم . چەند پەڕەیەك بۆ ئەو ئەتڵەسە ئامادە دەکەم، ئەوجا رێك وەکو ئەو منداڵەی باسمکرد، بیرم بۆ شتێکی تر دەچێت، قاموسێکی بە سیستەمێکی کە بۆ ستاندار بشێت، ئەوجاهێندێك ئاوڕ لە بەشی مێژوو دەدەمەوە، لە ئەدەبیاتی جیهان، لە جۆرەها شت...لە نەتیجەدا هیچم لە هیچ بەدەستەوە نایەت و، ئەمەی لێ دەردەچێت کە بۆمکراوە(یا رەنگە وا وردتر بێت کە بڵێم بۆم نەکراوە!). هەر بەو هەستەش ئەو هـەمووە شتەم خوێندوون بە بێ ئەوە هیچ خوێندنێك تـەواو بکەم . سـاڵێك ئـەدەبیاتی ئینگلیس دەخوێنم و، دەوەستم، چیتر لێم غەریب نیە و دەشتوانم چیی لە بارەی ئەوەوە بە کوردی بنووسم، دەی ئەدی سایکۆلۆجی ؟ با ساڵێك- شتێك هێندێك تینوویی ئەو زانیارییەم بشکێنم، ئـەگەر بزانیت خەمی نەزانیی شتێك چەندە ناخۆشە، ئەدی نێوانی زمانی عیبری و کوردی ؟ با بچم خەریکی عیبری بم، ئەدی مێژوو ؟ ئەدی فلانە زمان ئەدی فیسارە زمان ؟ . ئیدی من لەوەتا وەبیرم دێت هەر ئەدی - ئەدیمە! و مەگەر وەکو ئەو منداڵە لە

هەر شتە هەر تۆزێکم بۆ دە باوەش بگیرێت . ئەم کتێبەش بەشێکە لەوە، ئەگەر کەسێك سەرنجی بدات و وەکو منِ نەدی و بدی نەبێت کە بیەوێت هەموو شتي دنیا بەجارێك فێربێت، هەر لەسەر یەك شت بمێنێتەوە تا تەواوی دەکات،ئەمە نموونەیە : فەرموو فەرهەنگی باڵندەکە بەمجۆرە تەواو بکە، قامووسەکەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز بکە "کوردی- کوردی" و ئینگلیسی - کوردی، هەنبانە بۆرینە دەوڵەمەندەکەی هەژار بە نەزمی ئەو قامووسە ریك بخەرەوە و هەوڵ بدە ناتەواوییەکاني تەواو بکەیت، قامووسێك بە هەزاران وێنە رێك بخە، ئەو هەمووە کتێبانە چاوەڕێی دانان یا وەرگێڕان دەکەن ... ئەو هەمووە سامانە لە دنیا هەڵڕژاوە و ئێمەش هیچ لەماڵماندا نیە .

ئەگەر من توانیبێتم بەم چەند پەڕەیەی ئەم- بە ناو-کتێبەم سەرنجی یەك کەسیشم بۆ بەجێهێنانی کارێکی وەها راکێشابێت، ئەوا دڵم بەوە خۆش دەبێت کە کارەکەم بێ بەهرە نەبووە و ،یەك دنیا سوپاسی ئەو یەك کەسە دەکەم .

شێرکۆ هەژار

## له فەرهەنگەکەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز

له فەرهەنگی زماندا، کردار هەر بە چاوگ و رەگییەوە دەنووسرێت و لیستێکی شێوەی گەردانکردنی دەخرێتە پێشەکی یا پاشەکیی، کە خوێنەر بیکاتە پێوانە بۆ دیتنەوەی هەموو شێوەکانی ئەو کردارە . تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز، لیستەکەیان بۆ شێوازی سلێمانی داناوە و، وشەکانیش زۆرتر هەر هی سلێمانین، بەڵام تاك و تەرا وشەی زاراوەی تریشی تێدا هەن . لیستەکەیان بەمجۆرەیە :

### دۆخەکانی کردار (بەوێنە : کەوتن، گرتن )

| | تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|---|
| چاوگە : | کەوتن | گرتن |
| رەگی کاتی ئێستاوداهاتوو : | کەو | گر |
| رەگی کاتی رابردوو: | کەوت | گرت |
| سیفەتی کارا : | کەوتوو | گرتوو |

تێنەپەڕ     تێپەڕ

### کاتی ئێستا و داهاتوو

| خەبەری | مەرجی | خەبەری | مەرجی |
|---|---|---|---|
| ١- ئەکەوم | ١- بکەوم | ئەگرم | بگرم |
| ٢- ئەکەوی(ت) | ٢- بکەوی(ت) | ئەگری(ت) | بگری(ت) |
| ٣- ئەکەوێ(ت) | ٣- بکەوێ(ت) | ئەگرێ(ت) | بگرێ(ت) |
| ١- ئەکەوین | ١- بکەوین | ئەگرین | بگرین |
| ٢- ئەکەون | ٢- بکەون | ئەگرن | بگرن |
| ٣- ئەکەون | ٣- بکەون | ئەگرن | بگرن |

### کاتی رابردووی سادە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- کەوتم | ( مەرجی نیە) | گرتم | (مەرجی نیە) |
| ٢- کەوتی(ت) | | گرتت | |
| ٣- کەوت | | گرتی | |

| | |
|---|---|
| ١- کەوتین | گرتمان |
| ٢- کەوتن | گرتتان |
| ٣- کەوتن | گرتیان |

### کاتی رابردووی بەردەوام

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- ئەکەوتم | بکەوتمایە | ئەمگرت | بمگرتایە |
| ٢- ئەکەوتیـ(ت) | بکەوتیتایە | ئەتگرت | بتگرتایە |
| ٣- ئەکەوت | بکەوتایە | ئەیگرت | بیگرتایە |
| ١- ئەکەوتین | بکەوتینایە | ئەمانگرت | بمانگرتایە |
| ٢- ئەکەوتن | بکەوتنایە | ئەتانگرت | بتانگرتایە |
| ٣- ئەکەوتن | بکەوتنایە | ئەیانگرت | بیانگرتایە |

### کاتی رابردووی نزیك

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- کەوتووم | کەوتبم | گرتوومە | گرتبێتم |
| ٢- کەوتوویـ(ت) | کەوتبیـ(ت) | گرتووتە | گرتبێتت |
| ٣- کەوتووە | کەوتبێـ(ت) | گرتوویە | گرتبێتی |
| ١- کەوتووین | کەوتبین | گرتوومانە | گرتبێتمان |
| ٢- کەوتوون | کەوتبن | گرتووتانە | گرتبێتتان |
| ٣- کەوتوون* | کەوتبن | گرتوویانە | گرتبێتیان |

### کاتی رابردووی دوور

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- کەوتبوم ** | کەوتبومایە | گرتبوم | گرتبومایە |
| ٢- کەوتبویـ(ت) | کەوتبویتایە | گرتبوت | گرتبوتایە |
| ٣- کەوتبو | کەوتبوایە | گرتبوی | گرتبویایە |
| ١- کەوتبوین | کەوتبوینایە | گرتبومان | گرتبومانایە |
| ٢- کەوتبون | کەوتبونایە | گرتبوتان | گرتبوتانایە |
| ٣- کەوتبون | کەوتبونایە | گرتبویان | گرتبویانایە |

فەرمان

| | | |
|---|---|---|
| تاك : | بكەوە | بگرە |
| كۆ : | بكەون | بگرن |

---

* دەبێت«كەوتوون» بێت و بە هەڵەی چاپ نووسرابێت«كەوتون»، بەڵام من ویستم بە حەرفی وەكوخۆی وەگوێزم .

** زمان لە سەر « تـ» دادەگیرێ نەك لە سەر« و» ی بو .

ئەو لیستەیە لەوێدا بە شێوەیەكی زۆر روون خراوەتە بەر چاو . ئیتر هەر تـەنیا مانای " كردن" و " گرتن" لەوانە لە فەرهەنگەكەیدا هەیە و، دەبێت ئەو دوو لیستەیە بكەینە پێوانە بۆ گەڕان بەدووی هەموو ئەوەكانی تردا . ئـەینا ئـەگەر هەموویان بخستایەتە فەرهەنگەكەوە و مانا لێ بدایەتەوە، ئەوا دەبوو، لەجیاتی دوو وشە، ١٢٠ وشە مانا لێ بدەنەوە . فەرهەنگێكی دووهەزار وشەیی، بەگوێرەی ئەوە، دەبێت بە فەرهەنگێكی ١٢٠ هەزار وشەیی . خۆ ئەگەر " لارووس "ی فەرەنسی هەموو دۆخەكانی كرداری بەجیا بۆ مانا لێدانەوە دابنایە، ئەوا بەهۆی زۆر دەستەی جیاوازی دۆخی كردارانی زمانی فەرەنسی،لارووس رەنگە دەوری هەزار ئەوەندەی ئێستای لێ بهاتایە، كەواتە هەر یەك هەزار وشەیەی كردار دەكرا بووبا بە دەوری یەك ملیۆن . زۆرترینی زمانانی تریش ( رووسی، عارەبی، ئەڵمانی ... ئیدی) - ئەگەر هەمووشیان نەبن - لە حاڵەتێكی كەم تا زۆر لە هەمان بابەتدا دەبن .

كەواتە، ئەگەر فەرهەنگی " هەنبانە بۆرینە "ی زۆر دەوڵەمەندی هەژار ڕێكبخەینەوە، دەبێت ئەوە ڕەچاوبگرین : كاتێك " گرت، گرتن، گرتنە دڵ، گرتنە مل، گرتنە ناو، گرتنەوە، گرتم، گرتی "ی تێدا دەبینین؛ ئـەوا " گرت " و " گرتی " (ی كردار)ی هەر لێ فڕێبدەین و، هـەموو ئەوانی تریش بخەینە ژێر یـەك وشەی سـەردێڕەوە : گرتن . بۆ " گرتوو " ( بە ناو: زیندانی) و" گرتووخانە" ( زیندان، بە شێوازێكی تر : گرتیخانە)، ئەمانیش دەكرێت لێرەدا لە ژێر" گرتن" دا بنووسرێن بـەڵام بە بێ مانالێدانەوە و، لایان بنووسرێت : وشەكە سـەربەخۆ لێبنۆڕە، كـەواتە مانایان بە یەك پارچە لەیەك شوێن سەربەخۆ هەبێت . دەشكرێت هەر لە ژێر" گرتن"دا مانا لێ بدرێنەوە، بـەڵام سەربەخۆش هەبن بە بێ مانالێدانەوە و لایان بنووسرێت : بڕوانە " گرتن" . بەوجۆرە دووپاتبوونەوە روونادات . دەكرێت پێویست بكات وشەیەك بە چەندبەش (كۆمەڵە) دابەشبكرێت . بەنموونە : " سەر" ( ناو)، ئەوجا " سەر" ( بە زاراوەیی لەگەڵ كرداردا)، دوای ئەوە : " سەر"ی كە بە وشەی ترەوەیە . بەوە، دەزانین كە بۆ مانای چەند سەد

وشەی کە پێوەندییان بە " سەر"ەوە هەیە، دەبێت لەکوێ بگەرێین .

" سەر" لە " فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیسی"ی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندزدا بەم شێوەیە دانراوە :

سەر( ناو) : ــ ی لەش؛ سەرووی شوێن؛ گرد؛ سەرۆك؛ سەرەتا؛ ئەوپەڕ؛ کۆتایی؛ بەشی دەستپێکردن ( ی پەنجە، شوێنی ژێر نینۆك)؛ ئیشارەتی فەتحەی عارەبی؛ بەرەوبەرزایی؛ لە بەرزان ( کەسانی گرنگ ... ئیدی)؛ بە ــ ی ( بۆ سوێندخواردن)؛ بە سەر ــ ؛ ــ و...( هەریەکە و ...)؛ دەستپێکردنی (ساڵ)؛ ــ چاو؛ ــ چاوان (و بشڕوانە : بەسەر؛ ــ بە ... ؛ ــ بە ــ ( لە پێك‌گۆڕینەوەدا)؛ روو لە ( بە ئاوەڵکردار، بڕوانە : « بەرەو» لە « بەر»دا: بەرەودوا، ــ ەودوا ...)؛ ــ بەرەژێر؛ ــ بەرەوژێر؛ ــ بەرەوژێرە؛ ــ بەرەوژێرکە؛( بە هەمان شێوە) ــ بەرەژوور، ــ بەرەوژووکە ... ئیدی؛ ــ لە ( بە ئاوەڵکرداری کات ــ لە بەیانی، ــ لە ئێوارە، ــ لە نیوەڕۆ )؛ ــ لە نوێ؛ لە ــ یکی ترەوە؛ ــ تا پا؛ ــ تا پا خوار؛ ــ تا ــ .

سەر( بە زاراوەیی لەگەڵ کرداردا) :

ــ بردن ( بڕوانە: ــ هێنان)؛ بە ــ بردن (ی کات)؛ بردنە ــ ؛ ــ بڕین ؛ بە ــ چوون؛ چوونە ــ (بۆ)؛ ــ لێ دەرچوون؛ ــ لێ‌تێکچوون؛ ــ تیاچوون؛ ــ دان (لێ، ی؛ ــ دەر)؛ ــ هەڵدان؛ ــ لە (دیوار ...) دان (لە جەزبەی دەروێشان)؛ ــ لێ تێکدان؛ ــ ئێشان؛ ــ ئێشاندن؛ ــ گرتن (ی کار، دەمی شووشە، سەربان بۆ خانوو ...)؛ ــ ی خۆ هەڵگرتن؛ بە ــ گرتنەوە( کار، قسە، دۆزینەوەی حەیوانی ونبوو)؛ بە ــ اهاتن(ی) (ڕووداوانی چاوەڕواننەکراو،کەوتنی ڕێکی فرۆکە ...)؛ ــ هێنان ( بە گشتی لە قسەی وەك : سەرێك هێنان و سەرێك بردن)؛ ــ یکە و هێناومە؛ ــ داهێنان؛ ــ دەرهێنان؛ ــ ژماردن؛ ــکەوتن ( لەوە: ــ کەوتوو)؛ ــکردن ( لە نیشانەئەنگاوتن ... )؛ ــ دەرکردن ( ی ڕووەك)، ڕاکردن، (لێ) ( تێگەیشتن)؛ ــ کردنە ــ؛ ــ پیاکردن (ــ کردن بە ماڵی دژمنا؛ ــ کردن بە پەتەوە)؛ ــ تێ‌کردن؛ کردن بە ــ ا؛ بە ــ کردن؛ بە ــ کردنەوە؛ ــ لەقاندن ( بۆ )؛ ــ نان ( ڕۆیشتن) ؛ ــ نان بە کونێکەوە ( خۆ تووشی کێشە کردن)؛ ــ نان بە ــ ەوە( هەمووی خواردەوە، ...) ؛ ــ نانە ــ ؛ ــ دانان ؛ ــ ــ نانەوە ( ــ لێ نانەوە: مردن)؛ ــ دانەواندن ( بۆ)؛ ــ پێ دانەواندن؛ ــ لێ سەندن ( هۆش ...)؛ ــ سپاردن ( پێ )؛ ــ لێ شێوان؛ ــ لێ شێواندن؛ ــ شتن ( هەر بۆ ژنان لە حەمام)؛ ــ تاشین ( لەوە: سەرتاش)؛ ــ تێ‌وەستان ( ئاتاجی)؛ ــ خستن؛ خستنە ژێر ــ ؛ ــ خستنە ــ ؛ ــ داخستن؛ ــ خواردن (ی) .

8

" سەر" ی کە بە وشەی ترەوەیە :

ــ اب؛ ــ اك ( سەرۆك)؛ ــ انە؛ ــ انسەر(ناو : چینی هەرەسەروو)؛ ــ انسەر( ئاوەڵکردار)؛ ــ اپا ( ئاوەڵکردار)؛ ــ ئاسا( ئاوەڵکردار)؛ ــ ئاسایانە( ئاوەڵناو :نائاسایی)؛ ــ ئاسایی(ی شتێك، بە ناو)؛ ــ ئاسێ؛ ــ ئاسنین( ئاوە-ڵناو) بڕوانە:" پیرێژن" لە دووەم" پیر"دا؛ ــ اسیمە؛ ــ او( چوونە ــ ئاو، ــ ئاوکردن)؛ ــ اوسەر : بڕوانە" ــ انسەر "؛ ــ ئازا ( ئازاد)؛ ــ باڵ؛ ــ بان ( و بڕوانە : بان )؛ ــ باقی؛ ــ بار ( ــ بارەی )؛ ــ باز؛ ــ بازخانە؛ ــ بەدەرەوە؛ ــ بەدۆ ( گیای کە بۆ چارەی ژەهری پێوەدانی مار و دووپشك دەڵێن گوایا باشە)؛ ــ بەگێچەڵ؛ ــ بەگۆبەند ( ئاوە-ڵناو)؛ ــ بە کڵاوە( ناو : بەفری کە درشت دەبارێت)؛ ــ بەران ( بە شێوازی سنە : تاقی سەرووی دەرگا)؛ ــ بەرز؛ ــ بەرزی ( ناو)؛ ــ بەست ( ئاوەڵناو)؛ ــ بەستی (ناو)؛ ــ بەتاڵ ( ئاوەڵناو)؛ ــ بەخۆ ( ئاوەڵناو)؛ ــ بەخۆیی ( ناو: ــ بەخۆیی ناوەوە ( ناو : حکومەتی ئۆتۆنۆمی)؛ ــ بێشکە (ناو)؛ ــ بڵند: بڕوانە "سەربەرز")؛ ــ بورد (ناو) )؛ ــ بوردنامە؛ ــ چاوە؛ ــ چەوت؛ ــ چڵ ( ئاوەڵناو)؛ ــ چیا؛ ــ چۆك؛ ــ چۆپی؛ ــ چۆپیکێش؛ ــ دەفتەر؛ ــ دەم ( ــ دەمێ)؛ ــ دەمی؛ ــ دەق ( ــ دەق شکاندن)؛ ــ دەرگا؛ ــ دەس؛ ــ دەستان ( ژن کە خەریکە منداڵی دەبێت)؛ ــ دەستە؛ ــ دڵ؛ ــ دۆلکە ( ــ دۆلکەبێژ : شینگێڕی حیرفەیی)؛ ــ دۆڵیانە ( لە ئاش)؛ ــ دۆشەك؛ ــ ە ( ئاوەڵناو : پەرەسەندوو، بەتەمەن)؛ ــ ەبزووت (و بۆ سەنگی لە ئاسمانەوە دەبارێت،"لیونید"ی کە هەر بە ئەوەندە ساڵە جارێك دەکەوێتە سەر زەوی)؛ ــ ەدووگ : بڕوانە " ــ ەتەشی")؛ ــ ەگوریس؛ ــ ئەژمار: بڕوانە" ــ ژمار")؛ ــ ەك : بڕوانە " ــ اك")؛ ــ ە مەقەست (ی قوماش)؛ ــ ەمەرگ؛ ــ ەمر؛ ــ ەناز( فەرشی درێژووکە بۆ سەرووی ژوور)؛ ــ ەنجام ( ــ ئەنجام)؛ ــ ە نێرگەلە؛ ــ ەنگرێ ( ئاوەڵناو)؛ ــ ەنوێلك؛ ــ ەپەت؛ ــ ەپرد ؛ ــ قەندە : بڕوانە " ــ ە نێرگەلە)؛ ــ ەڕا (ی)؛ ــ ەڕێ ( لە ــ ەڕێدا)؛ ــ ەڕێبی‌گرتن؛ ــ ەرێژ : بڕوانە" سارێژ")؛ ــ ە ڕستە؛ ــ ە ستوون؛ ــ ە سوانە؛ ــ ەسوورە؛ ــ ەشێرە(ی سەردیوار)؛ ــ ەتا؛ ــ ەتاتکێ ( ــ ەتاتکێ‌کردن)؛ ــ ەتەشی؛ ــ ەتیر؛ ــ ەو: بڕوانە" بەرەو" (ئاوەڵکردار: ــ ەوژوور، ــ ەونخوون)؛ ــ ەوە؛ ــ ەونگووم، ــ ەونگوون( ئاوەڵناو)؛ ــ ەخۆرە (ئاوەڵناو). ــ ەخولێ؛ ــ ێ: بڕوانە" ــ ەوە"؛ ــ ێشە؛ ــ فراز (ــ فرازی هەر دوو دنیا بن)؛ ــ فترە؛ ــ گەردان؛ ــ گەرم؛ ــ گەڕ( باڵندەی داڵ)؛ ــ گێژ؛ ــ گران؛ ــ گوروشتە؛ ــ هات؛ ــ حەد ؛ ــ هەڵقە ( زۆرتر هی سەمای دەروێشان )؛ ــ نج؛ ــ نج ڕاکێشان؛ ــ یلە (ناوی باڵندەیەکی بچووکە)؛ ــ ین، ــ ینگە؛ ــ ژمار؛ ــ ك بڕوانە : " ســەلك"؛ ــ کانی؛ ــ کار؛ ــ کەچ؛ ــ کەف؛ ــ کەل؛ ــ کەلە (ی ڕەشمەی وڵاخ)؛ ــ کێش؛ ــ کێشی؛ ــ کڵاو؛ ــ کردە؛ ــ کز ( و ــ کزی دڵ

وریا)؛ ــ کزی؛ ــ کۆ: بڕوانە " ــ کۆنە"؛ ــ کۆمار(ی عەشیرەت)؛ ــ کۆنە؛ ــ کۆزەر(ی گێرە)؛ ــ کوێر؛ ــ کولم؛ ــ لەرزۆك؛ ــ لەشکر؛ ــ مایە؛ ــ مایەدار؛ ــ مست؛ ــ مەشق (و ــ مەشق دان)؛ ــ مەشقانە ( ی زاوا بۆ بووك)؛ ــ مەوقولات، زۆرتر : ــ مەوقولاتدان؛ ــ مێکوتە؛ ــ مێوژە ( جۆرێك مار)؛ ــ مێز؛ ــ نامە؛ ــ ناو؛ ــ ناوکانە ( دیاریی بۆ مامان حەوت ڕۆژ دوای لەدایکبوونی منداڵ)؛ ــ نەرم ( زۆرتر بۆ ئەسپ)؛ ــ نخوون؛ ــ وۆك؛ ــ پاك ( ــ پاکی ئێمە = هەمووماں)، ــ پاك دەرکران ( یەکێکیان لێ نەبواردن و هەموویان دەرکردن)؛ ــ پاڵە؛ ــ پەلۆ ( بەگشتی : ــ پەلۆکردن)؛ ــ پەنجە ( بە ــ پەنجە ڕۆیین)؛ ــ پەنجەرە؛ ــ پەرشت؛ ــ پەڕ؛ ــ پەڕە؛ ــ پەتی؛ ــ پێ؛ ــ پێیی؛ ــ پێچ؛ ــ پێچی؛ ــ پشك؛ ــ پۆش (ــ پۆشی کەتان، ــ پۆشی پوولەك، ــ پۆشی ژنان)؛ ــ پۆت(ــ پۆتێ، ــ پۆتێك لە خەو شکاندن)؛ ــ قاڵ؛ ــ قاپ ( ــ قاپ نانەوە)؛ ــ قەبران ( چوونە ــ قەبران لەگەڵ)؛ ــ قەڵەمانە ( بۆ نوشتەنووس یا بۆ بەکرێگرتنی شوێنێك)؛ ــ قۆتین؛ ــ قووڵە : بڕوانە" ترێ"؛ ــ ڕاست؛ ــ ڕاستی؛ ــ ڕەق؛ ــ ڕەش ( ژنی کە خزمەتکارە)؛ ــ ساڵ؛ ــ سام؛ ــ سامی؛ ــ سەرەکی ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار)؛ ــ سەری ( ناو و ئاوەڵناو)؛ ــ سەوز ( جۆرێك مراوی)؛ ــ سەخت : بڕوانە " ــ ڕەق"؛ ــ سم ( ــ سمدان)؛ ــ سپی؛ ــ سرشت؛ ــ ستێرە (ی تفەنگ ... ئیدی)؛ ــ ستوون؛ ــ سووك؛ ــ سووڕ؛ ــ سووتاو؛ ــ شار (ی گەمە)؛ ــ شێت؛ ــ شیر؛ ــ شۆڕ (ــ شۆڕکردن)؛ ــ تەنوور؛ ــ تەزێن؛ ــ تیپ؛ ــ توێژ؛ ــ توێخ : بڕوانە "توێژ" و " توێخ" لە " توێ"دا؛ ــ توند؛ ــ و بن؛ ــ و بۆر(ی نووسینی عارەبی)؛ ــ و چاو؛ ــ و گوێلاك ( و لە ــ و گوێلاك دان)؛ ــ و کار ( بە گشتی چوونە ــ وکار(ی))؛ ــ و ماڵ؛ ــ و مڕ ( تای ــ و مڕ؛ ــ و مڕ لێی‌کەوت)؛ ــ و پێ؛ ــ و پێچ؛ ــ و پۆتەڵاك (ی ژن)؛ ــ و سامان؛ ــ و سەکوت ( ــ و سەکوتی خواتەوە)؛ ــ و سەخت (دۆستایەتی)؛ ــ و سیما؛ ــ و شوێن؛ ــ و زیاد؛ ــ وو( زۆرتر بە ناوی دێهاتەوە)؛ ــ وەر؛ ــ وەسیەت؛ ــ خان؛ ــ خەت؛ ــ خەو( بەگشتی: ــ خەوکردن، ــ خەو شکاندن)؛ ــ خۆشی (و چوون بە ــ خۆشییەوە (ی))؛ ــ خۆشی لێ‌کردن ( بشڕوانە:" خۆش")؛ ــ زاری ( بە گشتی : بە ــ زاری)؛ ــ زەمین؛ ــ زەنشت؛ ــ زین .

فەرهەنگی زمان ( قامووس) هەمیشە کەمایەسیی هەیە و، مەگەر زۆر بچووك و تایبەتی مەیدانێکی تەسك بێت ئەینا حەتمەن هەڵەشی تێدا دەبێت . تەوفیق وەهبی، زانایەکی گەورە و سیاسەتمەدارێکی سەر بە ئینگلیسەکان و ڕژیمی پادشایی عیراق بوو . زۆر شارەزای زمان بوو، بەڵام دنیایەکی خۆیشی لەوەدا هەبوو کە لێ‌ئاگاداربوونی ڕەنگە بۆ کەڵکدیتن لە کارەکانی پێویست بێت . تەوفیق وەهبی، هەوڵی ئیجتیهادی زمانی دەدا، واتا خۆی بە

بـەراورد دەکەوتە سەر دروستکردنی وشە و زاراوە و، داڕشتنی شێوەی ئەلف - بێی پێویست . ئـەو هەوڵانەی وادەبوو سـەریان دەگرت و واشدەبوو سەریان نـەدەگرت و، تـەنانەت گاڵتەیان پێ دەکرا . برایم ئەحمەد - بەنموونە- زۆر گاڵتەی بە زۆر لەو هەوڵانەی کردووە، وێدەچێت تەوفیق وەهبیی هەر پێ شێتێك بووبێت . دەڵێم زانینی ئەوە بۆ کەسێك‌کە بیەوێت کەڵك لە کاری تەوفیق وەهبی وەربگرێت پێویستە، چونکە دەکرێت وشەیەك لە قامووسەکە- دا ببینێت کە تەوفیق بەگ خۆی دروستی‌کردبێت و، جگە لە ئەدمۆندز، تاقە یەك مرۆڤی تر قەبووڵی نـەکردبێت، واتا نەبووەتە بەشێك لە زمانی کوردی و هەر زمانی تایبەتی تەوفیق بەگ خۆی ماوەتەوە و بەس،کە - وەك بڵێین - " تۆلکین" ئاسا ویستبێتی هەر خۆی زمان و پیت و دنیایەکی خەیاڵی خۆی پێشکەش بکات .

من ئەو فەرهەنگەیم لە رووی " رێکخستن" ـەوە زۆر پێ گرنگە و، ئـەگەر بە من بوایە، نـەزمی رێکخستنەکەی دەکرا بە بناغە بۆ فەرهەنگێکی ستانداری زمانی کوردی ( کە هێشتا نیە) .

زنجیرەی " ئەلف - بێ"ی فەرهەنگەکە بەمجۆرەیە :

A, B, C, CH, D/Ḍ, E, Ê, F, G, GH, H/Ḥ, I, Î, J, K, L, Ḻ, M, N,

O, Ö, P,Q , R, Ṟ, S, SH, T/Ṭ, U, Û , Ü, V, W, X, Y, Z

( و ئیشارەتی ´ بۆ ع )

بۆ دەنگی ئەو پیتانە، ئەوانەی لە لاتینەکەی بەدرخانییەکاندا هەن، لێرەشدا هەمان شتن، جگە لە :

چ ( CH )؛ ش (SH )، نوختەیەك لە ژێر دال و تێدا بۆ ئەوە کە لە سلێمانی ناگوترێن( بۆ دالی نووسینی ئەفەندی - بەنموونە- تاکو بە ئەفەنی بخوێندرێتەوە، بۆ تێ ی - بەنموونە- وشەی"باوکت" تاکو بە باوك( زمانداگرتن لەسەر کاف) بخوێندرێتەوە)؛ غ ( GH)؛ Ö بۆ دەنگی " وێـ"ی وشەی " شوێن" بەنموونە ( shön )؛ Ü بۆ دەنگی U ی فەرەنسی ( ئوف! !üf)، ئەو ئیشارەتەش بۆ ع .

وشـەکانی یـەکـەم دوو پیتی فەرهەنگەکە " ا، ئا A" و " ب B"، من لێرەدا وەکو خۆیان بەڵام بەم ئەلف - بێیە دەنووسمەوە . من لێرەدا هەر بۆ ئاگاداریی ئەوە کە چ وشە لەو دوو پیتەی ئەو فەرهەنگەدا هەن، هێندێك جاریش ئەگەر روونکردنەوەیەکیش بۆ مەبەستەکە پێویست بێت، دەخەمە بەرچاو .

## ا، ئا، عا A

ئا(١) : بەڵێ؛ ـــ ؟ ( بەڕاستی ؟ وایە ؟)؛ ( بەراورد: " ها"ی دووەم ) .

ئا(٢) : ( بۆ داوا : توخوا بکە ...)؛ ( بەراورد " دا"ی دووەم ) .

ا (٣) : دا( لە بەغوونە : لە ماڵا = لە ماڵدا) .

ا (٤) : ( لە ڕێزماندا: دوا پیتی دۆخیکاتی ئێستا و داهاتووی تاکی سێیەمی ئەو کردارانەی ڕەگەکەیان : بردن، دان، گەیین ( گەیشتن)، خستن، خواردن؛ دەبن بە : ئەبا، ئەدا، ئەگا، ئەخا، ئەخوا) .

ا (٥) : ( بۆ کۆ لە باکوور : کوردا= کوردان) .

ا (٦) : ( بۆ ئیزافەی مێ لە باکوور: خوشکا من ) . (( بە هەمان شێوە: ئا: ئەڤ ئا منە = ئەمە هی منە - شێرکۆ)) .

عا(٧) : لە ئاژۆتنی بەرخ و کارژیلدا دەگوترێت .

ئاب ( ناو، فارسی) : ڕەونەق، بریقە؛ ـــ ان ( مانگی ئۆکتۆبر- نوامبر)؛ ـــ و تاب (ناو) زیرەکی، (بە) ڕەونەق .

ئاب : مانگی ئووت ( هەشتەم مانگی ساڵی زاینی، بڕوانە پاشکۆ) .

ئاباڵ ( بەگشتی : ـــ بوون (ی) ) .

ئابنە : ( ئەو بەشەی ئاگردانی قلیان کە لە جێی ئاوەکە ڕادەکرێت) .

ئابڕوو، ـــ بردن، (ی) کەواتە: ـــ براو؛ ـــ چوون، کەواتە : ـــ چوو، ـــ دار .

ئابووری؛ زانستی ـــ ؛ ـــ کردن .

ئابخانە ( ئاودەست) .

عاجز ( عارەبی) ( زیز ... ئیدی)؛ ـــ ی . بشڕوانە : زویر .

ئاجوور (خشتی سوور) .

ئاداب .

ئادار (سێیەم مانگی ساڵی زاینی) .

ئادەم ( مرۆڤ)؛ ـــ ی؛ ـــ یزا؛ ـــ یزاد؛ ـــ زا؛ ـــ زاد .

ئادەی .

ئافەریدە؛ ـــ کردن .

ئافەرین؛ ـــ کردن .

ئافرەت ( لە عارەبییەوە) : ژن .

ئاگا؛ ــ لێ بوون؛ ــ دان (پێ)؛ ــ دەر ؛ ــ دار، خوا ــ دارتان بێ؛ ــ کردن؛ ــ کردنەوە؛ ــ داری .

ئاگر؛ ــ ی بن کا؛ ــ ی قوورەت (سووپەرمان)؛ ــ لێ بارین ( زۆرتر : ــیان لێ بارێ)؛ ــ باراندن ( بەسەرا، گوللە ... ئیدی)؛ ــ تێ بەر بوون؛ ــ بەربوونەوە؛ ــ تێ چوون، ــ چوونە گیان (وورووژان)؛ ــ دان ( ی تفەنگ ... ئیدی)، کەواتە : ــ دران)؛ ــ تێ بەردان ( زۆر خەمبارکردن)؛ ــ بەردانەوە؛ ــ گرتن؛ بە ــ ا گرتن؛ ــ دا(هەڵ) گیرساندن؛ ــ تێ کەوتن؛ ــ کەوتنە گیان؛ ــ کەوتنەوە؛ ــ کپ کردن؛ ــ خۆش کردن؛ ــ کردنەوە؛ ــ گەش کردنەوە ( لەوە : ــ گەشکەرە : قاپی زنجیرداری پشکۆ گەشاندنەوە بۆ قلیان)؛ ــ کوژانەوە ( و کوژاندنەوە)؛ ــ پێوە نان. ــ نانەوە ( کەواتە ــ نێنەوە) .

ئاگر بە وشەی ترەوە :

ــ باران ( کەواتە : ــ باران کردن)؛ ــ بازی؛ ــ بڕ ( کەواتە : ــ بڕ کردن)؛ ــ دان (جێی ئاگر)؛ ــ ە ( سفلیس)؛ ــ ە ( یاریی هەنگڵە شەلە)؛ ــ ەوان ( ی پەرستگا)؛ ــ ە خۆشە؛ ــ گا (ی پەرستگا)؛ ــ ین؛ ــ کەدە؛ ــ ۆچکە؛ ــ پارە ( زۆر زیرەك)؛ ــ پەرست؛ ــ پژێن ( ی گڕکان)؛ ــ و دوو ( ــ و دوو بڕان = نەمانی کەس لە نەژادیك،ماڵێك ... ئیدی)؛ ــ خانە (ی حەمام، سەماوەر) .

ئاغا؛ ــ ژن؛ ــ یانە؛ ــ یەتی؛ ــ یی .

ئاغەڵ (ی بزن و مەڕ...) .

ئاغەر ( کەڵەکە بەردێك بۆ نیشانەی سنوورێك یا شوێنێك) .

ئاغزە ( قونچکە رەقەکەی جگەرە)، بشڕوانە : زمانە .

ئاه، ــ هەڵکێشان، ــ تیا نەمان؛ ــ و ناڵە؛ ــ و نووزەڵە (ــ و نووزوڵەی من بیگرێ) ــ و واهـ (شین و ڕۆڕۆ) .

ئاها ( تماشا! بڕوانە! ئەوەتا- ها!) .

ئاهەنگ؛ ــ گێڕان ( و گرتن، کردن) .

ئاهەستە ( ئاوەڵکردار) .

ئاژاڵ .

ئاژاوە، ــ گێڕان، ــ نانەوە .

ئاژنین .

13

ئاژێنە ( چەکوچ بۆ بەرد ) .

ئاژۆ ( بەگشتی : ــ دان = لەوەڕاندنی بە شەو ) .

ئاژووتن ( و ــ ــە سەر، بۆ بەراورد بشڕوانە : ئاخاوتن .

ئاکام (کۆتایی) .

عال ( عارەبییە) .

ئالیك .

عال و سال ( بۆ کەسێکی ئارام دەگوترێت) .

ئالوودە(ی) ( فارسییە) .

ئاڵ ١ ؛ ــ بوونەوە؛ ــ و بۆڵ ( بۆ ترێی گەیشتوو بەڵام نەك بەتەواوی )؛ ــ و واڵا .

ئاڵ ٢ ؛ ــ بردییەوە( دایك لە کاتی زایندا) .

ئاڵ ٣ ( بەگشتی : ــ ی بوخارا) .

ئاڵا .

ئاڵـ/ ان ( ئاڵێ) (کردار) ( کەواتە : ــ او ؛ ــ اندن (ــ ێن)، بشڕوانە : تێ، تێك .

ئاڵدوز؛ ــ کردن؛ ــ کاری .

ئاڵەچۆك ( خێوەتی لە لباد) .

ئاڵەت ١ ( بیباری رەش)؛ ــ ــە کێویلە ( گیایەکی تام تیژە) .

ئاڵەت ٢ ( پارچە تەختە یا شتی تر بۆ رازاندنەوەی پەنجەرە یا میچ)؛ ــ کاری .

ئاڵف ( ئالیك) .

ئاڵۆسکان ( ئاڵۆسکێ) (کردار) .

ئاڵۆش .

ئاڵۆز ( ئاوەڵناو) .

ئاڵۆزان ( ئاڵۆزێ)، ئاڵۆزکان ( ئاڵۆزکێ) بڕوانە : ئاڵۆسکان .

ئاڵتوون ( تورکییە) .

ئاڵوباڵوو .

ئاڵوگۆڕ .

ئاڵوو ١؛ ئاوسانی ــ ؛ ــ کەوتن؛ ( ــ هەڵدانەوە؛ ــ گرتنەوە) .

- اڵوو (ی وەك لە وشەی " خەواڵوو"دا) .

ئامادە؛ ــ کردن .

ئامان ١(قاپوقاچاغ) .

ئامان ٢ ( عارەبییە) ( و لە هاواری داوای فریاکەوتن و بەزەیی ...)؛ ــ بوون؛ ــ خواستن ( کەواتە : ــ خوازی)؛ ــەت، ــەتی ( ناو)( بە ــەت؛ بە ــەت دان؛ بە ــەت وەرگرتن؛ ــەتیتان لێ فەرز بێ؛ ــەتی خوا بی؛ ــلەرزانە ( جۆرە گۆرانییەك)؛ بشڕوانە : ئەمان .

ئامانج؛ ( لە ڕێزماندا) ــ ی ڕاستەوخۆ ( بەرکاری ڕاستەوخۆ)؛ ــ ی ناڕاستەوخۆ .

ئاماسان ( ئاماسێ) ( بە کردار) بڕوانە : ئاوسان .

ئاماوزێ .

ئامباز ( زۆرتر: ــ بوون) (ی) ( دە باوەش گرتن) .

ئامێژەن ( شتێك بۆ تێکەڵکردنی بە مەعدەنی تر)؛ ــ کردن .

ئامێتە (تێکەڵ) هەروەها: ئاوێتە .

ئامین ( عارەبییە) .

ئامۆژ/گا (خوێندگە)؛ ــ گار( وەوەی ئامۆژگاری دەکات)؛ ــ گاری .

ئامۆ/ ژن؛ ــ زا؛ ــ زازا .

ئامراز بڕوانە : هاوڕاز لە " هاو"دا .

ئامسەر بڕوانە : هاوسەر لە " هاو"دا .

ئامشۆ ( لە فارسی : ئامد و شد)، بەگشتی : ــ بوون لەگەڵ؛ ــ کردن (ی) . هەروەها: هامشۆ .

ئاموون ( هەر بەمجۆرە بە ئاوی ــ بچێ) .

- ان ١ ( بۆ شوێن یا کات، وەك : جوولەکان، کەپران، سەمەنیپەزان) .

- ان ٢ ( بۆ کۆ، بەنموونە : ژنان = ژنگەل، پتر لە ژنێك) .

ئان ٣ بڕوانە : یا ٢ ( بە شێوازی باکوور: یان، یاکو) .

ئان ٤ ( ناو) رەوشتجوانی ...؛ ــ و ئین ( عیشوە، عیشوە و ناز) .

عان ( لەحزەیەکی کات) .

- انە ( لە نموونەی : جەژنانە، مەردانە، ئازایانە) .

ئانیشك؛ ــ ەیی : بە شکڵێکی یا گۆشەیەکی وەکو ئانیشك .

ئاپ، ئاپۆ ( مام، برای باوك) .

ئاقار؛ لە ــ ی .

عاقڵ ( عارەبییە) بڕوانە : ژیر .

عار (عارەبییە)؛ ــ نان؛ ــ پێ نان .

- ارا ( فارسییە) (پێ ڕازاوە، ئارایشتدەر) .

ئارام؛ ــ بوون؛ ــ گرتن ( کەواتە لەوە: ــ نەگر)؛ ــ لێ بڕین؛ ــ لێ هەڵگرتن؛ ــ گا .

ئاراو (سابووناو) .

ئارایشت؛ ــ دان؛ ــ کردن؛ خۆ ــ دان .

ئارج ( حەیزەران) .

ئارد؛ ــ اوێژ ( کە لە ئاشدا دەکەوێتە ئەملا و ئەولا، قسەی هیچوپووچ)؛ ــ اوی؛ ــ ەبارە ( هەقی‌کاری ئاشەوان بە شت)؛ ــ ەبێژ ( زۆر ورد)؛ ــ ەلووکە ( بەفری ورد)؛ ــ ە مشار ( تۆزی تەختە لە بڕینی بە مشار)؛ ــ ەوا ( ناوی چێشتێکە)؛ ــ ەوڕۆن ( ناوی چێشتێکی شیرینە) .

عارەب ( عەرەب) .

ئارەق ١ (ی خواردنەوە)؛ ــ گرتن؛ ــ دەرهێنان؛ ــ خۆر .

ئارەق ٢ ( ئارەقەی لەش)؛ ــ دەردان؛ ــ دەرکردن؛ ــکردنەوە؛ ــ ڕشتن(ی رەش و شین ڕشتن)؛ ــ چین ( کڵاوی)؛ ــ گیر ( پەڕۆی ژێر زین) .

ئارەزوو؛ ــ بوون؛ ــ کردن؛ ــ مەند .

ئارێ ( بەڵێ - بۆ شتی باوەڕ پێ نەکردنی، هەروەها ــ شەڵڵا! = نە بابە؟!) .

عارفات ( بە گشتی : ڕۆژیعارەفات) ڕۆژی بەر لە جێژنی قوربان .

ئاری ( بە شێوازی باکوور) : یارمەتی، یاریدە؛ ــ کار؛ ــ کاری .

ئاریله ( ئاوەڵناو) : پیاوی ژنانه .

ئارژنگ : جۆرێك گێلاس ( ئاڵووباڵوو - موکریان) .

ئارمانج  بڕوانه ئامانج .

ئاروو : هارویٚ، خەیار .

ئاڕاسته ( فارسییه، بەگشتی: ـ کردن) (ی، بۆ) .

ئاسا: عادەت، تەرز، ڕێوشوێن؛ کورد ـ (وەکو کورد)، تۆ ـ یی؛ لـ ـ یی(لاسایی)کردنەوە؛ موتڵەق (له ڕێزماندا: دۆخی پۆزیتیڤ) .

عاسا(عارەبییه)  بڕوانه : عاستا .

ئاسان؛ ـ ی .

ئاسایشت؛ ـ پەروەر؛ ـ خواز .

ئاسپازی ( یارییەکی کاغەزی قومار) .

ئاسن؛ ـ ی سارد کوتان؛ ـ جاو ( قاپوقاچاغی له مەعدەن)؛ ـ گەر؛ ـ ین؛ ـ٤ ڕفێن ( ماگناتیك) .

ئاسیو : مسیبەت .

ئاسك؛ ـ ۆڵه ( ناوێکی کیژان به نازداری) .

ئاسمان؛ ـ و ڕێسمان ( زۆر لێك دوور، ناگونجێن)؛ چوون به ـ ا ؛ ـ ـه : قوببه، بان ( ـ ی دەم = مەڵاشوو)؛ ـ ی ( له ئاسمانەوە، پیرۆز) .

ئاسۆ؛ ـ گه ( هێڵی ترۆپکەکانی زنجیره چیا). ـ یی ( شکڵ له ئەندازەدا) .

ئاست؛ له ـ ی .

عاستا (داردەست) .

ئاستانه .

ئاستەم؛ به ـ .

ئاستین ( فارسییه ئەو بەشەی سەر مەچەکی قۆڵی جلوبەرگ) .

ئاسووده (فارسییه)؛ ـ یی .

ئاسیا ( ئاشی ئاو) .

ئاش١؛ ــ ی ئاو؛ ــ ی با؛ ــ ی قاوە؛ ــ نانەوە؛ ــ انە : باجی سەر ئاشەوان بە نیسبەتی یەك لە دە ( بڕوانە : ئاغا-یەتی)؛ ــ بەتاڵ ( ئاشەوان ئاش بەتاڵ دەکات و لە کار دەوەستێت بۆ هاندانی خەڵك تا بچن کاری بۆ بەرن)، ــ بەتاڵکردن؛ ــ بگیر ( بەسەردادانی ئاش لە راو و رووتدا)؛ ــ بە تەنوورە ( ناوی گەمەیەکی منداڵانە بە دەنگە دەنگ بە دوو دەستە دەیکەن)؛ ــ تەنوورە ( بینایەکی بەردی لەسەر شکڵی تەندوور یا دووکەڵکێش بە وەزعی کۆڵەکەیی لە ــ دا کە ئاوی تێدەچێت)؛ ــ وان؛ ــ گێڕ (پێوانە : رادەی ئاوی بەشی گێڕانی ــ ێکی دێیەکی ئاسایی)؛ ــ وەستا ( وەستای شارەزای چاککردنەوەی ــ ) .

ئاش٢ (چێشت)؛ ــ پەز؛ ــ پەزخانە .

ئاشکرا؛ لێك ــ بوون؛ ــ کردن .

ئاشنا؛ ــ گرتن؛ ــ پەیاکردن ( پەیداکردن)؛ ــ و رۆشنا؛ ــ یەتی، ــ یی .

ئاشقە و ماشقە ( لە عارەبی : عاشق و معشوق، خۆشەویستانی کە بە زەحمەت لێك جیادەبنەوە) .

ئاشت؛ ــ بوونەوە؛ ــ کردنەوە؛ ــ ی؛ ــ یخواز .

ئاشوماش ( بەگشتی :) ــ کردن (ی منداڵان) : راگەیاندنی ئەوە کە دۆستایەتی نەما، ئەوە بە تووتە ( پەنجەی بچووك)ی دەستی راست لێکدان، کە ئاشتبوونەوەی دوای ئەوە بە لێکدانی پەنجەی ئیشارەت دەبێت .

ئاشووب ( فارسییە) بڕوانە : پشێوی .

- ات بڕوانە : ا٤١.

ئاتاج ( محتاج) .

ئاتەش ( ئاگر)؛ ــ ەك ( ئاگرە، سفلیس)؛ ــ ی ( بە رەنگی سووری ئاگر)؛ ــ ی ( ناوی گوڵێکە، جەعفەری، لە جنسی هەمیشە بەهار)؛ ــ پەرست؛ ــ خانە (ئاگرخانە) بۆی بشڕوانە : ئاگر .

- اتن بڕوانە : ا٤١ .

ئاو١ بڕوانە : هاو؛ ــ دامان ( بە درێژیی تەواوی لەش - بۆ جلونەرگ یا وێنە) .

- او٢ ( لە شتی وەك : دەس ــ دەس؛ دوور ــ دوور) .

ئاو٣؛ ــ ی بێ مەرگی ( ئاوی ژیان)؛ ــ ی چاو ( فرمێسك)؛ ــ ی چاو داهاتن ( کوێربوون)؛ ــ ی دەم ( لیك)؛ ــ ی ژین؛ ــ ی کێشراو( لە بەهەڵمکران بۆ کاری بژیشکی، بۆ خواردنەوەی منداڵی ساوا ...)؛ ــ ی مرواری ( ناوی نەخۆشییەکی چاو)؛ ــ ی رەش، بەگشتی: ــ ی رەش داهاتن ( کوێربوون)؛ ــ ی سپی ( ــ ی مرواری)؛ بە حەوت

ـ شۆرین  به ئوسوولی ئاینی، به حەوت ـ پاك نابێتەوە) .

ئاو به زاراوەیی لەگەڵ کرداردا:

بوون به ـ ( زۆر تەڕبوون)؛ ـ دان(ی رووەك،حەیوان، پۆڵا)؛ له ـ دان (ی پەڕینەوەی رووبار)؛ ـ دادان (دەلاندن)؛ ـ دەردان ( كێم )؛ ـ گرتن؛ ـ هەڵگرتن ( ـ راكێشان)؛ ـ داهاتن ( بڕوانه : ـ ی چاو؛ ـ ی ڕەش)؛ ـ ی پێ داهاتن ( ماندووبوونی له بە پێوە وەستان)؛ ـ هاتنەوە (ی جنسی؛ لەوە : ـ هێنانەوە)؛ ـ هەڵهێنجان؛ ـ كێشان؛ ـ كردن ( تەڕایی برین، له لیك، پڕبوونی دەم له ـ بە تامی ترشی یا ئارەزووی شتی خۆش)؛ ـ تێزان ( كەمێك تەڕایی تێدا بوون، تەڕایی بوون له میوەدا ، تەڕایی ئەزێتە دەمت) .

ئاو به شتی ترەوە :

ـ بارە ( بەنداو)؛ ـ باز ( ئەوەی مەلە دەكات)؛ ـ بازی ( مەلەكردن)؛ ـ بەند ( ناوی نەخۆشییەكە كە دەبێتە هۆی تینوویی زۆر و ـ له بەندی كون وكەلەبەری ناو زگدا كۆدەبێتەوە، بە عارەبی: إستسقاء)؛ ـ بەر(ـ كێش). ـ بڕ، بەگشتی : ـ بڕبوون : مردن (ی مەڕ) به خواردنەوەی ئاوی زۆری سارد ؛ ـ دار ( تەڕ و بڕ، درەخشان)؛ (پۆلای) ـ دراو؛ ـ دەر، ـ دێر؛ ـ دڕ ( شوێنێ كه بارانی گران هەڵیدەكەنێت)؛ ـ دڕكە ( جۆگەی هەڵكەندراو به باران یا به شێوەیەكی تر)؛ ـ دز، بەگشتی: ـ دز كردن ( كێم كردن)؛ ـ ەبارە بڕوانە : ـ بارە؛ ـ ەچۆڕ؛ ـ ەكی ( له ـ پێكهاتوو؛ كەسێك كە خۆی دەخاتە باسێك یا شوێنێك كە بۆ ئەو نیە، حەیوانێك كە ڕێ هەڵە دەكات و رەگەڵ گەلەیەكی تر دەكەوێت، كەسێك كە سنووری ئەخلاقی پێشێل دەكات ...)؛ ـ ەڵچنە (كاغەزی مەرەكەب هەڵچن، وشككەرەوەی)؛ ـ ەنیا: زەویی كشتوكاڵی ئاودراو؛ ـ ەڕێژ : بەژێكی كەمی ( زۆرتر : بەرزاییەك) كە دەكەوێتە نیوان دوو ئاو؛ ـ ە ڕێس ( قوماشی) وردچنراو؛ ـ ەڕۆ (پلووسك، ڕێگەی یا حەوزی ـ ی بەكارهاتوو)؛ ـ ەروون-ـكەرە ( جۆرە جاڵجاڵووكەیەك كە بە سەر ـ دا دەڕوات)؛ ـ ەڕووت،( بەگشتی :) ـ ڕووتكردن؛ ـ ەسوو( به ـ نەرمبوو؛ ( چەرمی دەباغی) خۆش نەكراو)؛ ـ ەشكێنە : سەددەیەكی بچووك له جۆگەیەكی ـ دا ؛ ـ ەخۆرە ( ڕێی نێوان قوڕگ و گەدە، كۆبوونەوەی ـ له داری كلۆردا)؛ ـ ەزێ : شوێنی هەمیشە شێدار)؛ ـ گردان ( چەمچەی گەورە)؛ ـ یگە ( دوڕگە، جزیرە)؛ ـ كێش ( كەسێكی ئاوبەر؛ شتێكی كه مرۆڤ تینوو دەكات)؛ ـ ماڵك : دارو باری له رەگوڕیشەوە و كەرەستە و شتی تری كه لافاو لەگەڵ خۆی رادەماڵێت؛ ـ پالێو؛ ـ پەڕ ( دەفری داری تەسكی لای قاعیدەی ئاش كە ـ به تەوژم ئاڕاستەی پەڕەكان دەكات و بەوە چەرخی ئاش دەسووڕێت)؛ ـ پژێن؛

ـــ رنگ : هێلکـەدان، میزڵـدان ... ( ؟! - شێرکۆ)؛ ـــ ڕشێنکردن؛ ـــ شار ( تاڤگە)؛ ـــ و گڵ ( لەشی مرۆڤ)؛ ـــ و گۆشت (چێشتی)؛ ـــ و هەوا؛ ـــ نگ (شەونم)؛ ـــ خانە (ـــ دەست)؛ ـــ خۆر(پیاڵەی ـــ خۆر: دەفری ـــ خواردنەوە) .

ئاوا ( بە ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان) بڕوانە : وا ١ .

ئاوا ٢ بەگشتی : ـــ بوون .

ئاوا ٣ ( لە ئاوەدانی، وەك : سەوڵەتاوا)؛ ـــ کردنەوە ( ئاوەدان کردنەوە)؛ ـــ یی (دێ)؛ بڕوانە : ئاوەدان .

ئاوان بڕوانە : هاوان ( ئاونگی شت تێدا کوتان، تۆپی هاوەن) .

ئاوانتە بڕوانە : هەوانتە .

ئاوارە .

ئاواسین ( ئاواس) بڕوانە : هەڵواسین .

ئاوات؛ بە ـــ خواستن؛ ـــ ەخواز .

ئاواز؛ ـــ ە ( ناوبانگ، قسەی بێ بەڵگەی بڵاوبۆوە) .

- اوە بڕوانە : ئاوا ٣ ( ناوی ئاوایی) .

ئاوەها بڕوانە : وا .

ئاوەدان؛ ـــ کردنەوە؛ ـــ ی بڕوانە : ئاوا ٣.

ئاوەها بڕوانە : وا .

ئاوەژوو؛ بە ـــ ؛ ـــ کردن .

ئاوەڵ (هەڤاڵ، کیسی پڕ لە ڕەحمدا)؛ ـــ ان ( هەڤاڵان)؛ ـــ انە ( دیاریی خاوەنی مەڕ بۆ شوان کە شوان یەکەم بەرخی زاوی وەرزی بۆ دەهێنێتەوە)؛ ـــ چەك؛ ـــ فیعل (ئاوەڵفرمان، ئاوەڵکردار)؛ ـــ ی ( هەڤاڵەتی)؛ ـــ کراس( شاڵواری مێ)؛ ـــ ناو ( سیفەت لە ڕێزماندا)؛ ـــ زاوا؛ هەروەها : هاواڵ، هەواڵ .

ئاوێنە .

ئاوێتە بڕوانە : ئامێتە .

ئاوێزە ( چرای هەڵواسراو، شەمدانی چەند شەمی هەڵواسراو) .

ئاوها بڕوانە : وا .

- اوی ( لە شتی وەك ئارد ــ، خۆڵــ) .

ئاوڵـ / اوی؛ ــــە؛ــــە دەردان؛ ــــە کوتان ( کەواتە : ــە کوت : ئەوەی کوتان دەکات، بەڵام ــــە کوت کردن بە ئەنجامدانی کوتان)؛ ــــەدار .

ئاوڵەمە ( شێوازی سنە) ( تۆل، پزی هێشتا لە رەحمی دایکیدا) .

ئاومل بڕوانە : هاومل ( لە ژێر هەمان نیردد ، هاوسەر) .

ئاوقەد بڕوانە : ئامباز ( باوەش بە قەدی یەکتردا کردن) .

ئاوریشم .

ئاوسـ / ان ( ئاوسێ) ) کەواتە : ــ او) .

ئاوسێ ( لە " دەر"دا بڕوانە " دەراوسێ") .

ئاوڕ؛ ــ دانەوە؛ ــ لێ دانەوە .

ئاوس .

ئاوزەنگی؛ ــ پیاهێنان، ــ تێتەقاندن؛ ــ کوت، ــ تەقێن .

ئاوزونگە، ئاوزوونە ( ئەڵقەی مەعدەنی قایشی پشتێن ) .

ئاخ ١ ( شێوازی باکوور) خاك، گڵ .

ئاخ ٢؛ ــ هەڵکێشان؛ ــ و داخ؛ ــ و واخ (ــ و داخەم!) .

ئاخافتن ( ئاخێڤ) ( بە شێوازی باکوور) قسەکردن .

ئاخاوتن ( ئاخێو) مەشقپێکردنی ئەسپ .

ئاخچیبوخچی : ناوی گەمەیەکی منداڵانی بچکۆلەیە .

ئاخەر (بەڵام هێشتا ، مەگەر، ئەوسا ، ئیتر وەها) .

ئاخێز؛ ــ کردن ( هەستان(ی ئاپۆرەی خەڵك یا ڕانەمەڕ ...) لە شوێنێك و چوونە شوێنێکی تر .

ئاخنین ( ئاخن)، ( ــــە، ( تێ ــ) ؛

ئاخر (عارەبییە)؛ ــ ەمین؛ ــ ی؛ ــ ی و ئۆخری؛ ــ شەڕ ( کەسی خراپ کە ئاخرییەکەی لە قیامەت باش نابێت)؛
ــ خێر ( کەسێکی شایانی پەسند کردن)؛ــ زەمان .

ئاخۆ بڕوانە : داخۆ .

ئاخۆران و بخۆران (شێوانی نەزمی گشتی، ئاشووب) .

ئاخون (ئاخوند) .

ئاخوڕ .

ئاخوا بڕوانە : داخوا .

ئای؛ ـ ـای، ـ ئای : جۆرە شینگێرانێکە بۆ زوڵمی کە لە کوردستان کراوە و، وادەبێت بە دەم ڕێگاوە بە ئاواز دەگوترێت .

ئایا (هەروەها : ئایاکو)؛ (بۆ پرسیار دەڵێن : ـ ئەمە یاکو/ یا ٢ / یان ئەمە) .

ئایار (هەروەها: ئەیار: مانگی پێنجەمی زاینی) .

ئایەکو : بڕوانە ئایا .

- ایتی (لە وشەی وەك : دۆست ـ ، خزمـ ـ) .

ئاینده (فارسییە) داهاتوو .

- ایی (لە وشەی وەك : ڕەشـ ـ ، تاریکـ ـ) .

ئایین و ئۆین (وەڵامی فێڵاوی بۆ خۆ بواردن لە وەڵامی ڕاست، قسە یا کاری بە پێچ و پەنا ...) .

ئای یەی یەی (بۆ سەیر مان لە شتێك) .

ئازا ١ : بوێر، چالاك، کارا، کارئاشنا، گورج، (بۆ ژن :) داوێنپاك، (بۆ منداڵ :) باش؛ ـ یانە؛ ـ یی؛ ـ یی کردن؛ ـ یی لەدەستهاتن .

ئازا٢؛ بڕوانە : ئازاد .

ئازاد (هەروەهاـ ە)؛ ـ کردن؛ گەردن ـ کردن بڕوانە : گەردن .

ئازادی (هەروەها بڕوانە : ئازا) .

ئازاڵە : ڕیخ (ی گا و مانگا و گامێش) و پشکەڵ (ی بزن و مەڕ) بۆ ئاوردوو (بۆ سووتان لەجیاتی دار یا نەوت یا گاز... ئیدی) .

ئازار؛ ـ دان (ی) .

عازەب : پیاوێکی بەخۆوەی کە ژنی نەهێناوە؛ ـ ـە : زیپکەی رووی تازەلاو .

ئازەر (فارسییە) : نۆیەم مانگی ساڵی فارسی (مانگی سەرماوەز، ئاگردان، دەکەوێتە نوامبر - دیسامبر) .

22

ئازیز .

ئازمایشت ( تاقیکردنەوە) .

ئاز و بەزە ( گوناهـ) .

ئازووخە ( بژیویی هەڵگیراو) .

## ب B

بـ : رەگی "بوون" لە کرداری کاتی ئێستا و داهاتوو : ئەبم،ببم، ئەبێت، ببێت؛ بڕوانە : بوون .

بـ ١ بڕوانە : بە ٣ ( بمە = بە ئەمە) .

بـ ٢ : بڕوانە :" بـ bi"ی کە لە سەرەتای وشەدا زمانی لە سەر دادەگیرێت ( لە کرداردا : بچۆ، بچم، بچووبایە؛ یا کارا : بگر و بکوژ ...) .

با ١ : بەڵێ لە وەڵامی پرسیاری نەرێنیدا : ئەمە وا نیە ؟ با، وایە .

با ٢ : لەگەڵ کرداری مەرجی بە مانای let ی ئینگلیسی

(( روونکردنەوەی ئەوە لە منەوە :

با : بهێڵە، لێبگەڕێ ( بە ویست یا ناچاری) قەبووڵ بێت ( نم - با بێت، با وابێت)؛ بۆ پێشنارکردن : نم - ئەرێ با سبەی سەرێك لە کاك سەردار بدەین ... دەڵێن چی ؟ ؛ بۆ هاندان : نم - با لەو گموجانە بگەیەنین ئێمە کێین!؛ بە شێوەی پێشنیار بەڵام هەر بۆ دەربڕینی ئارەزووی دڵ و بیروڕا: نم - با هەر خۆیان بکەونە گیانی یەکتر و ساغی بکەنەوە و ئیتر ئەم خەڵکە بە کوشت نەدەن؛ بۆ داوای دەستپێکردن : نم- با نانەکەمان بخۆین؛ بۆ بڕیار، فەرمان : نم- فەرماندە دەڵێت با خۆیان ئامادە بکەن - کۆتایی روونکردنەوەکەم بۆ let ی ئینگلیسی)) .

با ٣ ( بە ناو) : هەوا لە بزووتنەوەدا؛ تا ــ لەم کونەوە بێت : تا وەزع وەها بمێنێتەوە؛ بە ــ چوون؛ بە ــ دان ( لێك جیاکردنەوەی بە دانە بەر ــ)، خەم بە ــ دان (دوورخستنەوەی)، بە فیڕۆ دان ( کات، سامان ...)؛ ــ تێدان : بە ئێش بوون ( بەتایبەتی : ئێشی رۆماتیزم)؛ ــ گرتن : پێشی ــ لێ نەگیراو ( کەواتە : ــ گر، ــ گرتوو : شوێنێك ــ دەیگرێتەوە)؛ ــ کردن : پێکهاتنی گاز لە زگدا (( لە منەوە : بەڵام نم- ئەمەش لە " هێدی"ی شاعیرەوە :

من ردێنی خۆم دەتاشم دێم بە ناو دێدا دەڕۆم          مێردی ئامانێ لە دەرکێ رادەوەستێ و با دەکا)) ؛

بە ــ کردن ( کردنی بە ــ دان)؛ ــ دەرکردن ( ــ ی زگ)؛ ــ هەڵکردن ( دەست پێکردنی ــ یا توندتربوونی) .

با٣ ( بە وشەی ترەوە) : ــ بردوو ( شتێك ــ بردوویە، کەسێکی لەڕولاواز)؛ ــ دار ( ئاوەڵناو) : دەبێتە هۆی ــ کردنی زگ؛ ــ داری ( رۆماتیزم )، دەردی سقایە/ نقرس؛ ــ گێژە؛ ــ گر ( سیکلۆن)؛ ــ گونە ( گون هەڵمسان)؛ ــ هەنجیر ( نۆبەرەی هەنجیری هێشتا تەواو نەگەیشتوو)؛ ــ کێش : رێگای بۆ دەرچوونی دووکەڵ یا هاتنی هەوا لە ماڵ یا لە کانگا؛ کووپ گرتنە پشت بە چارەی بژیشکی؛ ــ پەڕ، بەگشتی: ــ پەڕبوون : سەرماولەرزی دوای

ئارەقەکردن کاتی تووشی سەرمابوون، لەوە : ــ پەڕی؛ ــ پێچ : شوێنێك کە زۆر وادەبێت ــ گێژە دەیگرێتەوە، کۆمای بەفری کە ــ هێناویە و لە شوێنێك کۆی کردووەتەوە، ئێشی قوڵنج، ئێشی ریخۆڵە؛ ــ پووشکە : تۆز و خۆڵ و پیسی؛ ــ ڕەش ( بڕوانە : رەشە ــ)؛ ــ ڕەشە ( پەتای گشتی : کۆلێرا ... )؛ ــ و باران ( کردی بە ــ و باران)؛ ئەسپی ــ و باران ( ئەسپی باڵداری ئەفسانە)؛ ــ و بژە (ی زگ)؛ ــ وەشێن ( ــ وەشێنکردن)؛ ــ خۆر ( کەلەبەر یا درز و قەلەشت لە دیواردا کە ــ ی پێدا بێت)؛ ــ یەوان ( ی کەشتی : شراع، بادبان)؛ ــ بیلکە ( پەپوولە پایزە، بەڵام نووسراوە : thistle-down کە پەپوولەپایزە نیە، دەبوو بنووسێت dandelion) .

با٤ : ( بە ناو) پێچ ( ئالان، بزووتن بە دەوری خۆدا یا بە سەر تەوەرەیەکدا)؛ ــ دان : پێچدان،قورمیش کردنی سەعات یا وەها سووڕاندنی دوگمەیەکی دەستگایەك ...، سووڕاندن (ی سەر، کلك)؛ ــ دانە سەر: گۆڕین (ی ئاقار،کار و پیشە بۆ ...)؛ ( کەواتە ــ دراو ( ئاوەڵناو))؛ خۆ ــ دان : بە فیزەوە خۆنواندن؛ ــ دانەوە : مل لێ نانەوە، دەستپێ کردنەوە، گەڕانەوە بۆ (سەر) دۆخی پێشوو (ی رەوشت، ئاین، ...) .

با٥ : نرخ؛ ــ ی چەند ؟! ــ یی : زێدە لە خۆ رازی ( لە خۆ ــ یی بوون) .

با٦: کورتکراوەی باب، باوە؛ ــ پیر، ــ و باپیران، ــ پیرە گەورە .

با٧ : ( لە فارسی، بە ئیزافە) ــ وەجوو ( هەرچەندە)؛ ــ خەبەر ( ئاگادار)، ( بڕوانە : بەخەبەر لە " بە"دا) .

باع : ( دەنگی بزن و مەڕ و ...)؛ ــ ــە؛ ــ ــە ــ کردن .

باعاندن ( باعێن) ( بە کردار) .

باب١ ( لە عارەبی) : دەروازە، دەرگا، بەشێکی سەرەکیی کتێب یا نووسین (( و بە مەجاز : ئەمە نابێ بە هیچ بابێ)) .

باب٢ : باوك؛ ــ ان ( بۆی بڕوانە : باو٢)؛ ــ ــە ( لە بانگ کردندا)؛ نازناوێکە، بەشێکە لە ناوی هێندێك کەس ( نموونە: بابە عەلی، بانە رەسووڵ)؛ ــ عەمرە ( پیاوی پیری گورج و گۆڵ و پڕ لە ژیان)؛ ــ ــە گەورە؛ ــ ــە خولێ ناوی گەمەیەکی منداڵانە؛ ــ یلە ( بابە گیان).؛ ــ ــۆ ( بڕوانە : ــ ــە)، بشڕوانە باو .

بابا : دەروێشی قەلەندەر، بەڵام : بە خوا بابا کابرا خزمەتی کرد= بەخوا کابرا خزمەتی کرد .

بابەت : مەوزووع، جۆر، سنف .

بابی بابی : ناوی گەمەیەکە لە ناو ماڵدا دەکرێت .

بابۆڵە: (ی خۆراك، ی بەرید - پۆست)؛ ــ کردن .

بابوونە : گوڵە فەقێ Matricaria chamomilla .

باج؛ ــ سەندن؛ ــ گر؛ ــ گە ( شوێنی ــ لێ سەندن) .

باجە: رەحەتی(ی بۆ شلە تێکردن)، دووکەڵکێش .

باجی ( تورکی) : خوشکی گەورە ( بە نازناویش بەکاردێت)؛ ــ لە ( بۆ بە خۆشەویستی گوتنی ــ) .

باچە : بە دوو رەنگ یا پتر ( ی حەیوان، بە گشتی : ئەسپ، مانگا - بەڵام مانا ئینگلیسییەکە زۆر هەراوە و بە هێندێك مەجازیش تەنانەت بۆ جلوبەرگیش بەکاردێت) .

باد : بڕوانە " دووباد" لە " دوو ٤"دا .

بادام : بڕوانە " بادەم" .

باداوا ( ئاوەڵناو) : بێ هوودە .

بادە: شەراب ( مەی)؛ ــ فرۆش؛ ــ نۆش؛ بەگشتی : ــ نۆش بوون : بە لەشساغی و شادیی ... ( فلانکەس)ـەوە نۆش ئەبم ((! مەبەست : دەڵێم نۆش)) .

بادەم؛ ـــ ە تاڵە؛ ــ ی : ( زۆرتر : چاوی ــ ی) - هەروەها بادام .

بادڕو ( شێوازی سنە) گوڵی پۆپەکەڵەشێرە ( گوڵە قەدیفە Celosia cristata ) .

بافرە : کەتیرەی سپی .

بافت ( فارسییە) : پارچەی چنراو، تەرزی چنین؛ ـــ ە : قژی هۆندراوە؛ پەرۆیەك یا شتێکی جوان لەگەڵ قژدا دەهۆندرێتەوە؛ ریشاڵێك ( شریتێکی باریکی پەڕۆ) ... ئیدیی کە لە پەراوێزی جلوبەرگی دەدروون .

باگردێن بڕوانە : بانگردێن .

باغە : سیلۆلۆید .

باهوو: قۆڵ ( نێوان ئانیشك و شان)؛ شاهێنی تەرازوو( داری کە لە دوو سەرەوە بەنەکانی دوو تای تەرازووی پێوە هەڵاوەسراون)؛ فلنج (لە میکانیکدا: شتێك بە لێوارێکی پانی دەرپەڕیو بۆ پێوەندیی پارچەی جیاواز ...)؛ ریزی تەختەی بە داوێنی هەر چوار دیواری ژووری ماڵەوە( بۆ جوانی) .

باژەڵە : نەخۆشییەکی پێستی منداڵانە .

باژێر : شار، ئاوەدانیی لە دێ گەورەتر؛ ــ ی ( بە ناو و ئاوەڵناو : خەڵکی ــ) .

باك : ترس، گوێدانە مەترسی؛ ــ نەبوون : گوێنەدانە مەترسی .

باکوور۱ : (شیمال)؛ ـ ی .

باکوور۲ : ناوی باڵندەیەکی گۆشتخۆرە (( دەبێت مەبەستی " پەڕکوور " بێت ؟))

بالاندن ( بالێن) : باعباع کردن .

بالانی : جۆرێك ئێستری بچووك .

بالە بال : بالاندن ( بالێن) .

بالیف : سەرین، جێی بۆ ئانیشك پەکورسییەوە .

بالۆرە : گۆرانییەکی کیژۆلاوان بۆ کەمە پارەیەك دەیلێن(( ! )) و بڕوانە : بەیت و ـ .

بالووکە ( ی کە پێست دەیگرێت wart ) .

باڵ۱: حووت .

باڵ۲ : لە بنی شانەوە ( هەموو شان) و تا سەری پەنجەی دەست؛ ـ ی باڵندە؛ ـ بەستن : بەستنی دوو باڵی مرۆڤ بە پەتکێك شتێك ( لەمەوە بە هەمان مانا ـ بەستکردن)؛ چوونە ژێر ـ ( بۆ یارمەتیدانی لە رۆیشتندا، یا رزگار کردنی لە خنکان...)؛ بای ـ ی خۆ دان : رۆیشتن بۆ مەبەستی پێویستی وەرزشی لەش یا حەسانەوەی رووح؛ دان لە شەقەی ـ؛ ـ گرتن : بە هەمان مانای ئەوەی پێش ئەمە، بەڵام بە مەجازیش : زۆر پەلەکردن؛ ـ شکان : بە مەجازیش : تێشکانێکی زۆر خراپ ( پێچەوانەی سەرفرازی) ( لەوە : ـ شکاو : سەرنەکەوتوو، ناشاد بەهۆی ناکامی)؛ ـ دار ( بە ناو و ئاوەڵناو)؛ ـ ەفڕە : تازە پەڕ و ـ ی دەرکردووە)؛ ـ ەفڕێ، ـ ەفڕکە ( ی ـ ندە) : لێككردنەوەی دوو ـ ی و بزواندنیان بۆ سەر و خوار؛ ـ ەکڕە : شانەی داری بە دەسکی درێژ بۆ رێككردنی ئاستیگڵ یا کۆکردنەوە و هەڵگرتنی پووش و گیا؛ ـ ە شۆڕێ : نەخۆشییەکی مامر pip؛ ـ ە تەپێ : ـ لێکدان (ی مامر) بۆ فڕین بە بێ ئەوە بتوانێت بفڕێت؛ ـ ە خەنجەرە : ناوی باڵندەیەکە؛ ـ ندە؛ ـ ین : سەرین؛ ـ ینە : دۆشەکۆکێك بە شکڵی تەوقێك لەسەر سەر دادەنرێت تا شتی قورسی لەسەر هەڵبگیرێت، یا ئەوەی لەسەر حەوزی تەنەکەی ئاودەستی منداڵی بچووك دادەنرێت تا سمتی ئەزیەت نەبینن (( هەنبانە بۆرینە شتێکی تر دەڵێت : ئەوەی نانەوا بۆ نان بە تەندوورەوە دان بەکاری دەهێنێت)) .

باڵا ( ناو و ئاوەڵناو) : بەرز؛ بەرزی؛ بەرزیی لەش ( بەتایبەتی مرۆڤ)؛ ـ ی چاو: بەسەرچاو ( چۆن دەفەرموویت وا، بەخێرهاتن)؛ بە ـ بڕین (ی) : دیاریی لە پاداشی کارێکدا دەدرێت؛ ـ گرتن : بەرزتربوونی ـ (( بە مەجازیش بۆ زێدە شادبوون))؛ بە ـ گرتن (ی)؛ ـ کردن : بەرزتربوونی ـ؛ ـ ئاوێنە ( بڕوانە: ـ وێنە)؛ ـ بەرز ( ئاوەڵناو) :

مرۆڤی درێژ؛ ــ بەرزە : قامکی ناوەندی؛ ــ بست : زۆر کورتە ــ، قزم ( ــ بستەی چل گەز ریشە : قزمی ریش-درێژ)؛ ــ بەرز ( ئاوەڵناو) : لە دەسەڵاتدا سەرووتر، پلە و پایە بەرز؛ ــ فڕ ( ئاوەڵناو): بەرز فڕین، چاو لە بەرەژوور ( لە ئارەزووی گەورە)، خۆ پێ گرنگ بوون؛ ــ کورت : ( مرۆڤی) کورت؛ ــ نیش senior person present کەسێکی پایەبەرز کە لەوێیە ؟؛ ــ پۆش : پاڵتۆ ( یا پاڵتۆئاسا بەسەر جلوبەرگەکەی ترەوە بکرێتە بەر)؛ ــ وێنە: ئاوێنەی کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو لەشی خۆی بەجارێك تێدا ببینێت؛ ــ و پەستی (ناو): بە خۆ نازین و شکانەوە؛ ــ خانە : نهۆمی سەرووی خانوو .

باڵباز : سەرباز .

باڵەبان١ : جۆرێك لە سەقر و باز saker falcon،(( لاتینەکەی Falco cherrug،کە لەگەڵ فەرهەنگەکەی" ئەحمەد بەحری"دا ڕێك نایەتەوە)) .

باڵەبان٢ : تەپڵ (ی هێزی سوارە)، ئەسپی گەورە، کەسی زل و بە بیچم و کردار ناقۆلا .

باڵەخانە : بڕوانە " باڵاخانە" .

باڵێ! : ی باوەڕ نەکردن، بە پلار تێگرتن... ( ئا بەڵێ!) .

باڵغ ( عارەبی) : لە رووی تەمەن و هۆرمۆنەوە گەیشتوو ( بە قۆناغێك کە لەشی بتوانێت منداڵ بەرهەم بهێنێت) .

باڵیشمە : پارچە تەختەیەك لە سەرووی دەرگا یا پەنجەرەوە دەخرێتە دیوارەوە تا لە باری قورسایی کەم بکاتەوە .

باڵۆن ( ئەوروپایی) : پزدان بۆ یاریی منداڵ یا هەر بۆ جوانی یا ئەوەی گەورەی کە سەبەتەیەکی وێدەخرێت بۆ هەڵفڕین .

باڵیۆز : سەفیر؛ ــ خانە : سەفارەت .

بام : بڕوانە " با٢" .

بامێ : kidney -vetch ( جۆرە گوڵێکی دەرمانە Anthyllis vulneraria)، بامیە ( سەوزیی کە بە چێشت لێ-دەنرێت)، شیرینیی کە بە شکڵی بامیە دروستکراوە .

بان : بەشی سەروو،بەشی کە سەری بینای ژوور یا خانوو دادەپۆشێت، رووی سەروو(ی زەوییەك)، دەشتاییەکی بەرز ( لە جوگرافیا)، ( بە حەرفی ئیزافە یا بەشی دووەمی وشەیەك) : لەسەر، سەرووی؛ ــ یەکە و دوو هەوا ( بۆ جیاوازینانەوە : دوو حوکمی پێچەوانە بەسەرهەمان دۆخی لای دووکەس یا دوو لایەندا)؛ ــ یەك : لەسەر یەکتر؛ ــ گێران، ــ کوتان: باگردێن ڕاکێشان بەسەر سەربانداکاتی باران بۆ نەهێشتنی دڵۆپەکردن؛ ــ بارگە: ئەو ژنەی

که لەگەڵ بووکدا دەچێت و ، لە ــ ئێسترێك دەبێت  کە جیازی بووکی لێ بارکراوە؛ ــ بانە : بەش- بەشی زەویی داچێنراو؛ ــ ەگا: روو یا دیوی سەروو((هەمبابە بۆرینە شتێکی زۆر جیاواز دەڵێت!))؛ ــ ەمەر: وەرزی ناوەندی بەهار؛ ــ ەو-کردن : بازدان لە بانێکەوە بۆ بانێکی تر، ــگردێن (هەروەها: باگردێن): بانگلێر؛ ــ گوش:کەسێك کە ــ گێرانی بە کرێکاریی دراوەتێ؛ بانك ( بە زمان داگرتن لەسە " نـ" banik) : هەرە سەروو، ــ یژە: penthous پێنتهاوس(ژوورێك یا ژوورانێك بە جیا لە سەربانیخانووبەرەیەك، ژوورێك یا خانوویەکیبچووکی وە خانوویەکی گەورەوە یا لای دیوارێك کە سەربانی بەشکڵ بەلایەکدا هاتووە ...)؛ ــ سەر: پارەیەکی مەعدەنی بە تەپڵی سەری کڵاوێکەوە دەدروێت کە دەکرێت دەسماڵێکی بەسەرەوە ببەسترێت، بڕوانە : دەسماڵ .

بانگ : دەعوەت، راگەیاندن، دەقێکی دیارکراوی ئاینی  بە دەنگی بەرز کە داوا لە مسوڵمانان دەکات بچن  نوێژ بکەن (بڕوانە : مەلابانگان،نوێژ)؛ ــ دان: بەجێهێنانی ــ بۆ نوێژ ( کەواتە : ــ دەر: ئەو کەسەی ئەوە کارەکەیەتی)؛ ــ ی شێخێتی دان ( بۆ) : راگەیاندنی مافی شێخایەتیکردنی کەسێك؛ ــ راهێشتن : راگەیاندن (ی هەر شتێك)؛ ــ کردن؛ ــ و سەڵای محەممەد : ئاینی محەممەد ، ئاینی ئیسلام  .

بانوو :  خانمی بەڕێز، ( لە وەرەقی قوماردا) کارتی کە وێنەی ژنی لەسەرە؛ ــ شا : پادشای کە ژنە؛ ــ خوا : ئالیهە ( خێوی مێ) .

(( باپیر : بڕوانە " با٦")) .

باپیری : ناوی جۆرە هەنارێکی ترشە .

باقاندن ( باقێن) : باعاندن (باعــێن) .

باق١ باع؛ ــ باق : باعەباع  .

باقە٢ :  چەپك یا دەسك یا باوەشێك گوڵ یا گیا؛ ــ ی گوڵ  :  چەپکە گوڵ .

باقڵ، باقڵێکم، باقڵم : بە عەقڵم، وەك من بە بیری خۆم دەیبینم، لەوەدەکات کە وابێت .

بار١ : میوە، بۆ بەراورد بڕوانە :  بەر .

بار٢ : جار، occation ( کاتێك لە رووی هەلی پێوەندی بە شتێك)؛ ــ ەها: زۆر جار؛ ــ ێ هیچ نەبێ : بەلای‌کەم .

بار٣ : هەلومەرج، دۆخ، چۆنێتی، توانایی؛ لە ــ ێکا کە :  لە حاڵەتێکدا کە، ئەگەر ئەمە وابێ، ئەگەر وای لێ بێت؛ لە ــ دا بوون (ی) : لە تواناادا بوون ( بە دەسەڵاتی رەسمی، بە شارەزایی ... ئیدی)؛ لە ــ کەوتوو : دەسەڵات یا توانا نەماو) .

بار٤ : شتی (بەڵام نە کەم) بۆ گواستنەوە لە کاتی هەڵگیرانیدا، پڕ لە رەحمی دایکیدا؛ ــ بستن : ئامادەکردنی (تێکنان و پێچانەوە و بەستنی) ــ بۆ هەڵگیرانی بۆ گواستنەوە؛ ــ بردن : گواستنەوەی ــ؛ منالْ لەبارچوون : دەرچوونی پڕ پێش پێگەیشتنی لە رەحمی دایك؛ هاتنە بەر بار ــ : ملدان، هاتنە ژێر فەرمان؛ رامبوون (ی ئەسپ)؛ ــ کەوتن : بەدبەختبوون، چیتر کارپێنەکران (کەواتە: ــ کەوتوو (بە ئاوەڵناو) : بەدبەخت، تێداچوو)؛ ــ کێشان: قەبووڵکردن یا شان دانە بەر یا وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاری (کەواتە هەروەها: ــ کێشیکردن)؛ ــ کردن : ــ خستنە سەر پشتی حەیوانی کاروان، هەڵوەشاندنی هۆبە، کۆچکردن؛ ــ خستن (پێچەوانەی ــ کردن) .

بار٤ (بە شتی ترەوە) :

ــ انە : باج یا هەر پارەیەکی لەسەر هەر ــ ە بسەندرێت؛ ــ اش : ــ ی دانەوێڵە بۆ بردنە ئاش یا هێنانەوەی ئاردی لە ئاشدراو؛ ــ بەندی : لێنانی هەموو ــ ەکە (تەواوی هەموو باری یەك لۆری یا کەشتی یا ...)؛ ــ بەر (بە ناو و ئاوەڵناو) : هەڵگری ــ، حەماڵ (وڵاخی ــ بەر: ئەسپی شت لێ بارکردن)؛ ــ دار : (ژنی) زگپڕ؛ ــ ە دار١ (ناو) : ــ ی دار؛ ــ ەکی (ئاوەڵناو، بەگشتی :) وڵاخی ــ ەکی : حەیوانی بارکێشان، ئەسپی باربەر؛ ــ گە : کەلوپەلی شەخسی (ــ گەچی : کەسی لە ــ گە بەرپرسیار)؛ ــ گیر: ئەسپ horse؛ ــ نامە : لیستەی تۆماری چەندێتی و چۆنێتی و چییەتیی کاڵای ــ ؛ ــ سووك : کەسێکی کە قورسایی بەرپرسیاریی لە ئەستۆدا نیە؛ ــ و ــ خانە : کاروانی کەلوپەلی (زۆرتر هی) یەك بازرگان یا یەك کەسی تر؛ ــ و بنە : کاڵا و کەلوپەل؛ ــ خانە: بڕوانە "ــ و ــ خانە" .

- بار : بەدووی وشەیەکەوە بە مانای : زۆر بە، پڕ لە (نموونە : خەفەتبار) .

بارام : مریخ (مارس) .

باران : ئاوی بە دڵۆپە لە ئاسمانەوە دەکەوێت، بەڵام بە مەجازیش(ــ ی رەحمەت)؛ ــ بارین، ــ دادان : روودانی ــ؛ کردی بە ــ : دەستی کرد بە ــ بارین؛ لێی کردینە ــ : بەر باران کەوتین؛ ــ خۆشی کردەوە : ــ وەستا؛ ــ او (ناو) : ئاوی ــ ی کۆبۆوە (لە قووڵکەدا ... ئیدی)؛ ــ بڕان: جۆزەردان (مایس/ می - حوزەیران/ ژوئەن) بڕوانە پاشکۆ١ (ناوی مانگەکان بەکوردی و بە ساڵنامەی هەتاویی ئیسلامیی عارەب و ئەوەی فارسیش)؛ ــ ە : ناوی گۆرانییە-کە؛ ــ ی : باڵاپۆشی کە تەڕایی دانادانە ناوییەوە و بۆ بەر ــ و بەفر دەکرێتە بەر .

30

باربوو : ئابوونه، پیتاک .

باره١ : بەش (ێك)، قازانج؛ ـ بەر: تێدا بەشدار، خاوەن سەهم (ی سەرمایەی شیرکەت)؛ ـ چە ( لە دنیای دراو): قازانج، سوود، داهات؛ ـ دار، ـ مەند ( ئاوەڵناو) : خۆشبەخت، خوداپێداو، ( بۆ بەراورد بڕوانە "بەهرە") .

باره٢ : مەوزووع، مەسـەلە ( لە ـ ی ... ـەوە : ئـەوەندەی کە پێوەندیی بە مەوزووع، بە مەسـەلەی ... ـەوە بێت ( دەربارەی) .

بارەگا : مەکـۆی فەرماندەیی یا مانەوەی هێزێك یا ئیدارەیەك ...، کۆشك یا دیوەخانی میر یا پادشا و کەسانی وەها، شوێنی عەرشی خودا .

بارمتە : شتێك کە لەبەرانبەر قەرزێك یا وەرگرتنی شتێکی تر بە ئەمانەت وەردەگیرێ،کەسێکی کە بە خۆشیی خۆی یا بە زۆر بۆ بەجێهێنانی مەبەستێك رادەگیرێت .

بارست : ( ئاوەڵناو) بـەرزبۆوە، بـەرزکراوە؛ ـ ایی ( ناو) زەویی بـەرزبۆوە، گڵی کۆماکراو، بـەرزایی، قەوارە، قەوارەی بە پێوانەی سێ‌جا.

باریك : ( پێچەوانەی ئەستوور)،( بۆ رێگا:) نێوانی سنووری راست و چەپی کەم بێت؛ ـ ان : بەنی باریك و ناسك ( ـ ان رستن: رستنی ریسی باریك و ناسك، کات راکێشان، زێدە گوێدانە هەموو وردودرشتەکانی‌کارێك،وەڕەز کردن بە گوتار یا دەرسی ناخۆش ...)؛ ـ ـە: شریتی پەڕۆ یا ئاوریشمی بە قوماشێك یا بە جلوبەرگەوە چنراوە؛ ـ ـە رێ : رێی ـ؛ ـ و بنێس ( ئاوەڵناو) : زۆر لەڕ و لاواز ( زۆرتر بەهۆی نەخۆشی یا برسێتی یا شتێکی وەها)؛ بشڕوانە : دەردەباریکە ( سیل) .

بار/ین ( بار) ( کرداری تێنەپەڕ) : هاتنی باران یا بەفر یا تەرزە و بە مەجازیش ((نموونە: بەڵا دەبارێت))؛ لێ ـ ین: تووش‌هاتنی بەسەردا ـ ین؛ ـ اندن (ـ ێن) : کرداری بوونە هۆی ـ ین؛ بشڕوانە: دا.

باروو ( ئاوەڵناو) : دیواری قەڵا، دیواری پـانی بـەرز کە بە مەبەستی سەربازی سەری دان - ددان دروست‌کراوە، قەڵای بە دیواری وەها .

بارووت : باروود ( دەرمانی تەقەمەنی) .

باڕ : نەگەیشتوو؛ ـ ەکەو : جووچکە کەو؛ ـ ۆکە : جووجەڵە مریشکی کە ساڵێکی لە تەمەنی تەواونـەکردووە .

باڕاندن (باڕێن) : باعاندن، هاوارکردن .

باڕە، باڕەباڕ ( ناو) : باعە باع، هاوار- هاوار .

باڕەزە : ناوی گیایەکە (( بەڕەزا " پێش ئەوەی شنەی بەیانی زولفی بەڕەزا بزێوێ " - هێمن، لە هەنبانەبۆرینە، گیایەکە لە تۆرەمەی شویت و کەرەوز)) .

باس : قسە لەبارەی، چیرۆك؛ ـــ کردن : قسەکردن لەبارەی ( لە ـــ ی)؛ ـــ و خواس : دەنگوباس .

باسك : باڵ ( ی مرۆڤ، باڵندە)، لا ( بەفوونە : باسکی چەپ)، ( ـــ ی چیا: ) هێڵی بەرزترین نوختەکانی چیا، بڕبڕەی پشتی کووڕی دەرپەڕیوی چیا ؛ ـــ ی هاوار: ئیشارەتی ورياکردنەوە ( باسك یا دارێك بەسەر سەردا رادەوەشێندرێت) .

باسکێش : بڕوانە :" مژان" (نیوەی پێشەوەی سەرەکەی نیر؟ - بۆ جووت) .

باسقەندە : کلکی سەبیل، داردەست، لە داری بەلاَلووك؛ ـــ سم : ئەو کەسەی دار دەسمێت ( لێرەدا: کون دەکات) و دەیکات بە سەبیل (پایپ) .

باستان : رۆژگاری دێرین، لە فەرهەنگی لەمێژینە، ـــ ی : هی ـــ؛ ـــ ناس : پسپۆڕی باسی باستان؛ ـــ ناسی : زانستی ـــ ناس .

باسووق : شیرینییەکە لە ئاوی ترێ دروستدەکرێت ( بە نیشاستە دەخرێتە سەر ئاگر و بە شەکر و ... ئیدی) .

باسوور : مایەسیری (( جەمعەکەی دەبێت بە : بواسیر)) .

باش : چاك .

باشێل : چارۆکە، کۆڵوانە ( پەڕۆیەك - زۆرتر راستگۆشە - بە شێوەی سێسووچ دەنووشتێندرێتەوە و ژن بەسەر شانیانیدا دەدەن، لە کەمەری دەبەستن، بۆ شت هەڵگرتن بەکاردێت)، داوێنی کراس یا کەوای کە بۆ ئەوە لەدواوە گرێدەدرێت .

باشۆکە : جۆرێك باز (باڵندە) .

باشقاڵ : بڕوانە " چاوباشقاڵ" .

باشقەپان : جۆرە مارێکە .

باتی : بڕوانە " لەباتی" ( لە " لە٢"دا) .

باتوو : گون .

باو١ : پەسندکراوی رۆژ یا سەردەم؛ مۆدە (( نموونە : ساڵانێك باوی پانتۆڵی شارستۆن بوو، مۆدەی بوو))؛ ـــ سەندن : بوون بە ـــ؛ ـــ دار: باوی هەیە .

باو٢ : باوك؛ ــ ان : باوك و دايك؛ ــ ە١: ( لە بانگ‌كردنيدا)؛ ــ ە ٢ : ــ نازناوێكە، بەشی یەكەمی هێندێك ناو (نموونە : ــ ە يادگار)؛ ە ــ ژن : زڕدايك؛ ــ ەڵێ : ( بۆ خۆشەويستی) : ــ ە گيان؛ ــ ە پيارە: زڕباوك؛ ــ و خولێ بڕوانە :" بابەخولێ" ( يارییەكی منداڵان)؛ ــ ە خوون : پێوەندیی بە دابی سەردانی بووك لە ماڵی ــ انی حەوت ڕۆژ دوای شووكردنی : ــ خوون بوونەوە : ئەو سەردانەی بووك، ــ خوون‌كردنەوە : بووك بردنە ئەو سەردانە؛ ــ ك ( و" ــ وك"یش) : ــ ؛ ــ كە١ ( لە بانگ‌كردندا) : ــ ؛ ــ كە٢ ( ناو) : چۆلەكەی نێر؛ ــ كەكەم ( لە دواندن بە خۆشەويستی) ( شتێكی وەك) : چاوەكەم ڕووحی برای خۆت!؛ ــ كەلێ : بڕوانە " ــ ەلێ؛ ــ كەڕۆ : داخەكەم بۆ ــ؛ ــ كم : بڕوانە " ــ كەكەم"؛ ــ و باپير (ان) : كەسوكاری دايك و ــ ؛ بشڕوانە " باب" .

باو٣ بڕوانە : بەندو ــ .

- باو٤: وە ناوی ڕەنگ دەخرێت ( نموونە ڕەش ــ، سوور ــ - بە ئاوەڵناو) : هەندێك، مەيلەو، شێوە، ئاماڵ .

باوەڵ : تووشی ــ ی بووە : نەخۆشییەكی بەرخ و كارژیلەیە .

باوەڕ : عەقيدە؛ ــ كردن : بە ڕاست دانان؛ ــ پێ كردن : لێ بە ڕاست وەرگرتن .

باوەش : جەغزێك كە مرۆڤ بە هەر دوو دەستی و سنگی پێكی‌دەهێنێت، پڕ بەو جەغزە ( نموونە : ــ ێ بڕەدار: پڕ بەو جەغزە ئێزنگ ( وردەداری بڕاو بۆ ئاگر )؛ لە ــ گرتن، گرتنە ــ : گرتنە نێوان دەستێك يا هەر دوو دەست و سنگ ((نموونە منداڵەكەت زۆر لە ــ دەگريت))؛ ــ پياكردن : گرتنە ــ .

باوێشك ؛ ــ دان، ــ دانەوە: كرداری ــ ( دەم داچەقاندن بە هۆی خەواڵوويی) .

باول : جانتا، چەمەدان .

باخ : دارستانی میوە؛ ــ بڕين : هەڵپاچينی لك و پۆپی دارانی ــ؛ ــ چە : شوێنی تەرخان‌كراو بۆ تێدا ڕواندنی شينايی و گوڵ و گوڵزار؛ ــ ەوان : ئەوەی ــ بەخێودەكات؛ ــ لە : شوێنی تۆو وەشاندن بۆ ڕواندنی شتڵ ( ڕوەكێك كە لەوێ ڕوا هەڵدەكەندرێت و لە شوێنێكی تر دەچەقێندرێت، شتڵگە) .

باخەبەر : ئاگادار .

باخەڵ : نێوانی سنگ و كراس؛ چوونە ــ ەوە، نوستن لە ــ ا (ی) : نوستن لە باوەشدا؛ كردنە ــ؛ خستنە ناو ــ يا بەر پشتێند ... ئيدی .

بايەڕێ : جەوهەری باس، نوختەی سەرەكی، جەرگەی مەسەلە .

بايەف : داری بادامی تاڵ، بشڕوانە " چەقالە" (( بەهيف بە شێوازی باكوور: بادام)) .

بایەخ : هۆی بوونە شایانی بەهێند وەرگیران؛ ــ دار، بە ــ : ــ ی هەیە .

باینجان، ــ ی رەش؛ ــ ی سووری شام : تەماتە؛ ــ ی : بە رەنگی ــ ی رەش .

باز١ : ( باڵندەی Accipiter gentilis) ؛ ــ ەوان : ئەوەی ئاگاداریی لە ــ دەکات و راوکردنی بۆ خاوەنی فێر دەکات، ئەوەی بە ــ راودەکات .

باز٢ : لەوە: ــ دان؛ــ ــ ێن ململانێیی ــ دان ( بەگشتی ململانێیی ــ دانی درێژ = دوور) ــ ــ ێنی بەرز( بۆ ئەوە کێ بەرزتر باز دەدات)؛ ــ ەبەران ( ناو) : دوا حەفتەکانی چلەی زستان ( بڕوانە " چلەی زستان")؛ ــ گە : شوێنی کە لێیەوە ــ دەدرێت؛ ــ رەقە ( ناو، زۆرتر : ) ــ رەقە بەستن : دەستپێکردنی فیچقەکردن یا دەرپەڕین ( ی بە نموونە : خوێن)؛ ــ رەقەکردن : گەڕانەوە دوای وێکەوتن ( بە نموونە : تۆپی پێ کە وە دیواری گۆڵ دەکەوێت و دەگەڕێتەوە) .

باز٣ : (فارسی) ( ئاوەڵکردار) : دیسان؛ ــ دی ( ناو) : پێداهاتنەوە ( ی کتێب ... ئیدی بۆ دەستکاری ئەگەر پێویست بێت)؛ ــ دیکردن : کرداری بەجێهێنانی ــ دی .

باز٤ : (فارسی) : بە ئاوەڵناو وەدووی وشەیەك دەخرێت تا مانای : بەجێهێنەر یا تێدا شارەزا بدات یا ئەوە کە لێی بووە بە خوو ( نموونە : تەنافباز، قومارباز) .

بازاڕ : شوێنی کە کڕیاران دەچن شت لە فرۆشیاران دەکڕن؛ ــ ی گەرم : ــ ی لە کڕین و فرۆشتندا چالاك؛ ــ گەرمبوون : کاروکەسابەت باش ڕۆیشتن؛ ــ ی ( ئاوەڵناو) : کەسێکی ئەهلی ناو بازاڕ، کەسێکی بێکارە دەسووڕێتەوە، کەسێکی بێبایەخ .

بازە (ناو) : قوماشێکی ئەستووری لۆکەیە .

باز/ە ( ئاوەڵناو) : دوورەنگ؛ بەڵەك؛ ــ ەڵە : خەت- خەت ( بەتایبەتی بۆ بەچکە بەرازی کێوی)؛ بۆ منداڵێکیش کە هێشتا باڵغ نەبووە بەڵام زۆر خێرا و هەراش گەورە دەبێت (هەر وەك پێی بڵێین : ئای کوڕە خۆ ئەوە بەرازێکە!)، بۆ کەسێکیش کە لە کاروکەسابەتدا زێدە خۆی تەنگاو دەکات، بۆ کەسێکیش کە لەخۆوە بێ ئەوە بمانەوێت دێتە پێشەوە و دەیەوێت کارمان بۆ بە ئەنجام بدات، یا لەخۆیەوە خۆ هەڵدەقوتێنێتە شتێکی کە پێوەندیی بەوەوە نیە، یا دەچێتە شوێنێك کە نە بۆی دەعوەت کراوە و نە خەڵکەکەی حەز لە چارەی دەکەن؛ ــ گ : بازە .

بازن : (ی کە دەکرێتە مەچەکەوە) .

بازرگان : فرۆشیاری قوماش؛ ( ئێستا بەگشتی:) کەسێك کە کڕین و فرۆشتن (ی زۆرتر: کاڵای زۆر) پیشەیەتی؛

ــ ی : پیشەی ــ .

بازڕ : ناوی باڵندەیەکی بچووکە .

بازی : گەمە؛ ــ ــ بە ریشی مامە ــ : دەتەوێت تۆ فێری کەسێکی شارەزاتر بکەیت ؟ *

باز/ وڵە : تەوقێك کە دەکرێتە قۆڵ ( بۆ جوانی، یا ــ بەندی نوشتە، یا بۆ پیشاندانی بەرپرسیاریی لە کارێك)؛ ــ وو : قۆڵ؛ ــ ووبەند: ــ وڵە .

بە١ : رەگی کاتی ئێستا و داهاتووی کرداری بردن (دەبەم، دەبەیـ(ت)،((بەڵام : دەبات))، دەبەین،دەبەن، دەبەن) .

بە٢ : تاکی کرداری فەرمانی بوون ( بە = ببە) .

بە٣ : سەرنجی شوێنی لەم نموونانەدا بدە (( و بە زاراوەی ڕێزمان شوێنیان لە قسەدا روون دەکرێتەوە)) :

ــ من چی ؟؛ پارە بدە ــ گەداکە؛ ــ من ناکرێ؛ ــ خوا؛ ــ کەشتی ئەچین؛ چاو ــ کل ئەرێژین؛ ــ باران ( کاتێ کە باران ئەبارێت)؛ ــ شەو ( کاتی شەو)؛ ــ هاوین ( لە کاتی هاویندا)؛ ــ بازاڕا چووین (ــ ناو بازاڕدا بۆ ئەو شوێنە تێپەڕین)؛ تفەنگەکە هەڵواسە ــ دیوارەکەدا؛ ــ ناوەکانا دیارە؛ ــ خەنجەرەوە هاتنە سەرمان ( ــ خەنجەر هێرشیان کردە سەرمان)؛ بەردێکی ــ دەستەوە بوو)؛ کاغەزەکە بنووسێنە ــ دیوارەکەوە؛ بەن ــ کونی دەرزییەوە ناچێ؛ و بڕوانە " پێ، پێدا( پیا)، پێوە" کە ــ، ــ (- دا، - ا) و ــ (- ەوە) وایان لێ دێت و، پێك ( ــ یەك) . بۆ حەرفی ئیزافەی لێکدراو بڕوانە بە٥ . بۆ ئاوەڵناوی بە "ــ" بڕوانە بە٦ .

بە٤ : لەم نموونەدا: ئەبێ ــ پیاو؛ خۆی ئەکا ــ نوستوو .

بە٥ : پێش " بێ" : ــ بێ تۆ = بێ تۆ؛ ئەوجا سەرنجی شوێنی لەم نموونانەدا بدە :

ــ بان (- دا، - ەوە)؛ ــ بەر؛ ــ بەردەم (- دا، - ەوە)؛ ــ بێ؛ ــ بن (- دا، - ەوە)؛ ــ دەم١ (- ەوە) (( ــ دەمی ئەوەوە گوتراوە؟))، بەڵام: ــ دەمەوە دان = پەتك بۆ شل کردن؛ ــ دەم (- ەوە: (( ــ دەم کارەوە گۆرانیی دەگوت))؛ ــ دەس (- ەوە)؛ ــ دیار (- ەوە : ــ دیار منداڵەوە دانیشتن)؛ ــ دوو(- دا)؛ ــ دوو(- ەوە)؛ ــ ئەمبەر؛ ــ ئەمدیو؛ ــ ئەوبەر، ــ ئەمپەڕ ( لەگوتندا: بەمبەر، بەمدیو ... ئیدی،- دا، - ەوە)؛ ــ گژ (- دا)؛ ــ ژێر (- دا، - ەوە): ــ ژێرەوە بوون، ــ

---

* ئینگلیسییەکەی سەیرە: Teach your grandmother to suck eggs واتا: نەنکت فێربکە هێلکان بمژێت! ئەوەش رەنگە ساڵی ١٧٠٧ لە بە هەڵە وەرگێڕانی بەرهەمی کۆمیدیای سپانیاییەك بۆ سەر زمانی ئینگلیسی پەیدا بووبێت! شتێکی لەبابەتی" بەروار"ەکەی زەبیحی ی ئێمە .

ژێرەوەکردن)؛ ــ ژوور (- دا، - ەوە)؛ ــ کن (- دا)؛ ــ ناو(- دا)؛ ــ نزیك (- دا)؛ ــ پیر (بڕوانە: " پیر)؛ ــ قەد ؛ ــ سەر (- دا،- ەوە : من هیچم بەسەر ئێوەوە نیە)؛ ــ شوێن (- دا،- ەوە)؛ ــ تەنگ (- ەوە)؛ ــ تەنیشت (- دا،- ەوە) .

بە٦ : سەرنجی شوێنی لەم نموونانەدا بدە (( و بە زاراوەی ڕێزمان شوێنیان لە قسەدا روون دەکرێتەوە)) :

ــ ئاگا ؛ ــ با( و بۆ حەیوانی مێ : مەستی جنسی)؛ ــ بەندوباو ؛ ــ برەو ؛ ــ بڕشت؛ ــ جەرگ؛ ــ جێ؛ ــ جێ و رێ؛ ــ چنگ ( خۆی زێدە خەریك دەکات، ماندووبوون نازانێت، بۆ چوونە پێشەوە زێدە خۆی تەنگاو دەکات)؛ ــ دەبدەبە؛ ــ دەماغ ( شاد و رووخۆش)؛ ــ دەموپل ( لەبلەبان، ئامادەوەڵام)؛ ــ دەق ( لە حاڵی زۆر باشدا)؛ ــ دەس ( بە توانا، بە دەسەڵات)؛ ــ دەس و برد ( زوو کار رادەپەڕێنێت)؛ ــ دڵ؛ ــ دین؛ ــ ئەدا ( خاوەنی ئەدای جوان)؛ ــ ئەدەب؛ ــ ئەندام (لەشجوان)؛ ــ عەقڵ (عاقڵ)؛ ــ فاڵ ( بۆ حەیوانی مێ : مەستی جنس)؛ ــ فەنگ و فێڵ (دەستبڕ، کەڵەکچی)؛ ــ فیز؛ ــ گێچەڵ؛ ــگیر( خۆگر،خۆ راگر، ناشێوێت)؛ ــ گوڕم ( بۆ بزووتنەوە،هێرش : توند، زبر)؛ ــ گون ( زۆر بەخۆوە و نێرانە)؛ ــ گوڕ؛ ــ غیرەت؛ ــ هونەر؛ ــ ئیمان؛ ــ عینوان ( بۆ ژن : بە فیز، خۆی پێ گرنگە)؛ ــکار ( کاری لەدەست دێت، چالاك)؛ ــ کەڵ ( بۆ مانگا و گامێش: مەستی جنسی)؛ ــ کەڵك؛ ــ کەماڵ؛ ــ کەرەم؛ ــ کەیف؛ ــ کڕ( سەرهێلکەکەوتنی مریشك)؛ ــ لەز؛ ــ ماریفەت؛ ــ مێرد ؛ ــ نان (نان بدە، سەخیی میوانداری)؛ ــ ناو( بە شێوازی سلیمانی = بەدناو-" د"یەکە ناخوێننەوە)؛ ــ ناوبانگ، ــ ناو(و) ئاوازە؛ ــ ناو و ناتۆرە( بە بەدناو ناسراو)؛ ــ ناز، ــ ناز و نووز ( کچ، خانمی وا)؛ ــ پەند ( لە ئامۆژگاری یا ئەزموون فێربوو)؛ ــ پەرۆش؛ ــ پێ؛ ــ پێچ؛ ــ پێچ و پەنا ؛ ــ پێز ( بۆ هەویر : ــ هێز و کێشی دێت)؛ ــ پیت؛ ــ قەدر ؛ ــ قەڵافەت؛ ــ قین؛ ــ رەحم؛ ــ رەنگ و بۆ ( بۆ کچ : تەڕ و بڕ و لەبەردڵان)؛ ــ رێ؛ ــ رێ و جێ؛ ــ رێ و شوێن؛ ــ رق؛ ــ ریز (بەڕێز)؛ ــ رۆژوو؛ ــ سام؛ ــ سەبر؛ ــ سەڵتەنەت ( شاهانە)؛ ــ سیفەت؛ ــ شان و باهوو؛ ــ شەرم؛ ــ شەوکەت ( بۆ شەخسیەت : گران، خاوەن مەرکەزی جێی ڕێز)؛ ــ شەوق١ ( شەوق دەدات)؛ ــ شەوق٢ ( ــ تاسەوە)؛ ــ شوو؛ ــ تاو؛ ــ تەڵەب ( بۆ ماین : مەستی جنسی)؛ ــ ترس؛ ــ تین؛ ــ وەفا ؛ ــ خەبەر ( و لە خەو: ــ خەبەربوونەوە، ــ خەبەرکردنەوە)؛ ــ خێو ( بەگشتی) بەخێوکردن؛ ــ خزمەت؛ ــ خۆ ( ــ خۆوە، ــ هێز)؛ ــ خولْق ( خۆش مەشرەب، خۆش خوو)؛ ــ زات (بوێر)؛ ــ زەبروزەنگ .

بە ( بە شتی ترەوە) : ــ ڕێوەبەر؛ ــ سەرهات؛ ــ خێرهاتن ( بەگشتی : ــ خێرهاتن لێکردن)؛ ــ خۆ ژیو ( خۆی ژیانی خۆی دابین دەکات) .

بەبە، بەبەکە، بەبەلە، بەبەلێ، بەبۆکە ( منداڵی) ساوا؛ بەبەلەی چاو : بڕوانە " بیبیلە".

بەبوو : بڕوانە " کوندەبەبوو" .

بەجگە : بڕوانە " بێجگە".

بەچ : لاو، منداڵ، لە رووی تەمەنەوە بچووك؛ ـــی باوکی خۆیەتی ( زۆرتر بۆ پێهەڵگوتن)؛ ـــە: منداڵ (ی کوڕ)، لاوی ریش‌لێ‌نەهاتوو؛ ـــباز (( نووسیویە sodomite کە لاموایە دەبوو بنووسێت active pedofile)؛ ـــدان: رەحم (ی لەشی ژن)؛ ـــخۆرە ( ئاوەڵناو) : کەسێکی کە قەت تێرنابێت و هەر پتری دەوێت)؛ ـــکە ( ئەولادی حەیوان، بەڵام بە بێ ڕێزی بۆ منداڵیش)؛ ـــکۆڵە: ـــی بچکۆلە .

بەد( ئاوەڵناو) ( لە زۆر شوێندا:) خراپ، پێچەوانەی باش و بەو مانایە پێش زۆر ناوان دەکەوێت، بە وێخستنی " ی"یەك: دۆخ، چۆنێتی، رەوشت پێکدەهێنێت وەك: ـــ زمان = کەسێکی کە بە رەوشت شتی ـــی لێ دەبیسترێت خۆی " ـــ زمان"ـە و رەوشتەکەی بریتیە لە " ـــ زمانی": ـــ ئاین؛ ـــ بار ( شانس خراپ، لە کێشدا)؛ ـــ بەخت؛ ـــ بێژ (ـــ زمان)؛ ـــ بین؛ ـــ بۆن؛ ـــ جنس (لە دایك و یا باوکی پلە نزم یا کە ژن و مێردی رەسمی نەبوون)؛ ـــ چارە ( بە دیمەن ناحەز)؛ ـــ دڵ؛ ـــ دیمەن (ـــ چارە)؛ ـــ دوو ( زمان پیس، جنێودەر)؛ ـــ فەساڵ ( ـــ چارە)؛ ـــ گەوهەر ( جەوهەری شەخسیەتی خراپە)؛ ـــ گۆ (ـــ بێژ)؛ ـــ گومان؛ ـــ گونیە : لار، ناڕاست ( گۆشەی منحرف)؛ ـــ حاڵ؛ ـــ کار، ـــ کردار، ـــ کردەوە؛ ـــ لغاو ( کەللە رەق، سەرسەخت)؛ ـــ مەست؛ ـــ ناو؛ ـــ نەژاد؛ ـــ نەمەك ( چاکەی بەرانبەری لەبەرچاو نیە)؛ ـــ نیاز (ـــ دڵ)؛ ـــ پەسەند ( شتی ـــ پەسند دەکات)؛ ـــ ڕەنگ؛ ـــ ڕەسەن؛ ـــ ڕەوت ( بۆ ئەسپ : ڕۆیشتن یا غاری ناخۆشە)؛ ـــ ڕەوتار؛ ـــ ڕەوشت؛ ـــ سەکوت (دزێو)؛ ـــ سرشت؛ ـــ شکڵ؛ ـــ توخم؛ ـــ خواز؛ ـــ خوو؛ ـــ زمان .

بەدرەمە : ناوی جۆرێك هەنگی کێوی ( بڕوانە" شەمەتلێنکە" : باشترین هەنگوینی هەنگی کێوی) .

بەدرەقە : بەڕێ‌کردن، بوونە هاوڕێگا.

بەدووم ( لە سلێمانی " د"یەکە ناگوترێت : بەد ودم، شووم، بەدبەخت)، هەروەها : بەیووم .

بەعە(!) : باعەباع ( منداڵی کە تازە زمان دەگرێت وا فێری دەبێت : بەرخ) .

بەفر؛ ـــ بارین؛ ـــ او؛ ـــ هژیلکە، ـــ هلووکە (ی کە بە گلووی وردەبارێت)؛ ـــ مسەر ( ـــی کەوتووی کە رەق بووە)؛ ـــ ماڵ ( بێڵی ماڵینی ـــ)؛ ـــ خۆرکە: هەوری نزمی کە لەگەڵ توانەی ـــ دا دێت (( هەنبانە بۆرینە بەتەواوی شتی تر دەڵێت)) .

بەگ؛ ــ زا، ــ زادە .

بەهـ بەهـ ( بۆ شتی باش دەگوترێت) .

بەها: نرخ .

بەهار؛ چوونە ــ ەوە: لە دێ دەرچوون بۆ هۆبەی بەهار؛ ــ بەند: شوێنی هۆبە، زەویی کامپ (( هەنبانەبۆرینە شتی تر دەڵێت)؛ ــ ە: گەنمی بەهار وەشێندراو؛ ــ ی: هی ــ ( بەتایبەتی بۆ پۆشاك) .

بەهارات .

بەهەشت؛ ــ ی (مەرحووم) .

بەهێ ( هەروەها: بەی) .

بەهمەن : بڕوانە پاشکۆی ناوی مانگەکان ((ڕێبەندان)) .

بەحر : دەریا .

بەهرە : بەش(ێك)؛ قازانج، بەرەکەت؛ ــ دار؛ ــ مەند؛ ــ وەر : بەبەخت، بەبەرەکەت .

بەهرەمە ( ئامرازی دارکونکردن) .

بەژ : زەویی وشك .

بەژن، ( بەگشتی:) ــ و باڵا : قەد( درێژیی مرۆڤ)، ناوقەد .

بەکرە١ : غەرغەرە، غەرغەرەئاسا بۆ لەسەرهەڵکردنی تەل یا پەتك، یا بە دەوریدا بۆ بەرزکردنەوەی شتی قورس .

بەکرە٢ : قوڕی بەشێوەیەك ئامادەکراوە کە بۆ دروستکردنی گۆزە و دیزەو شتی وا ببێت ( یەکتر بگرێت) .

بەل (ئاوەڵناو) : قیت، بەرزبۆوە؛ ــ بوون : ڕاست بەرزبوونەوە؛ ــ ان ( ئاوەڵناو): (وەزعی)کۆڵەکەیی؛ ــ عباریکە ( ناو و ئاوەڵناو) : ( کەسێکی) زۆر درێژ و زۆر لاواز؛ ــ ە ــ کردن : ئەملاو و ئەولا کردن لە ڕۆیشتندا؛ ڕۆیشتنی بەدمەست؛ سیاسەتی نادیاری هەر ڕۆژە بەلایەکدا ...؛ ــ ۆکە : میتکە ( قیتکەی زێی ژن) .

بەلەباقە : ناوی نەخۆشییەکی بزنە، ( لە تووڕەبوون لە بیستنی باعە باعی زۆردا دەگوترێت) .

بەلەفیرە : زگچوون (ی حەیوان) .

بەلەك : ناوی ڕوەکێکە ( عارەبی: سوس،فارسی : شیرین بیان،لاتین : Glycyrrhiza glabra) .

بەلەم : قایقی بچووك .

بەلەسان : ناوی ڕوەکێکە ( جۆرێك داری کاژ، عارەبی: شوح، فارسی : نراد ، لاتین : Abies balsamea) .

بەلەسە ( ئاوەڵناو، بەگشتی:) ــ بوون : راکردن و لە دەسەڵات دەرچوون ( ی بەتایبەتی بۆ حەیوان) .

بەلەشوانە : ناوی روەکێکە .

بەلەزوانە: تەوقی ئاسنی قایشی پشتێند( کە قایشەکەی تێرادەکرێت و بە بزمارێك تێدا لە کونێکی رادەگیرێت) .

بەلا .

بەلالووك morello ( روەك : Prunus cerasus ئالووبالوو، جۆرێك گێلاسی ترش) .

بەلام، بەلان .

بەلەد ( شارەزا) .

بەلەك : دوو رەنگی، پەلەپەلەیی پێست .

بەلغ : بەلغ : توێژی سپیی رەق کە لە کولینی ئاو لە کەتری یا لە سەماوەردا پێکدێت، توێژی سەر زمان .

بەلغەم .

بەڵکە، بەڵکم، بەڵکی، بەڵکو .

بەڵم : کای برنج؛ ــە ریشە : ریشی زبری پڕی کورتهەڵپاچراو .

بەڵمێ! : ( بۆ گومان لێ کردن) : ئای لەو درۆیە!

بەم : ژێی دەنگی ئەستووری ئامێری مووسیقا (( دەنگی صول، سل، G،sol))، دەنگی ئەستوور، دەنگە دەنگی گران .

بەن١ ؛ ــ ۆکە : شریت؛ ــ سامۆتە : شریتێکی چەرمی کە بە پشتی زینەوە سوار هەگبە(پاشکۆ)ی پێ دەبەستێت .

بەن٢ : دارقەزوان .

بەنا١ : ناوی روەکێکە؛ ــ شوانە : ناوی گیایەکی بۆن خۆشە دەکرێتە ماستەوە .

بەنا٢ : خاوەن پیشەی دروستکردنی خانوو .

بەنج ( ئەوەی هەست بە ئێش سڕ دەکات)؛ ــ پێدان : ــ لێدان؛ ( بە مەجازیش) .

بەند : بەن، بەستن، دواخستن، حەبس ( زیندانی) کردن، سەددەی ئاو ، باسك ( ی چیا)، جومگە (ی حەیوان)، نوختەی پێکگەیشتن، دەسك (چەپك)، ٥٠٠پەڕە (( بیست دەستە، ٤٨٠+٢٠ پارچە کاغەز، بە عارەبی : ماعون ورق))، فەسڵ ( ی کتێب)؛ مادده (ی قانوون)، تۆمار؛ ــ ی دڵ ( بە دڵەوە)؛ ــ بوون : گیران ( خرانە زیندان)، راگیراو، دواخراو، دواکەوتن (لە رۆیشتن)؛ ــ کردن : بەستن، بەستنەوە، دواخستن، پێکەوە بەستن (ی چەند پەڕەی

کاغەز تا ببن بە کتێب)، خستنە سەر تۆمار یا سەر شریتی دەنگ ... ئیدی؛ ــ ە : کۆیلە، خزمەتکار؛ ــ ەگەری، ــ ەگی : کۆیلەیی، خزمەتکاری؛ ــ ەڵبەند: زنجیرە (ی چیا)؛ ــ ەخوێن ( بەنی پشتێندی دەرپێ و شاڵوار ...)؛ ــی ( ئەوەی لە زینداندا گیراوە)؛ ــ ی‌کێشی ( بەسەرهاتنی زیندانی‌کران)؛ ــ یوان : زیندانەوان ( پاسەوان و دەسەڵا- تداری زیندان)؛ ــ یوار ( ئاوەڵناو) : پێوە ــ بوو، پێوە چەسپاو، لێ گرێدراو؛ ــ خانە ( زیندان)؛ ــ ۆکە : ناوی گیایەکە دەکرێتە سەڵاتەوە (( بەنۆکە))؛ ــ و بەست : دیسپلین؛ بشڕوانە : بەن .

بەندەر (ی کەنار دەریا) .

بەند و باو : پیشاندان یا رازاندنەوەی شت بە غەیری ئەوەی کە لە راستیدا هەیە؛ ــ خستنە شوێن، ــ شوێن‌خستن (ی) : پرۆپاگەندەی درۆ (بۆ) .

بەنگ١ : بەند( بەمانای دواخستن بۆ کاتێکی تر، دواکەوتن) .

بەنگ٢ : حەشیش؛ ــ کێشان .

بەنگەلەژیلە : ناوی روەکێکە (( بەنگلەژیلە)) .

بەق ( بە شێوازی گۆران) : نێرەکەو .

بەقال (عارەبی) : فرۆشیاری سەوزی ( و هەندێ شتی تر) .

بەقبەقوو: گمەی کۆتر .

بەقەم ( ناو) : بۆیاغ (رەنگ)ی کە دەکرێت بە هاسانی کاڵ ببێتەوە .

بەقیە : پینەی چەرم، پینەی مەعدەن ( کە درز یا کونی پێ دەگیرێت) .

بەر١ : ( رێزمان) لەجیاتی" بە"ی رەگی کاتی ئێستا و داهاتووی کرداری" بردن"، لەجیاتی" ببە" دەڵێین : بەرە، بەڵام ئەوسا " بـ"ی وەپێش ناخرێت، ناڵێین " ببەرم"، دەڵێین : بەرم ( ببەم)؛ بار ــ : ئەوەی بار دەبات ( کارای باربردن) .

بەر٢ : لا (( لە روانگەی مەرکەزەوە: ئەمبەر، ئەوبەر = ئەم لا، ئەو لا)) .

بەر٣ : میوە بەرهەمی نەژادی ( لە تۆوی مرۆڤ)؛ منداڵ لە رەحمی دایکیدا ( پز)، زێدە گۆشت (( ی ئاوسانی ی سەرپێست، خوار چاو ... وشە ئینگلیسییەکە گرێی ئاوساوی سەر دار و درەختیش دەگرێتەوە))؛ ــ فڕێدان : بەچە لەبەرچوون (ی حەیوان)؛ ــ گرتن : میوە گرتن؛ ــ هاویشتن : بڕوانە " بەر فڕێدان"؛ ــ لێ‌خواردن : کەڵك

لێ وەرگرتن، قازانج لێ دیتن، بەکارهێنان بۆ بـەرژەوەندی خۆ؛ ــ اویتە: (حەیوان) کە ــی هاویشتووە؛ ــ دار: (ئاوەڵناو) بەری هەیە؛ ــ ە: بەرهەمی تۆوی مرۆڤ یا حەیوان یا روەك، بنەماڵە، زنجیرەی فەرمانڕەوایانی بنەماڵە، دەستە (بڕوانە " دووبەرەکی")؛ ــ و بووم : بەرهەم، دەستکەوت، نیعمەت؛ ــ خوردار (ئاوەڵناو): شاد، بەختیار، لە نیعمەتدا .

بەر٤: بیرەوەری، لە ــ بوون (لە بیردا ماوە) ((ئەو شیعرەم لەبەرە : فێری بووم و بە بێ سـەیرکردنی نووسراو یا کەسێك پێم‌بڵێت دەتوانم بیڵێم))؛ لە ــ کردن؛ لە ــ وتن (گوتن بە لە ــ بوون) .

بەر٥ : (ناو، ئاوەڵناو، ئیزافە) : پێش، سەرەتا، ↔ (پێچەوانەی) بەند: بەری دەدەن ↔ بەندی دەکەن یا دەیگرن، دیوی ناوەوە (ی کەوا، سندووق، جانتا... ئیدی)، پانیی (لە بەرانبەر درێژیی: بەری قوماش یا تەختە ...)، (بۆ) پێشەوە، لە پێش(کات، شوێن)؛ ــ ی بەیان : سەرەتای رۆژ؛ ــ ی دەس: دیوی ناوەوەی نێوان مەچەك و پەنجەکان؛ ــ ی پێ: ئەو دیوەی پێ ی کە لە سەر زەوی دادەنرێت؛ مووی ــ : مووی بە دەوری گەڵەوە؛ ــ بە : روو لە؛ ــ لە (- ەوە) : لە پێش؛ لە ــ : لە سەرەتا (ی)، لە پێناوی، بۆ خاتری .

بەر٥ : (لەگەڵ کرداردا بە بەکارهێنانی زاراوەیی) :

ــ بوون : دەرچوون لە بەند، بەدەرکەوتن (ی رۆژ یا مانگ دوای گیران)؛ (لێ) ــ بوون : لێ ئازادبوون؛ تێ ــ بوون : پەلاماردان (هێرش بردنە سەر)؛ لێك ــ بوون؛ تێك ــ بوون :کەوتنە شەڕی یەکتر، چنگ لە یەکتر گیرکردن (لە زۆرانبازی) لە ــ ابوون (ی جلوبەرگ)؛ ــ بوونەوە : کەوتنە خوارەوە (لێ، با لێ ــ بوونەوە = با و بڕی زگ)؛ (ئاگر) گرتن (ئاگر تێ‌بەربوون)، بڕوانە" ئاگر"؛ ــ دان (لێ، لە زیندان، تەوق، ...)، هێرش بردنە سەر، حەیوانی نێر پـەڕاندنە سەر مێی لێ چاك کردنی) (تێ، لێ)،کردنە ئامانجی تیری هێرش ... (ــ جنێو دان، ــ دار دان : بە دار لێدان،گوللە دان: گوللە پێوە نان)؛ ــ خۆدان : لە پێش خۆوە لێخوڕین؛ خۆ ــ دان : لە خۆ گەڕان، خۆ نەگرتن (بە ویست)، زۆر خەرج کردن (ی پارە)؛ دانە ــ : کردنە مەبەست (رێگا دانە ــ : کەوتنە سـەر رێگای رۆیشـتن، سـەفەر)؛ ــ دانەوە : دیسان ــ دان (بڕوانە " دان")، لێگەڕانی کـەوتنە خوارەوە؛ ــ گرتن : رووبەڕووبوون (ی)؛ گرتنە ــ : کردنە مـەبـەست، پێدا (ئەم رێگایە بگرە ــ : پێدا بڕۆ)؛ ــ پێ گرتن : بـڕینی رێی پێشـکەوتن (ی، داخستنی ...)؛ لە ــ داکەندن (ی جلوبـەرگ)؛ ــ کەوتن (ی لەم نموونانەدا : گوللە ــ کەوتن، وە ــ گوللە کەوتن، ئەوەندە میراتی ــ کـەوت، پێهەڵگوتنی ــ کەوت، « بەراوردی بکە بە : "ــ گوللە دان"»، « لەوە: » ــ کەوتوو : قوربانی، نـەخۆش لە رووی پێوەندیی بە بژیشـکەوە ((من بەرکەوتووی ئەو ددانسازەم : هەمیشە بۆ چارەی ددانم

دەچمە لای ئەو ددانسازە))؛ ــکردن : روو کردنە (( ــ کە بەم‌لاوە = روو بکە ئەم لاوە)؛ بە ــ اکردن (نموونە: خەنجەر بە ــ ا کردن = خەنجەر خستنە پشتێند)؛ لە ــ کردن : کردنە ــ ( جلوبەرگ)؛ ــ تاشین : تاشینی مووی ــ .

بەر ( بە وشەی ترەوە) :

ــ امبەر؛ لە لایەنی ئەوبەر و ئەمبەر بە نیسبەت یەکتر؛ پێچەوانە؛ رایەڵی هاوشان ( وەك : وەزعی دوو هێڵی ئاسنی رێگای قەتار)؛ یەکسان،لە پێوەندیی بە (ی، بە)؛ ــ امبەرێن : رەقابەتی یاریی دۆستانە(وەرزش... ئیدی)؛ ــ امبەری ( شوێن، بیروڕا، لایەنگری ...) لە لایەنی ئەو بوون؛ ــ امبەرکێ : ــ امبەرێن؛ ــ انپێچ ( پۆشاکی ژن): بەرگێکی کە بۆ کارکردن لەسەر جلوبەرگی ئاساییەوە دەکرێتە ــ؛ ــ او : زەویی کشتوکاڵ کە مرۆڤ ئاوی دەدات ( نەك " دێمەکار" کە ئاودانی لەبارانەوەیە)؛ ــ اورد ( ناو، بەڵام بەگشتی ــ اوردکر دن ( لەگەڵ))؛ ــ بانگ (ی رەمەزان) : کۆتایی پێ‌هێنانی رۆژوو لە کاتی خۆیدا، ــ بانگ‌کردن، ــ بانگ‌کردنەوە : بەجێهێنانی ــ بانگ)؛ ــ بار (ی بارگین، ئێستر) : فێرکراوی بارهەڵگرتن؛ ــ بەژن ( خشڵ) : شتێکی کە دەکرێتە ملوانکەوە ( بە بەنێك زنجیرێك شتێك دەکرێتە ملەوە)؛ ــ بەند: بڕوانە :" ــ بەست"؛ ــ بەرەکانی : دژایەتی؛ ــ بەرەکێ : رکابەری ( ی یاری، سیاسەت)؛ ــ بەرۆچکە : گۆشەیەکی ــ هەتاو؛ ــ بەست : کۆسپ، سەددەی ئاو ( ــ بەست‌کردن : بەستنی رێی ئاو بە ــ بەست)؛ ــ بەستی : کۆسپی خۆپاراستن بەرانبەر دوژمن؛ ــ بووك ( ژنی کە لەگەڵ بووکدا دەچێت و دەیباتە ماڵی زاوا)؛ ــ چاو : ئەوەی بە چاو ( یا بە مەجاز بە عەقڵ) دەبینرێت، دیمەن، بینایی چاو، هەستی کە دەموچاو دەریدەبڕێت ( ــ چاو تاریکبوون : نەدیتن بە روونی)؛ لە ــ چاو کەوتن : چیتر بە دڵ نەبوون؛ لە ــ چاو خستن : وا لێ‌کردن کە چیتر دڵ نەیەوێت؛ ــ چاوە : قایش یا پەڕۆیەك کە چاوی پێ دادەپۆشرێت ((موشێ دایان ــ چاوەیەکی بە چاوەوە بوو)؛ شتێك بۆ پاراستنی چاو لە تیشکی تیژی رووناکی؛ ــ چاوگە (خشڵی ژن): زنجیری زۆرتر زێڕ یا زیو کە بە دەوری ناوچەوان و قژدا دەبەسترێت، ــ چاوەی ئەسپ؛ ــ چاو تەنگ: کەسێك حەز دەکات سامان و پارە وەسەریەك‌بنێت و بۆ خەڵك و بۆ خۆیشی بەکارناهێنێت؛ ــ چاو تێر: پێچەوانەی ــ تەنگ؛ ــ چایی: خواردنی بەیانیانە؛ ــ چەپ (ناو و ئاوەڵناو) : رکابەر؛ ــ چیغ : کۆڵەکەی چیغ‌راگر، بڕوانە" چیغ" ( پەردەیەك لە ریزە قامیش کە دەکرێتە دیوار لە ناو خێوەتدا بۆ لێك جیاکردنەوە)؛ ــ دەم : بوونی کەسێك لە جێگایەك (لە حوزووردا)، لە پێش (شوێن)؛ ــ دەرگا، ــ دەرك : شوێنی پێش دەرگا؛ ــ دەس : خزمەتکار، یاریدەدەر (ێکی کە لە نیزیکەوە چاوەڕێ‌دەکات پێی بگوترێت چی بکات)، دەستە ئامێری پێویست ( ی وەك چەکوچ و گاز و بزمار و

ئیدی وێکرا)، ئەسپابی پێویستی سەفەر یا وەرزش ... ئیدی، پارچەی سەر جومگەی دەست لە قۆڵی جلوبەرگ؛ ــ دەسی : کاری ــ دەس؛ ــ دەوك ( شێوازی باکوور) : دۆستی کەیف و خۆشی (ی مەجلیس، یاوەر ...)،هاوکۆڕی خۆشەویست (ی- بلێین - میر)؛ ــ دڕکانە : ئاهەنگی نوقڵانە بەبۆنەی یەکەم دەبەرکردنی جلوبەرگی نوێ؛ ــ دووگ : پێستی بە ــ دووگی مەڕەوە؛ ــ دووخ : سەرەخڕەکەی تەشی کە دارێکی تێ ڕاکراوە؛ ــ ە ٢ (( ئەسڵەکە وەهایە)) : ئەو بەشەی کە وەکو ملوانکە بە ــ سنگی ئەسپدا دەهێنرێتەوە ( بە تەنگەی زینەوەیە)؛ ــ ە ٣ : ( بڕوانە: "کۆشك و بەرە"، " خانوو و بەرە"؛ ــ ە ٤ ــ ە ( ئاوەڵکردار) : هەنگاو بە هەنگاو، کەم کەمە؛ ــ ە : بڕوانە" ــ ەو"؛ ــ ەبەیان : سەرەتای ڕۆژ،کاتی زووی بەیانی؛ ــ ە جێژنان : دوو یا سێ ڕۆژی پێش جێژن (ی ڕەمەزان یا قوربان)؛ ــ ەجووت : زەویی کە یەك وەرز بە یەك جووت گا دەکێڵرێت؛ ــ دوا ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : ڕوو لە دوا، لە دواوە (ــ ەدوا نان : وەدووکەوتن)؛ ــ ەژان : یەکەم ژانەکانی ژنی زگپڕ؛ ــ ەڵلا : ئازاد ( پێچەوانەی" لە بەنددا"، ــ ەڵلاکردن : ئازادکردن لە بەند)؛ ــ ەنگڵ(بەرهەنگڵ، چاڵی ژێرهەنگڵ)؛ ــ ەڕەت : چاڵی سەرداپۆشراو بۆ تێکەوتنی حەیوان، تەڵە؛ ــ ەتەشی : دارۆکەیەکە وە کلکی تەشی دەخرێت تا بەرانبەر قورسایی ببێتەوە؛ ــ ەو : ــ بە ( ڕووەو ...)؛ ــ ەواژ ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : ڕووی هەڵگەڕاوە؛ ــ ەوە : شوێنی پێشەوە؛ ــ گایی : وەرزێر- یکی کە جووت بە گای هێشتا بە جووت ڕانەهاتوو دەکات ( بە جووتی ڕادەهێنێت)؛ ــ گایلکە: ناوی باڵندەیەکی بچووکە؛ ــگشت : زۆر ناسراو، سەرکەوتوو؛ ــ هەڵست : کۆسپ، ڕێگاگر، ئەوەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە؛ ــ ی ( ناو و ئاوەڵناو) : ڕابردوو، قۆناغی پێشین، سەرەتاکان؛ ــ ین : هی ڕابردوو، زۆرکۆن، پێشوو؛ ــ ینان : پێشینان؛ ــ کار: کەرەستەی پێشەکی بۆ کار ئامادەکراو؛ ــ کەڵ : ( ناو ناوەڵناو) : گوێلکی مێی باڵغ ( تەمەن سێ ساڵ، نوێنگین))؛ ــ کەوت : ڕووداو، حاڵەت ( ی بژیشکی)؛ ــ کۆ : بەشی هەرە بەرزبۆوەی دەمی پێشەوەی زین (ی وڵاخ)؛ ــ کۆش : خاولیی بەسەر کۆشدا دەدرێت تا کۆش پیس نەبێت؛ ــ کوڵ : پاروویەك یا خواردنی کەمێك لە چێشت پێش دانانی لەسەر سفرە؛ ــکوت ( ناو و ئاوەڵناو) : هێندێك دەغڵی بە دزی خراوەتە لاوە یا بۆ پێویستیی دەستبەجێ بردراوە؛ ــ ماڵ١(ی کە نوێژی لەسەر دەکرێت)؛ ــ ماڵ٢: بەشی درێژبۆوەی خێوەت کە بۆ پتەوکردنی بەکاردێت؛ ــ ماوە : شتی (کەمی) کە لە شتێك ماوەتەوە ( پاشماوەی خۆراك ... ئیدی)؛ ــ مەمکانە : منداڵی شیرەخۆر؛ ــ مسوڵلان : ( بەشی ژێرەوەی زگ کە دەکەوێتە نێوان زگ و ڕان، ــ مسوڵدان)؛ ــ موور ( خشڵ) : گەردانە، ملوانکە؛ ــ ناچە ( بەرنامەیەکی - بلێین- وەك ئەوەی کۆنسێرتی مووسیقا)؛ ــ نامە : پرۆگرام؛ ــ وك : بەشی ڕووی پێشەوەی، پارچەی سەر سنگ (ی زرێ بەفوونە)، پارچەیەك لە یەخەوە تا بەسەر سنگەوە؛ ــ وك

ئیدی وێکرا)، ئەسپابی پێویستی سەفەر یا وەرزش ... ئیدی، پارچەی سەر جومگەی دەست لە قۆڵی جلوبەرگ؛ ـ دەسی : کاری ـ دەس؛ ـ دەوك ( شێوازی باکوور) : دۆستی کەیف و خۆشی (ی مەجلیس، یاوەر ...)،هاوکۆڕی خۆشەویست (ی- بڵێین - میر)؛ ـ دڕکانە : ئاهەنگی نوقڵانە بەبۆنەی یەکەم دەبەرکردنی جلوبەرگی نوێ؛ ـ دووگ : پێستی بە ـ دووگی مەڕەوە؛ ـ دووخ : سەرەخڕەکەی تەشی کە دارێکی تێڕاکراوە؛ ـ ە ٢ (( ئەسڵەکە وەهایە)) : ئەو بەشەی کە وەکو ملوانکە بە ـ سنگی ئەسپدا دەهێنرێتەوە ( بە تەنگەی زینەوەیە)؛ ـ ە ٣ : ( بڕوانە: " کۆشك و بەرە"، " خانوو و بەرە"؛ ـ ە ٤ ـ ە ( ئاوەڵکردار) : هەنگاو بە هەنگاو، کەم‌کەمە؛ ـ ە : بڕوانە" ـ ەو"؛ ـ ەبەیان : سەرەتای رۆژ،کاتی زووی بەیانی؛ ـ ە جێژنان : دوو یا سێ رۆژی پێش جێژن (ی رەمەزان یا قوربان)؛ ـ ەجووت : زەویی کە یەك وەرز بە یەك جووت گا دەکێڵرێت؛ ـ دوا ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : روو لە دوا، لە دواوە (ـ ەدوا نان : وەدووکەوتن)؛ ـ ەژان : یەکەم ژانەکانی ژنی زگپڕ؛ ـ ەڵڵا : ئازاد ( پێچەوانەی" لە بەنددا"، ـ ەڵڵاکردن : ئازادکردن لە بەند)؛ ـ ەنگڵ(بەرهەنگڵ، چاڵی ژێرهەنگڵ)؛ ـ ەڕەت : چاڵی سەرداپۆشراو بۆ تێکەوتنی حەیوان، تەڵە؛ ـ ەتەشی : دارۆکەیەکە وە کلکی تەشی دەخرێت تا بەرانبەر قورسایی ببێتەوە؛ ـ ەو : ـ بە ( رووەو ...)؛ ـ ەواژ ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : رووی هەڵگەڕاوە؛ ـ ەوە : شوێنی پێشەوە؛ ـ گایی : وەرزێر- ێکی کە جووت بە گای هێشتا بە جووت رانەهاتوو دەکات ( بە جووتی رادەهێنێت)؛ ـ گایلکە: ناوی باڵندەیەکی بچووکە؛ ـگشت : زۆر ناسراو، سەرکەوتوو؛ ـ هەڵست : کۆسپ، رێگاگر، ئەوەی رووبەڕوو دەبێتەوە؛ ـ ی ( ناو و ئاوەڵناو) : رابردوو، قۆناغی پێشین، سەرەتاکان؛ ـ ین : هی رابردوو، زۆرکۆن، پێشوو؛ ـ ینان : پێشینان؛ ـ کار: کەرەستەی پێشەکی بۆ کار ئامادەکراو؛ ـ کەڵ : ( ناو ناوەڵناو) : گوێلکی مێی باڵغ (( تەمەن سێ ساڵ، نوێنگین))؛ ـ کەوت : رووداو، حاڵەت ( ی بژیشکی)؛ ـ کۆ : بەشی هەرە بەرزبۆوەی دەمی پێشەوەی زین (ی وڵاخ)؛ ـ کۆش : خاولیی بەسەر کۆشدا دەدرێت تا کۆش پیس نەبێت؛ ـ کوڵ : پاروویەك یا خواردنی کەمێك لە چێشت پێش دانانی لەسەر سفرە؛ ـکوت ( ناو و ئاوەڵناو) : هێندێك دەغڵی بە دزی خراوەتە لاوە یا بۆ پێویستیی دەستبەجێ بردراوە؛ ـ ماڵ١(ی کە نوێژی لەسەر دەکرێت)؛ ـ ماڵ٢: بەشی درێژبۆوەی خێوەت کە بۆ پتەوکردنی بەکاردێت؛ ـ ماوە : شتی (کەمی) کە لە شتێك ماوەتەوە ( پاشماوەی خۆراك ... ئیدی)؛ ـ مەمکانە : منداڵی شیرەخۆر؛ ـ مسوڵڵان : ( بەشی ژێرەوەی زگ کە دەکەوێتە نێوان زگ و ران، ـ مسوڵدان)؛ ـ موور ( خشڵ) : گەردانە، ملوانکە؛ ـ نامچە ( بەرنامەیەکی - بڵێین- وەك ئەوەی کۆنسێرتی مووسیقا)؛ ـ نامە : پرۆگرام؛ ـ ۆك : بەشی رووی پێشەوەی، پارچەی سەر سنگ (ی زرێ بەفوونە)، پارچەیەك لە یەخەوە تا بەسەر سنگەوە؛ ـ ۆك

بەردان : واز لێهێنان، لێگەڕان ( پێچەوانەی ــ وەك گرتن)؛ ــ وەك گرتن : (ی) خۆ تێگەیاندن و دواندن بە خۆ سەپاندن کە بەرانبەر پێی ناخۆشە؛ ــ پەچ، ــ پەرچ : خوارکردنەوەی سەری بزمارێکە لەوسەر یا لەودیو (ی تەختە) دەرچوو، پێچەوانە بوون؛ ــ پەچدان، ــ پەرچدانەوە : کرداری ــ پەچ؛ ــ پێ : مەودا شوێنی پێش مرۆڤ ( ــ پێی خۆت ببینە : سەیر بکە دەچیە کوێ)؛ ــ قەندە، ــ قلیان: بەرچایی(خواردنی بەیانیانە)؛ ــ رۆژ : ئەو ــ ەی گردی کە رۆژ دەیگرێتەوە، adretto ؟؛ ــ سێڵ : جۆرە نانێك کە لەسەر سێڵ دەبرژێندرێت؛ ــ سمێڵ : بەشی سمێڵی رێك سەر لێو( ــ سمێڵ کردن : هەڵپاچینی ــ سمێڵ)؛ ــ سیلە : قۆرە ( ترێی نەگەیشتوو)؛ ــ شێو : بڕوانە" ــ بانگ"؛ ــ تەشی : ــ دووخی تەشی؛ ــ تر ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : زووتر، پێش ئەوە؛ ــ ەودوا : ( ئاوەڵناو) یەك بە دوای یەکدا((!))؛ ــ و پشت ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : هەڵگەڕاوە، ــ ەواژ، هەر دوو دیوی قوماش ( ــ و پشتی نیە : هەڵوێستی جێی متمانە نیە، سەقامگیر نیە، بێ رەوشتە)؛ ــ وو: بڕوانە" ــ ی"؛ ــ وانکە : بەرهەڵبێنە (پارچەیەك پەڕۆ ...ئیدی کە لە کاتی کاردا بەخۆوە دەگیرێت تاکو جلوبەرگ پیس نەبێت)؛ ــ وار، ــ وارە : خانووی گەورەی زۆرتر لە دەرەوەی شار؛ ــ وەستا : شاگردی وەستا؛ ــ یان : بەشی پێشەوە، روو نان لە چوونە پێشەوەدا؛ ــ زین : ئەسپی فێرکراو بۆ بەکارهێنانی سواریی .

بەر٦ : بڕوانە : بەرە .

بەرائەت (عارەبی) : ( راگەیاندنی) بێتاوانی؛ ــ کردن : کرداری راگەیاندنی ــ .

بەران : نێرینەی پەز ( کە تەمەنی چوار ساڵی تەواوکردووە)، بورجێکی ئەستێرەناسی Aries ( بورجی ئەوانەی مانگی نەورۆز لەدایکبوون)؛ ــ ی قەیرە : بەرانی تەمەن پێنج ساڵ و پتر؛ ــ بەردان ( بە شێوازی باکوور) : وەرزی جووتبوونی مەڕ و بەران، سەرەتای نوامبر؛ ــ پۆز : بە دەموچاو بەران ئاسا .

بەرات١(عارەبی) : پسووڵەیەکی رەسمیی سەلماندنی ئەوە کە پارەیەك دراوە، سەنەدێکی کە وەك پارە وەردەگیرێت، چەك (ی پارە)، پسووڵەی رێگادانی تێپەڕینی کووتاڵ ( دوای دانی باج ... ئیدی)؛ پارەی دەلالی، سەنەدی پێویستی دیپلۆمات بۆ قەبووڵکرانی بە نوێنەری دەوڵەتێك، پارچۆڵە قوڕێك ( ئەوەندەی نیو قامکێك؟ ) لە مەرقەدی شێخ عەدی کە یەزیدی هەڵیدەگرن .

بەرات٢ ( بەگشتی) : شەوی ــ : ئێوارە یا شەوی ١٤ لە سەر ١٥ی شەعبان ( کە منداڵان دەگەڕێن گۆرانیی " ئەمشەو شەوی بەراتە" دەڵێن) .

بەرایی : قەناعەت (ی بیروڕا)؛ ـــ دان : کرداری را لەسەربوون ( دڵم بەرایی نادا : دڵ و ویژدانم بۆ ئەوە دەڵێت نا)؛ چاو ـــ نەدان یا نەهاتن : حەزنەکردنی دیتن، تەحەمول نەکردنی دیتن، بشڕوانە "بڕوایی" .

بەراز؛ ـــ ە : کەڵبە (دوو یا چوار ددانیگەورەی پێشەوەی هێندێك حەیوان)؛ ـــ خۆر ئەوەی گۆشتی بەراز دەخوات؛ هەروەها: وەراز .

بەرباد( ئاوەڵناو) : وێرانبوو، هیچ پێوەنەماو، لەکەڵك کەوتوو ( بەهۆی زێدە خواردنەوە و مەستی و ئەو شتانە ؟) .

بەربەر : سەرتاش .

بەربەسێڵ : ناوی چێشتێکە بە گۆشت و ماست سازدەکرێت .

بەربوورە(هەر تەنیا بەجۆرە) : لە ـــ: بە بێ ئامادەکردنی پێشەکی(دەستبەجێ گوتراو بە بێ ئامادەکاری بۆکران) .

بەرچنە : ( یەکێك لە هەر دوو) سەبەتەی کە لە هەر لایەی وڵاخ بار دەکرێت .

بەرد؛ لە ـــ دان : بە خۆڕایی، بە بێ کەڵك، لە دەستدان، بە فیڕۆ دان؛ سەر دان لە ـــ : هەڵەکردن، کردنی شتێك کە پەشیمانیی لەدووبێت؛ هەزار ـــ لە پشت دان : شەرمەزارکردن، ریسواکردن؛ ( ـــ تاش : وەستای ـــ تاشین بە شێوەیەك کە ـــ ەکە بۆ دروستکردنی خانوو بەکەڵك بێت) .

بەرد ( بە شتی ترەوە) :

ـــ اش : بەردی ئاش؛ ـــ اوێژ : بەردهاوێژ، مەودایەك کە فڕێدانی ـــ ێك بەدەستی مرۆڤ بیگاتێت؛ ـــ ەعا زەبە : ـــ ێك کە بۆ قورسایی بە وەرزش هەڵدەگیرێت؛ ـــ ە باڵکە : ـــ ی رێك و درێژ بۆ لەسەر نووسین یا نەقش (( کوڵەکەی وەك ئەوەی قانوونەکانی حامورابی لەسەرنووسراوە))؛ ـــ ەباران : زۆر بەرد پێدادان تا کوشتن؛ ـــ ەباز : چەند ـــ ی لە رووبارێك یا قوڕاوێك ... ئیدیی لێك نیزیك بۆ بەسەردا پەڕینەوە؛ ـــ ەبیرۆ : ـــ ی گرانیت، شتی زۆر رەق. ـــ ە فڕکێ (ناو) : ـــ فڕێدان؛ ـــ ەکانی : دارلاستیق، قۆچەقانی؛ ـــ ەڵان : زەویی پڕ لە بەرد ؛ ـــ ەڵانی (ناو و ئاوەڵناو) : ـــ ەڵان؛ ـــ ەمۆرە: پارچە قوڕێکی وشککراو( لە کەربەلاوە)کە شیعە لە نوێژدا کاتی سوجدە ناوچەوانی دەگەیەنێ؛ ـــ ەنوێژ : ـــ ێك بەتایبەتی بۆ نوێژلەسەرکردن تەرخان کراوە؛ ـــ ەنووس : نووسراوی سەر ـــ؛ ـــ ەپێ : ـــ ی رەشی گرکانییکون-کون کە لەجیاتی لفکە بۆ پاککردنەوەی پێ بەکاردێت؛ ـــ ەڕێژ: ـــی ریزکراوی کە سەر رووی رێگای پێ داپۆشراوە ( ـــ ەڕێژکردن : رێگا دروستکردن بە داپۆشینی بە ـــ؛ ـــ ەستێ ( بەردئەستێ) : ـــ ی کە بە لێدانی ئاسنێك ( ئەستێ) لەجیاتی چەخماخ یا شەمچە بۆ ئاگرکردنەوە بەکاردێت؛ ـــ ەشۆر : ـــ ی پانی لای رووبار یا کانی ... ئیدی کە بۆ جل لەسەر شۆرین بەکاردێت، ( بەگشتی:) ـــ ەشۆرکردن : شۆرینی جل بە ئاو تا چیتر سابوونەکەی

پێوه نەمێنێت؛ ــ ین : لە ــ .

بەردار : بەبەر(ی میوه)، قەبووڵکار (( چ خودا ــ ە؟ : خوا ئەوە چۆن قەبووڵ دەکات ؟)) .

بەردیل : مەڕی تەمەن سێ ساڵ .

بەرەبەرە : وشەی فەرمان دانە گای جووت لە کۆتایی خەتدا کە بگەڕێتەوە .

بەرەکەت (عارەبی)؛ ــ دا ( خوا ــ بدات : بەخت چاك بێت، خوا یار بێت)؛ ــ تێکەوتن : گەشەکردن، سەرفراز بوون، دەوڵەمەندبوون ... .

بەرەنگار (بەگشتی) ــ بوون : ڕووبەڕووبوون ( تووشبوون بە ڕێکەوت، یا بۆ بەگژداچوون) .

بەرەو ( هەروەها: بەرە) بەر بە ( ڕوو لە، بۆ لای ( ئاقار) (( ــ بڕی : پێشپێگرتن و ڕاگرتن لە نێوان دوو شوێندا ( بە کردار : ــ بڕیدانەوە، ــ بڕیکردن)؛ ــ دوا: ڕوو لە دوا ( کات یا شوێن)؛ ــ دوا نان : بە شوێندا چوون بە نیازی وەدەستهێنان یا گرتن؛ ــ دوو (هەمان شت : ــ دوا)؛ ــ ژێر : ڕوو لە ژێرەوە ( ــ ژێربوونەوە : چوونە ژێر، چوونە خوار؛ ــ ژێر کردنەوە : ناردنە ژێر یا خوار)؛ ــ ژێرە، ــ ژێرکە : ( نشێو، پێچەوانەی هەوراز)؛ ــ ژوور: ڕوو لە ژوور، بۆ لای ژوور (ــ ژووربوونەوە : چوونە (لای) ژوور، ــ ژوورکردنەوە، ناردنە ژوور؛ ــ ژوورە، ــ ژوورکە : هەوراز)؛ ــ کوێ ؟ : بۆ چ شوێنێك ؟ ( بە مەجازیش)؛ ــ پاش : بۆ لای پاشەوە؛ ــ پایز : خەرمانان ( مانگی ئاب - ئەیلوول، بڕوانە : پاشکۆی ناوی مانگەکان)؛ ــ پێش : بۆ پێشەوە؛ ــ پیری : دیتن و یەکترگرتنەوە ( و بڕوانە : "پیر١")؛ ــ ڕوو : ڕووبەڕوو، بەرامبەر( هاتن، ــ ڕووبوونەوە : ڕووبەڕووبوونەوە؛ ــ ڕووکردنەوە(ی) کەسێك؛ ــ خوڕ ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : بە پێچەوانەی ڕووی ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبار؛ ــ خوار : ڕوو لە خوار؛ ــ خوارە، ــ خوارکە : بڕوانە " ــ ژێرە" .

بەرگ : گەڵا، پۆشاك، دیوی دەرەوەی داپۆشین، یەکێك لە زنجیرەی چەند کتێبی کە چەند بەشی یەك هەمان یەك کتێبن ((پاژ))؛ ــ پیاگرتن؛ ــ تێگرتن؛ ــ دروو: خەیات؛ ــ ەدۆشەگ: ــ ی دۆشەگ؛ ــ ە لێفە؛ ــ ە سەرین .

بەرگە : توانای تەحەمول، مقاوەمەت؛ ــ گرتن (ی) ( کرداری ــ)، کەواتە لەوە : ــ گر، ــ گری .

بەرگەل : بڕوانە" بەرخەل" .

بەرگن : خوریی زۆر نەرمی بەرخ .

بەرهەم؛ هاتنە ــ؛ هێنانە ــ .

بەری (عارەبی) : بێتاوان، بڕوانە " بەرائەت" .

بەرژەنەك : بەشێکە لە دەستگای جۆلایی .

بەرژەوەند ( ئاوەڵناو) : بەتوانا ، کارا و لە ئاستی پێویست capable, efficient ؟!

بەرماغ ( تورکی) : پەڕەسیغار ، کاغەزی جغارە .

بەرپا ( فارسی، بەگشتی :) ــ بوون ( دامەزران، هەستان)، ــ کردن ( دامەزراندن، هەستاندن) .

بەرتیل .

بەرخ؛ ــ ـەل : بەرخگەل، کۆمەڵەبەرخ؛ ــ ـەڵەوان : شوانی ــ ـەلان؛ ــ ۆڵە ــ ی تەمەن خوار سێ مانگ .

بەرز؛ ــ بوون؛ ــ بوونەوە؛ ــ فڕین ( و بە مەجاز : زێدەڕۆیی لاف لێدان)؛ ــکردنەوە( سەر ــ کردنەوە : یاخیبوون (لێ)؛ ــ ایی؛ ــ مبڵێس : زۆر دەڵێت یا دەڵێتەوە و نایبڕێتەوە؛ ــ ەجڕە، ــ ەچڕە : جۆرێك سیسر یا کوللەئاسا کە دەنگی باریك و جڕەی درێژی تیژە cicada؛ ــ ە دەماغ : بە رووحی حەماس، دلێر، زیت، بەکەیف و زیندوو؛ ــ ەك : بەرزترین نوختە ( وەکو ــ ەکی بانان بۆی دەرچوون : بێ کێشە توانیان لە وەزعەکە و هەر نەتیجەیەکی خراپی دەرچن)؛ ــ ەلنگ : ناوی گیایەکی بۆنخۆشە ( ڕەنگە lavender بێت، بە عارەبی: لاونطە)؛ ــ ەپێ، ــ ەپێ هەڵسان ( بەتەواوی هەستانە سەر پێ)؛ ــ ە ولاخ : ئەسپ، ئێستر؛ ــ ی : دۆخی ــ بوون .

بەرە (ی ڕاخەر) ،

بەرەزا : ناوی گیایەکە .

بەڕوو؛ ــ لە : دارۆکێك کە دەخرێتە کونێکی دارێکی گەورەتر تاکو ڕایبگرێت (( لە دەستگای جووت))؛ ــ لە ترۆزی : جۆرێك خەیار(هاروێ، ئاروو)ی بچووك .

بەس ( ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : چیتر نا ؛ ــ ـەزمان : پێچەوانەی گورج و زیت و زیندوو و بەتوانا .

بەسر : ــ پێرار : پێش سێ ساڵ، ــ پێرێ : سێ ڕۆژ پێش ئێستا .

بەسمەلە : گوتنی بیسمیللا ( بە ناوی خودا) .

بەست (ناو) بەسترانەوە (دەرنەچوون لە قانوون یا پەیمان ...)، بەنداو، شوێنێکی بەرینی بە زیخ و چەوی بەر ئاوی ڕووبار؛ لە ــ بوون : بەستراوەیی بە پەیمان ...ئیدی)؛ ــ ـە: گۆرانی،گۆرانیی بە ئاوازی وەك پۆپ و جاز)؛ هیچی تیا ــ نیە : هیچ مەسەلەیەك نیە؛ ــ ـەك : کۆما، شتی پێچراوە ( لە نامە پتر)ی کە بەرید( پۆست) دەیهێنێت؛ ــ ـەڵەك، ــ ـەڵۆك : زەویی کە سەهۆڵ داپێشیوە؛ ــ ـەنی، ــ وولە : دۆندرمە، ئایس‌کریم .

بەست/ ن (بەست) (کردار) : پێوە بەندکردن، گرتن (ی ڕێگا) یا داخستن (ی دەرگا، سندووق ...)، پێکهێنان ( ی

کۆڕ، کۆبوونەوە)، ( کرداری تێنەپەڕ:) چیتر نەمانی دۆخی شلەیی،بە مەیین و رەقبوونی)؛ ــ ران (ــ ڕێ) پاسیڤی کرداری ــ: نەتوانینی جووتبوون لەگەڵ بووکدا(ــ راوە، ــ وویانە : ناتوانێت جنس لەگەڵ بووکیدا بەجێبهێنێت)؛

ــ نەوە : پێوە بەندکردن ...، بە زیرەکی لەبەرانبەری بردەوە و بەزاندی ( نموونە : بەو بەڵگەیە ــ یەوە) .

بەستوو، بەستووکە : دەفر و ئامانی لە گڵ نراو( لە ئاگر خراو)ی لووس (کووپە، کیتەڵە ...) .

بەش : هەندێك لە هەموو؛ خوایە سپاسم بە ــت : خوایە بۆ ئەوەی بە منت داوە سوپاست دەکەم؛ ــ ی خۆ بردن؛

ــ بران : مەحرووم‌کران لەوە بەری‌بکەوێت ( کەواتە ــ : بڕاو : بوونە بێ ــ)؛ ــ کردن (لێ، بەسەردا) : دابەشکردن؛

ــ خوران بڕوانە :"ــ بڕان"؛ ــ بەر: میراتگر؛ ــ دار (ناو و ئاوەڵناو) : ئەوەی کە ــ ی تێدا هەیە، یەکێکە لەوانەی کە لە کارێکدا لەگەڵدایە، ( ئەگەر ــ ـە ــ دارین : ــ ی خۆمان دەوێت)؛ ــ ـەکی : شیرکەتی بازرگانی ((!)) .

بەشەر ( لە عارەبی) : مرۆڤ .

بەشینەوە ( بەش) : دابەش‌کردن (بەسەر ...دا)، بڕوانە : دابەشین .

بەشکە : بەشکێکو، بەشکم، بەشکو: بەڵکو .

بەتاڵ (عارەبی) : هیچ تێدا نەبوون، بێکار .

بەتە : جۆرە عابایەکی سووکە .

بەوبەو : جۆرە باڵندەیەکی بچووکە .

بەور: پڵنگی خەت- خەتی ئاسیایی (leopard بە عارەبی و فارسی: ببر)، پڵنگ(ی خاڵ- خاڵ، tiger ، بە عارەبی : نمر، فارسی : پلنگ)؛ ــ ی بەیان : حەیوانی دڕندەی برسیی بە شوێن نێچیردا دەگەڕێت .

بەورەشینکە : جۆرە کوانێکی سەر پێست malignant uclar .

بەوش : قامیشێکە جۆلا هەرجارە پۆی کرەکەی پێ دەپەستێت .

بەوز : ناوی دارێکی لێرە .

بەخێو : لە " بە٦"دا بۆی بڕوانە .

بەخیل ( عارەبی، ناو و ئاوەڵناو) : بڕوانە : رژد( سەقیل، دەست قووچاو) .

بەخش : پارە یا شتێکی تری کە بە دیاری دەدرێت؛ ــ ایشت : لێبوردن،گەردن ئازادکردن، بەزەیی؛ ــ ایشگەر: بەبەزەیی (خودا)؛ ــگەر: ئەوەی ــ دەکات؛ ــ ندە: بە رەوشتی ــکردن؛ ــ ایش: ــ ێکی زۆرتر بۆ خاوەن پلەیەکی کەمتر، پارەیەکی کەم بە دیاری بۆ کرێکارێك بۆ کارێك .

بەخشین (بەخش) (کردار) : دانی دیارییەك یا پێشکەشییەك، لێبوردن .

بەخت : شانسی هاتی باش؛ ـ کردن : خەرجکردن ( بە کرداری تێنەپەڕ) : سیس‌بوون؛ خۆ ـ کردن: خۆ بە قوربان کردن؛ ـ بەرز: خاوەن هاتی باش؛ ـ رەش: ـ خراپ؛ ـ یار: خاوەن ـ ی باش .

بەختە : بەرخی نێری تەمەن سەرووی دوو ساڵ؛ ـ بەران : بەرانی کە بۆ ئاوس‌کردنی مەڕ رادەگیرێت .

بەی (میوەی لە هەرمێ گەورەتر و کەمتر تەڕ)؛ ـ دانە : تۆوی ـ ( وادەبێت دەکرێتە ئاوەوە و دەڵێن بۆ کۆکە باشە)؛ هەروەها: بەهێ .

بەیابەست : تێك‌پەستراو compact .

بەیان١ (عارەبی، ناو) : روونکردنەوە (ی مەبەست)؛ ـ کردن : کرداری بەجێهێنانی ـ .

بەیان٢ : بەشی یەکەمی رۆژ کە نیوەڕۆ کۆتایی دێت : ـ ی زوو، ـ ـەکی : ئەوکەسەی بەیانیی زوو هەڵدەستێت؛ ـ ی: ـ، سبە؛ ـ ی زوو: سەرەتاکانی ـ، سبە زوو؛ ـ یان : لە کاتی ـ ـەکاندا؛ ـ ی زوو لەوسەرەوە : زۆر زووی سەر لە بەیانیی سبە .

بەیار ( ناو و ئاوەڵناو) : زەویی کێلانی کە ساڵێك ناچێندرێت تا بحەسێتەوە .

بەیاتە : رۆنی کە کاتی سوورکردنەوەی گۆشت لە گۆشتەکە دەچکێت .

بەیاخ : ئاڵا؛ ـ هەڵدان : کردنەوەی/هەڵکردنی ـ؛ ـ داگرتن: هێنانەخوارەوەی ئاڵا؛ ـ هەڵکردن: ـ هەڵدان؛ ئاڵا داکوتان : چەقاندنی ئاڵا ( لە شوێنێك کە تازە هاتووەتە ژێردەسەڵاتەوە)؛ ـ هەڵگر : ئەوەی ئاڵا هەڵدەگرێت، زبر و هار ( زۆرتر بۆ ژن) .

بەیاز : نووسراوی دەستخەت ( بەگشتی:) بەشێوەی دەفتەرێکی بچووك .

بەیبوون : گوڵە فەقێ، بابوونە Matricaria chamomile هەروەها: بێبوون .

بەیچەل : نەزۆك، ( بۆ روەك : بێ بەر، بۆ بیابان : بێ شینایی و ژیان .

بەیعەت (عارەبی) : سوێندی وەفاداری، پەیمانی پێبەندی .

بەیدەس : بڕوانە "بێدەس" .

بەیەوە : بەفری کە با هێناویە و لە شوێنێك کەڵەکەی کردووە .

بەین (عارەبی) : ناوەڕاست، ـ ـ : ناو بە ناو؛ ـ ێ، ـ ێك : ماوەیەك ( ماوەێکە : ماوەیەك پێشترە) .

بەیت (عارەبی) : یەکە (دێڕ)ی شیعر، چیرۆکی بە شیعر، ـ و بالۆرە : چیرۆکی درێژی کە مرۆڤ قەناعەتی پێ

نابێت؛ ــ و بالۆر کردن : گوتنی ــ و بالۆره .

بەیتار : بژیشکی حەیواناتی ماڵی .

بەیووم : بەد ودم، شووم، بڕوانە " بەدووم " .

بەز : ماددەی چەوری لەش؛ ــ ی چاو : ئەستووربوونێکی ئیلتیهابکردووی لێواری پیلوی چاو؛ ــ ەتاوە ( بە گشتی:) ــ تاوە کردن : بەکارهێنانی ــ بە جۆرە مەڵهەمێك، ڕێخستن بە ــ؛ ــ ی : لە ــ دروستکراو، (بەگشتی:) سابوونی ــ ی : سابوونی لە رووی چۆنێتییەوە کەم مایە؛ ــ و بنێشت : مەڵهەمی چاککەرەوە .

بەزە : گوناهـ؛ ــ کار : گوناهکار ((؟!)) .

بەزەوی، بەزەیی : هەستی رەحم پێداهاتنەوە؛ ــ پیا هاتن : کرداری ــ

بەزین : گەمەیەکی منداڵانە کە لە دەرەوەی ماڵ دەکرێت .

بەز/ ین : ( کرداری تێنەپەڕ) : لێ برانەوە (شکست خواردن)، وەستان لە سەفەردا بۆ مانەوە ( خێوەت هەڵدان لە شوێنێك ... ئیدی)؛ ــ اندن (ــ ێن) کرداری شکست پێدان، و بڕوانە : دا، هەڵـ .

بەزم : کەیف کردن، ئاهەنگ گێران؛ ــ ی شێو: ئاهەنگ گێرانی بە خواردنی ئێوارەوە؛ ــ گرتن: سازدانی ــ؛ ــ پێ گرتن : کێشە و هەرا بۆ نانەوە، بە تووڕەییەوە رووبەڕووبوونەوە؛ ــ گا : هۆڵی ( ساڵۆنی) کۆبوونەوە؛ ــ و رەزم : ــ ی زۆر، ــ ی بەخستی .

بەزۆك ( ئاوەڵناو) : خاوەن رەوشتی قبووڵکردنی بەزین .

بێ١ : بڕوانە " بێت" .

بێ٢ : پێچەوانەی زۆرترینی "بە٦"ـەکان ( نموونە : ــ کڵاو : ئەوەی کڵاوی نیە، ــ دۆست : ئەوەی دۆستی نیە)، وێڕا نەبوون ( نموونە : بە بێ ئەو ناژیم)؛ بە ــ ئەوە لە ( کرداری بەدوویدا لە دۆخی مەرجیدا دەبێت : بە ــ ئەوە کە « بچم» ( نەك " دەچم") ی خەبەری)؛ بە پێش ناوەوە دەلکێت و دەیکات بە ئاوەڵناو ( لە بڕگەی بەدووی ئەمەدا دێینە سەر نموونەی ئەمە) (( نموونە : ئەوەکارێکی ــ جێیە = ئەوە کارێکی نابەجێیە))؛ ــ گا: بڕوانە ــ وەخت؛ ــ قەیی : کردارێکی بێئانقەست یا دوور لە مەبەستی ــ ڕێزی ( ــ قەیی نەبێ : ــ ئەدەبی نەبێت لە رووتاندا ...)؛ ــ وەخت : وەختی شووم، دوای رۆژئاوابوون کە بڕوا وایە جنۆکە لە دەرەوە بن .

بێ٣ : بە پێش زۆر ناوانەوە دەلکێت و دەیانکات بە ئاوەڵناو بە مانای : نەبوو، خاوەنی ( ئەو رەوشتە ...) نیە یا پێچەوانەیەتی، زۆرتریان دەکرێت بە وێخستنی " ی، یی "یەك بن بە دۆخی ئەو شتە :

ـ ئابڕوو : ـ شەرم، ـ شەرەف، سووك، سووكبوو، سووككراو ((؟!))؛ ـ ئاگا : نەزان، پێ نەزان؛ ـ ئاهەنگ : نەبوونی ڕێکی لە ئاهەنگدا؛ ـ ئامان : ـ رەحم، دڵرەق؛ ـ عار: ـ شەرم، درێژپێدەر و پێداگر لەسەر ـ شەرمی؛ ـ ئارام : ئۆقرە نەگر، ناحەسێتەوە، مرۆڤ لێی ناحەسێتەوە؛ ـ ئاو : ( مەڵبەندی زەویی کە) ئاوی ( بۆ کشتوکاڵ و ژیان) لێ نیە؛ ـ ئاوەڵ : ـ وێنە، هی وەکو ئەو یا لە ئاستی ئەودا نیە؛ ـ ئاین : کافر؛ ـ ئازار : نائێشێت، نائێشێنێت؛ ـ باك : نەترس، گوێ بە مەترسی نادات؛ ـ بارە: (بڕوانە "بەهرە")؛ ـ باوەڕ : بەگومان لە راستی (ی چیرۆك، قسە ...)، بە هاسانی بڕوا بە شت ناکات ... ئەگەر هەر هیچ بڕوا بکات)؛ ـ باوك : باوکی نیە؛ ـ بەهرە : ـ شانس، نەزان و نازیرەك، بێکەڵك و پووچ؛ ـ بەر : ـ میوە، ـ بەرهەم، نەزۆك؛ ـ بەش : بەشی تێدا نیە یا نەدراوەتێ؛ ـ بەخت : پەیمانشکێن، خاین بە ئەمانەت، کەسێك کە لێی چاوەڕوان ناکرێت قسەی نێوان و هەڤاڵەتیی بپارێزێت؛ ـ بەزەیی: هەستی بەزەیی نیە؛ ـ بن : (کچ) پەردەی باکرەیی نەماوە (ـ بن کردن : نەهێشتنی پەردەی باکرەیی بە پێوەندیی جنسی)؛ ـ بنج و ریشە؛ ـ بنیاد، ـ بنیات : ـ بناغە؛ ـ برەو : ـ بەر، پێچەوانەی بەبرەو؛ ـ بیم : ئەوەی ترسی نیە، ترسی تێدا نیە، جێی مەترسی نیە، جێی دڵنیاییە؛ ـ جەرگ : ترسنۆك، قزە(عارەبی: جبان)؛ ـ جێ: پێچەوانەی بەجێ؛ ـ چارە: کەسێکی کە چارەی گرفتاریی خۆی پێ ناکرێت ( و کەسیش دە هانایەوە نایەت)، نەخۆشیی کە چارەی نیە؛ ـ چرکە : ـ هێچ دەنگێك لێ ( کە دەکرا لێ بهاتایە بەڵام نایەت)؛ ـ چوون : ـ هاوتا (خودا)؛ ـ داد ۱ : ـ ئەندازە، لەوە زۆرتر کە ژماردنی لەتوانادا بێت، لە سنوور بەدەر زۆر، ( لە بازاڕ) : ئەندازەی ( رادەی) کوتاڵی فرۆش لە داخوازیی کڕین پتر بوون ( لێ تێپەڕین)؛ ـ داد ۲ : ـ عەداڵەت؛ ـ دەم ( بڕوانە "ـ دەم و دان")؛ ـ دەماغ : ـ شەوق، خەفەتبار، ورەکەوتوو، پێچەوانەی بەدەماغ؛ ـ دەم و دان، ـ دەم و پل : کەسێکی کە ناتوانێت مەبەستی بە روونی دەرببڕێت؛ ـ دەنگ : کەسێك کە قسە ناکات؛ ـ دەر : رێی دەرچوون نەبوو، سەرچاوەیەکی یاریدەدان نەبوو؛ ـ دەرەتان : (بڕوانە:) ـ دەر؛ ـ دەرمان: دەرمانی نیە، چاك نابێتەوە؛ ـ دەس : ـ دەسەلات، لە رووی هێز یا زیرەکی یا عەقڵەوە کز، ( ـ دەس کردن : چەك کردن ( چەك لێ سەندن)، توانا لێبڕین)؛ ـ دڵ : پێچەوانەی "بە دڵ" ( ـ دڵیی خۆم ناکەم : دڵم چیی بوێت وادەکەم، بە کەیفی دڵی خۆم دەکەم)؛ ـ درۆ: کەسێکی کە درۆ ناکات، راستگۆ؛ ـ دین : کەسێك کە بڕوای بە هەبوونی خودا نیە Atheist؛ ـ دوایی: ئەوەی کە کۆتایی نیە؛ ـ عەبا: ئەحمەق، ـ کەڵك، ـ تەئسیر، سست((؟!))؛ ـ ئەدەب : خاوەن هەڵسوکەوتی ناشیرین، کەسێك بە ـ رێزی قسە دەکات؛ ـ ئەنجام : ـ نەتیجە؛ ـ ئەندازە : ئەندازەی ناگیرێت، لە ئەندازە بەدەر؛ ـ ئەندێشە : سەرودڵ رەحەت، ـ خەم و نیگەرانی؛ ـ عەقڵ : ئەحمەق؛

ــ عەیب : هیچی وەهای نیە کە لێی بە عەیب بگیرێت؛ ــ فاییە ( ! ــ فایدە) : ــ کەڵك؛ ــ فەڕ : ــ کەڵك، ڕەزا قورس؛ ــ فێڵ : ( بڕوانە" ــ حیلە")؛ ــ گەرد : پاك؛ ــ گرێ : لووس، ڕێك، ڕەوان، ــ کۆسپ؛ ــ گرێ و قۆرت : بە راشکاوی، بە ئاشـکرا و بێ ئـەملاوئـەولا ؛ ــ گوێ : بە قسە (ی فەرمان، ئامۆژگاری ...) ناکات؛ ــ گوناهـ : گوناهی نیە؛ ــ غەرەز : بەجێ و دوور لە ناهەقی، بە ئوسووڵ و بە بێ لایەنی؛ ــ غەش : شتێکی کە بڵێیت بە فێڵ تێدا شاردرابێتەوە نیە؛ ــ غیرەت : ــ شەهامەت، ئەوەی حیرسی بۆ سەر ناموسی نیە، زۆرتر بۆ پیاوێك کە نێوانی ( جنسیی) ژنی خۆی لەگەڵ پیاوی تردا قەبووڵ بکات؛ ــ حاڵ : لە ئەوپەڕی خراپیدا، لە سەر لێواری مەرگ؛ ــ هاوتا : ــ رکابەر، وەکو ئەو نیە؛ ــ حەد : ــ سنوور؛ ــ حەرەکەت ــ : جووڵە، ــ بزووتنەوە؛ ــ حەیا : ــ شەرم؛ ــ هێز : هێزی نیە؛ ــ حیلە: فێڵی تێدا نیە، فێڵ ناکات؛ ــ حیلم : ــ حەوسەلە و سەبر، زوو دەورووژێت و تووڕە دەبێت؛ ــ هیوا : هیوای نیە، لە هیوا بەدەر، بەزەحمەت هیچ هیوایەکی لێ بکرێت؛ ــ هۆش : پێچەوانەی هۆشیار، ــ ئەوە کە بە خۆ بزانێت، بووراوە ( ــ هۆش کەوتن : بوورانەوە)؛ ــ هۆشداڕوو : دەرمانی بـەنج ((!))؛ ــ حورمەت : هی ئەوە نیە ڕێزی لێ بگیرێت؛ ــ ئیدارە : لە هەڵسـووڕاندندا تـەپۆ، لە رووی پارەوە لە کێشدا ؛ ــ ئیمان : نائاینی؛ ــ ئینساف : ــ ویژدان؛ ــ ژمار، ــ ژمارە : ئەوەندە زۆرە ناکرێت بژمێردرێت؛ ــ ژن و منداڵ : ژن و منداڵی نیە؛ ــ ژوو: (مەمکی کە) شیر کەم دەدات ( بۆ هەرتك مرۆڤ و حەیوان بەکاردێت)؛ ــ کار : ئەوەی کاری نیە (ــ کاری : دۆخی ــ کار بوون)؛ ــ کارە : نەشارەزا و ــ توانا ( لە کارێکدا ...)؛ ــ کەڵك : کەڵکی نیە؛ ــ کەماڵ : ئاستی پـەروەردەی یا خوێندەواری یا زەوق و زانیاریی کەم یا نزم؛ ــ کەس : ــ دۆسـت و هـەڤاڵ؛ ــ کەیف : لە رووی لەشساغی و میزاجەوە لە ناخۆشیدا، بە هەست و ڕەنگ و روو ناشاد ؛ ــ کینە : بەمەحەبەت، ڕەوشـت خۆش؛ ــ لایەن : لەگەڵ لایەنێکدا (لە دژی لایەنێکی تر) نیە؛ لە بەرانبەر لایەنانی جیاوازدا وەك یەك بە ئینساف؛ ــ لەکە : ــ پەڵە؛ ــ مانا: ــ مەعنا، ( قسە یا کرداری) پـووچ، ئـەحمەقانە؛ ــ ماریفەت : ــ کەماڵ؛ ــ مایە : ناپایەدار، کەسێکی پێبەندی پرەنسیپ و بیروباوەڕی فکری و ئـەخلاقی نیە؛ ــ مەرگ : ئەوەی قـەت نامرێت (ــ مەرگی (ناو) : دۆخی ــ مەرگـبوون)؛ ــ مەیل: ئەوەی حەزی لێ نیە ( کچێك کە کوڕێك خۆشەویستیی بۆ دەرببڕێت و، ئەو قەبووڵی نەکات یا لە ئاستیدا ساردی پیشان بدات، ئەوە واتا لە ئاست ئەو کوڕەدا ــ مەیلە)؛ ــ : مەزە ــ تام، پێچەوانەی درەخشان، ناگەش؛ ــ مێژگ : ــ مێشك؛ ــ منەت : باك پێنـەبوو، ئەوەی ( لە قسە و بڕیار و هەڵوێستدا) بەرژەوەندیتایبەتی خۆی ناخوێنێتەوە، مەبەستی شەخسیی تێدا نیە و چاوی لە پاداش نیە؛ ــ مز: بە ــ دانی پارەی کڕین یا کرێی شتێك، بەلاش (بەخۆڕایی)؛ ــ موو: مووی پێوە نیە، ــ ریش؛ ــ ناموس :

ــ شەرەف؛ ــ ناو، ــ و نیشان : ئەوەی ناوی نیە، نەناسراو؛ ــ نەوا : ئەوەی سەرچاوەی بژیوی نیە،هەژار؛ ــ نیاز: هیچی ناوێت، قانیع؛ ــ نوێژ: ژن لە حەیزدا ( ــ نوێژی : حەیز، خوێنهاتنی مانگانە)؛ ــ پایان ــ بن، ــ کۆتایی؛ ــ پەلە : ئەوەی پەلەی پێوە نیە؛ ــ پەردە : بە کراوەیی، بە راشکاوی؛ ــ پەروا : ــ ترس، سوور و پێداگر ( لە سەر هەڵوێست، بڕیار، بیروباوەڕ ...)؛ ــ پەڕ و باڵ : ( لە رووی شەخسیەتەوە ــ هێز، ــ دەسەڵات)؛ ــ پەی : ــ بن؛ ــ پێوانە : ــ ئەندازە، لە پێوان نایەت؛ ــ پۆ ( شێوازی گۆران) : کاتی ( هەر بۆ ماوەیەك، نەك بۆ هەمیشە)؛ ــ قەباحەت : ــ گوناهـ، ــ عەیب؛ ــ قەدر : ئەوەی رێزی لێ ناگیرێت، ناگرنگ، ئەوەی بە گرنگ سەیر ناکرێت؛ ــ قەوەت : ــ هێز، ( لە ماندوویی) هێز تێدا نەماو؛ ــ قەول : ئەوەی جێی بڕوا نیە، غەددار، خاین ( بە بەڵێن، قسەی ...)؛ ــ قیمەت : ــ نرخ، هیچ ناهێنێت؛ ــ قوسوور : ــ کەمایەسی، ــ عەیب؛ ــ رەزا : خوێن تاڵ؛ ــ رێ، ــ رێ و جێ : نە لە جێی خۆیدا، نەگونجاو، نامناسب؛ ــ رێوشوێن : کەسێکی کە هیچ گرنگ نیە، تازە بە سەر ( نیعمەتدا) کەوتوو؛ ــ ریا : ( لە قسەدا) ــ پێچوپەنا؛ بە راشکاوی و راستەوڕاست؛ ــ ریش : ئەوەی ریشی نیە؛ ــ ریز (( نەك رێز)) : ئەوەندە ناهێنێت کە رێزی لێ بگیرێت؛ ــ ڕوو: ــ شەرم؛ ــ سامان : ئەوەی سامانی نیە، ــ پارەوپوول؛ ــ سەبات : ئەوەی لە سەر بیرێك یا هەڵوێستێك یا وەزعێك سەقامگیر نیە، لە سەر یەك رێگا بەردەوام نیە؛ ــ سەبر : سەبری نیە؛ ــ سەنگ و رەنگ : ئەوەی سەرنج راناکێشێت، زەوق نایگرێت؛ ــ سەرەتا: ( ئاگاداریی) چاوەڕواننەکراو؛ ــ سەروبن، ــ سەروپێ: ــ کەڵك، ــ مانا(عەقڵ نایگرێتەوە)، نائاسایی،(کەسێکی کە) بە کەڵکی هیچ نایەت؛ ــ سەروسامان : ناگرنگ؛ ــ سەروشوێن : بێ ماڵ و حاڵ، ئاوارە و ــ کار، ــ کەڵك و ــ کار، خوێڕی، نەناسراو، (( ئەوەی تێدا نیە کە بە کەسێکیش دەڵێن کە ئیتر نازانرێت کەوتووەتە کوێ و چیی بەسەرهاتووە))؛ ــ سیفەت : پێچەوانەی بەسیفەت؛ ــ سوود: ــ کەڵك، ــ شەرەف؛ ــ شەرم : ــ حەیا؛ ــ شەوق١: کز ( کەم رووناکی)، ناگەش؛ ــ شەوق٢ : پێچەوانەی بەشەوق؛ ــ شعوور : ــ هەست، دڵڕەق؛ ــ شومار( فارسی، بڕوانە:"ــ ژمار")؛ ــ تا : ــ هاوتا، ــ رکابەر؛ ــ تام : (خۆراك) ئەوەی تامی نیە،( کەس، کتێب، ...) شتی خۆش و جێ سەرنجی تێدا نیە؛ ــ تاقەت، ــ تاو: ــ هێز، ــ وزە؛ ــ تاوان : تاوانی نیە، ــ گوناهـ؛ ــ تەبیات : (لە میزاج و زەوقدا) درشت؛ ــ تەل : ئەوەی بە ــ تەل دەنگ دەگەیەنێت ( بە رادیۆ و ئیدی)؛ ــ تەرەف ( بڕوانە" ــ لایەن")؛ ــ ترس : ئەوەی لەحاڵەتی ترساندا نیە، مەترسیی نیە؛ ــ تووك : مووی پێوە نیە؛ ــ وار : هەژار، بێچارە ( ئاتاج و لێقەوماو و نەگبەت)؛ ــ وەچ : ــ جێ؛ ــ وەفا: ــ سیفەت؛ ــ وەقرە : ــ ئارامی؛ ــ وەی : ــ زیان پێ کەوتن، ــ زیان لێدان ( لە کەس یا لە هەرچی)؛ ــ وێنە : هاوتای نیە ( کە پێی بەراورد بکرێت)؛ ــ وچان : ــ لە سەریەك،

ـ بڕانتێکـەوتن؛ ـ وڵەت : بـەدبەخت؛ ـ ورە : رووحییەت نەبوو یا نزم، بە ترسنۆکی؛ ـ وزە : هێز تێدا نەبوو؛ ـ خاڵ : خاڵ یا پـەڵەیەکی بچووك یا نوختەی پێوە نیە؛ ـ خان و مان : ـ ماڵ؛ ـ خاوەند: ـ دۆست و هـەڤاڵ، ـ پشتیوان؛ ـ خەبەر : ـ ئاگا؛ ـ خـەم : ئەوەی خـەم یا مەراقی شـتێکی لە دڵدا نیە؛ ـ خەرجی : ئەوەی هیچ پارەی نیە یا پارەی زۆر کـەمی هەیە؛ ـ خەو : ئەوەی نـاخەوێت یا خـەوی لێ ناکەوێت ( بە مـەجازیش)؛ ـ خەو و خۆراك : ئەوەی ناتوانێت بخەوێت یا بخوات، خەمبار؛ ـ خێر: ـ کەڵك ( کەس یا شت)؛ ـ خـۆ : ئـاگا لە خـۆ بڕان،هەست نەمان (لە" کۆما"دا)؛ ـ خوێ : ـ تام؛ ـ زانست : ئەوەی زانستی وەرنەگرتووە،نەزان،نەیخوێندووە؛ ـ زات : کەسێکی کە لە ترسان یا لە ناخۆشیدا زۆر دەشێوێت، بەهۆی ترس یا شەرم ئازایی نیە؛ ـ زمان: ئەوەی ( لەحزەیەك بە هۆی رووداوێکی لەپڕ ...ئیدی) لە قسە دەکەوێت، زمانی ناگەڕێت، ـ دەم و دوو .

بێ : دۆخی فەرمانی کرداری " هاتن" بۆ دووەم کەسی تاك، بەراوردی بکە بە " وەرە" ( بێ = وەرە) .

بێ : بڕوانە " بێت" ( بێت، بێتن : کرداری کاتی ئێستا و داهاتووی کەسی سێیەمی تاکی" هاتن" : ئەو بێ، بێت، بێتن) .

بێبوون : بڕوانە " بەیبوون" .

بێجگە : بێلە؛ ـ لە، بشڕوانە : جگە .

بێچوو١ : ناوی پارەیەکی عوسمانییە .

بێچوو٢: منداڵی حەیوان (وە ناوی هەر حەیوانێك بخرێت دەبێتە ناوی لێکدراوی منداڵی ئەو حەیوانە: ـ ە پشیلە : منداڵی پشیلە)؛ ـ لە : ـ ی بچووك .

بێدار ( فارسی، ئاوەڵناو) : بەئاگا، هۆشیار، پێچـەوانەی خـەوتوو؛ ـ بوونەوە : کۆتاییهاتنی خەولێکەوتوویی؛ ـ کردنەوە (کرداری تێپەڕ) : لە خەو هەستاندن؛ ـ ی : دۆخی ـ بوون .

بێگانە ( ناو و ئاوەڵناو) : هی وڵاتێکی یا خەڵکی نەتەوەیەکی تر؛ ـ بەدەر : ئەی بێیگانەکان تکایە بچنەدەر، ( لە پەرلەماندا) : جگە لە ئەندامان و ئەو کارمەندانەی بە قانوون رێگای مانەوەیان هەیە، ئەوانی تر هەموو بچنە دەر؛ ـ پەرست : خاین .

بێگار : کاری بە زۆر، کاری بە بێ مز بۆ ئاغا، بۆ دەسەڵاتدار ... ئیدی؛ ـ ی ( بەگشتی : بە ـ ی ): بە شێوەی ـ .

بێگەن : بڕوانە" بۆگەن" لە " بۆ٣"دا .

- بێژ : هەر بە بەشی دووەمی ناوی لێکدراو بەکاردێت، واتا کاری بەشی یەکەمی وشەکە ( گۆرانی ـــ : کارای ( گوتنی) گۆرانی، ئەو کەسەی گوتنی گۆرانی کارییەتی) .

بێژان١ : ناوی گیایەکە بە خۆراك دەدرێت بە حەیوان ( بە وڵاخ یا بە بزن و مەڕ ...) .

بێژان٢ (بێژە)، هەروەها ـــ ـەوە ( کرداری تێپەڕ) : لە بێژنگدان ( بڕوانە"بێژنگ")؛ خاك (ی) بە توورەکە ـــ ـەوە: وێرانکردن، کردن بە وێرانە .

بێژنگ : دەفری بازنەیی لایەکی کراوە و لایەکی بە تۆڕێك ( شتێکی کون-کون) گیراو بۆ لێكجیاکردنەوەی شتی ورد و درشت؛ لە ـــ دان : بەجێهێنانی کاری کە بە ـــ بەئەنجام دەدرێت .

بێڵ : ئامێری کە وەك کەوچکێکی زۆر گەورەیە، دەمەکەی مەعدەنە و بۆ زەویهەڵکەندن و قوڕ و گڵ ... ئیدی بەکاردێت، یا دەمەکەی تەختەیە و بۆماڵینی بەفرە؛ ـــ چە : ـــی بچووك، هی وا بچووکیش کە دەسکێکی قوڵەی هەیە و بۆ گیا هەڵکەندن ... ئیدی بەکاردێت؛ ـــ ـەمەڕ : ناوی گیایەکە بە خۆراك دەدرێت بە حەیوان؛ ـــ ـەکان : جۆرێك ـــ ی زۆر بچووکی ئاسنی دەستیی کە دەسکەکەی هەر بستێکە؛ ـــ کاری :کاری بە ـــ؛ ـــ ۆچکە؛ ـــ ۆکە : جۆرە قاپێکی دەسکدار بۆ پێهەڵگرتنی خەڵووز یا ئارد یا شەکر ... ئیدی؛ ـــ تەپکردن : هەڵکەندنی خاکی دەوری بنی داری میوە (( لە بەهاردا)) ،

بێڵوو : کانیی کە ئاوی هەر بۆ ماوەیەکە و ئیتر نامێنێت .

بێن : بۆن؛ ـــ دار : بۆنی خۆشی لێ دێت، بڕوانە " بۆ٣، بۆن".

بێرە، بێرێ : شوێنی کە بە ڕۆژ مەڕی تێدا دەدۆشرێت .

بێرك ( زمان داگرتن لەسەر " ر" berik) : " بێڵۆکە"ی گەورە .

بێرم : دەریاچە لە چیا یا لە نێوان چیایان .

بێستان : پارچە زەویی بۆ تێدا ڕواندنی کاڵەك، شووتی، خەیار، تەماتە ... ئیدی .

بێشە : دارستانێکی تەبیعیی چڕ؛ ـــ ڵان ( ناو) : جەنگەڵ، شوێنی داروددەوەن ( کە ئاوەدانی و کێڵانی پێنەگەیشتووە)؛ ـــ ڵانی ( ئاوەڵناو) : شوێنی وەها داروددەوەن یا گیا داپۆشیوە .

بێشك، بێشکە : لانك، لانکە .

بێت : کرداری مەرجیی کاتی ئێستا و داهاتووی تاکی سێیەمی" بوون" (( نموونە : گریمان وەها ـــ )) .

بێت، بێتن : کرداری مەرجیی کاتی ئێستا و داهاتووی تاکی سێیەمی " هاتن" (( ئەگەر بیەوێت ـــ )) .

56

بێوه/ ژن : ژنی کە مێردی مردووه( و شووی نەکردووەتەوە)؛ ــ ژنكۆشی (ناو): ــ ژنیی بە منداڵی گچکە بۆ بەخێو کردن لە ئەستۆی ــ ژندا؛ ــ پیاو : پیاوی کە ژنی مردووه ( و ژنی نەهێناوەتەوە) .

بێوڵە : بەچکە ورچ، بەچکە بەراز .

بێخ١ : ناوی گوڵێکی کێوییە .

بێخ٢ : بناخە، رەگ، ئەسڵ؛ ــ ی ددان : رەگی ددان .

بێز :هەستی توندی دڵنەویستنی شتێك بە رادەی کە دڵ پێی تێکەڵ بێت،یا پێ بشێوێت (بە مەجازیش بۆ شتێکی لە ئاستی ئەوەدا یا نیزیك لەوە)، وێرای کرداری هەم بە ئـەرێنی و هەم بە نـەرێنی، نموونە : یارە لەم چێشتە ــ ی یێتەوە، یا ــ ئـەکاتەوە لەم چێشتە، بـەڵام بەم جۆرەش : یارە ــ نـایێ لە چایخانە دانیشێ = یارە بە توندی لە دانیشتنی چایخانە سڵدەکاتەوە، رقی لێیەتی؛ ــ ەوان ( ئاوەڵناو) : ــ ووکەر؛ ــ ەوەر ( ئاوەڵناو) : شتێك کە مرۆڤ ــ ی لێ بێتەوە؛ ــ گ، ــ وو ( ناو) : ئارەزوو، ئیشتیاکردن(بەتایبەتی بۆ خۆراکێك لەلایەن ژنی زگپڕەوە)، ــ وو کردن : ئەو ئیشتیاکردنە، کەواتە : ــ ووکەر ( ئاوەڵناو، پێ) : ئەوەی ــ وو بە شتێکەوە دەکات .

بێزا : ناوی گیایەکی بۆنخۆشە .

بێزار ( ئاوەڵناو) : وەڕەز، جاڕز، تێکچوونی ئارامیی میزاج ( لە) .

بێزەروو : ناوی جۆرێك کووزەڵەیە ( یا جۆرێك تەرەتیزە ؟ water-cress) .

بێ زەواڵ : (هەر لەم قسەیەدا:) ئاگام لە مەحموودی بێ زەواڵ نەبوو = هەر هیچ ئاگام لەوە نەبوو .

بێزران ( کرداری تێنەپەڕ) : بێزاربوون ( لێ)، دڵ لێ ماندووبـوون و چیتر نـەویستنی، نموونە : ئەم چێشتەم لێ ئەبێزرێ = ئیتر لەم چێشتە وەڕەز بووم و دڵم چیتر نایەوێت .

بـ ( بە زمان لەسەر داگرتن bi) : ئەگەر بکەوێتە پێش یەکێك لەم پیتانە : چ، ف، هـ، ح، ك، ق، س، ش، ت، خ، ئەوا بە" پـ" دەگوترێت و هێندێك جار هەر بە نووسینیش دەکرێت بە " پـ" (( بچووك - پچووك، " بخۆ" لە گوتنیدا دەڵێن" پخۆ")) . ١- پێش کرداری فەرمان : (( بچۆ، برۆن))، پێش کرداری مەرجیی کاتی ئێستا و داهاتوو(( بچم، بچوومایە))؛ ٢- پێش رەگی کرداری ئێستا و داهاتوو دەکەوێت و دەیکات بە ناو و/ یا ئاوەڵناو بە مانای کاری ئەو کردارە، بەنموونە: ـجەنگ ( ئاوەڵناو) : مەیل بە جەنگ (شەڕ)؛ ـدەر ( ناو) ئەوەی دەدات؛ ـدوو( ئاوەڵناو) : کەسێکی کە زۆر حەز لە قسەکردن دەکات یا بـاش قسەدەکات، وەسـتای قسـە؛ ـگیر : بەڕێوەبەر؛ ـگر : ( بە گشتی) : ـگرـگر: دەست بەسەرداگرتنی گشتی،گرتنی ( حەپس‌کردنی) گشتی ( ی زۆر خەڵك)؛ ـکڕ : کڕیار،

57

کرپاری هەمیشەیی لە دووکانێك... ئیدی؛ ـکوژ :کوژەر(ی مرۆڤ)؛ ـکوژ و ـبڕ( ئاوەڵناو) : کارای راو و رووت و خوێنڕێژی؛ ـران : شۆفێر ((!)) ؛ ـرفێن ( ناو، بەگشتی :) ـرفێن ـرفێن : تاڵان و بڕۆ و راو و رووت کردن؛ ـخۆر( ئاوەڵناو) : کەسێکی کە زۆر حەز لە خواردن دەکات؛ ـزان( ئاوەڵناو) : کەسێکی کە زۆر دەزانێت .

بپرای (ئاوەڵکردار، بەگشتی:) ـــ : قەت- قەت .

بچووک ( ئاوەڵناو) : پێچەوانەی گەورە، هەروەها: پچووک .

بڕ : بڕوانە : " پڕ" ((ی " پڕاندن")) .

بژار ( ناو، بەگشتی) : ـ کردن : لێ هەڵبژاردن، لێ هەڵکێشانی گیای نەویستراو، دەرخستنی زیوان لە برنج؛ ـ ە کردن : هەڵکێشانی گیای غەریب لە شوێنی کە بۆ رووەکی ترە، تەعلیق ( کۆمێنت) دان، پێداهاتنەوە یا رەخنە و لێنۆڕین و باس‌کردن ( ی کتێب، نووسین) .

بژاردن١ (بژێر) : ( کرداری تێپەڕ) بڕوانە " هەڵبژاردن" .

بژاردن٢ (بژێر) : (کرداری تێپەڕ): دانی پارەیەك یا شتێك لەبەرانبەر زیانێك (قەرەبوو) یا بۆ رزگارکردنی‌کەسێك ... ئیدی .

بژە : بڕوانە " باوبژە" لە "با٣"دا .

بلبل : باڵندەی بچووکی دەنگ‌خۆشی بەناوبانگ Luscinia megarhynchos، فیتفیتەیەکی لە قوڕ دروستکراو بۆ منداڵی بچووك؛ ـــە ( ناو) : شیرە(ی ئاو)؛ ـی ( ناو): ریشی بچووکی لە خوار لێوەوە و هەر ئەوەندەی لەسەر چەنەگە .

بلچە/ سوورە : گوێژ (ی سوور)، بلچە زەردە: گوێژی زەرد .

بلە ( ناو) : کورتکراوەی ئیبراهیم، بشڕوانە " بەیتی بلە" .

بلەربەزێن ( ئاوەڵناو) : بڕوانە " بلوێربەزێن" .

بلێت ( ئەوروپایی) : پیتاقە .

بلیمەت ( ناو و ئاوەڵناو) : خاوەن هۆش و زانیاریی لە رادەبەدەر .

بلۆق ( ناو) : بڵقی تەنکی ( پڕ لە کێمی) سەر پێست بەهۆی ئەزیەت پێ‌گەیشتنی؛ ـ کردن ( کرداری تێنەپەڕ) : دروستبوونی ـ (( نموونە : دەستم ـ ی کردووە) .

بلوور١ : کریستاڵ .

بلوور٢ : بلوێر، شووشەی چرای نەوتی، بشڕوانە : بلوێر .

بلووری : قوماشێکی پەمووی سپییە .

بلوێر: ئامێری مووسیقای فووپێداکردن لە قامیش(( ئینگلیسییەکە" شمشاڵ"ی مەعدەنیش دەگرێتەوە))،لوولەی قامیشی ناو بێشکە بۆ میزکردنی ساوا؛ لە ــ دان : بەکارهێنانی ــ ( فووپێداکردن بۆ ئاهەنگێك)؛ ــ بەزێن ( ئاوەڵناو) زۆربلێیی کە دەمی بە کەس ناگیرێت؛ ــ ژەن (ناو) ئەوکەسەی بلوێر دەژەنێت، دەتوانێت لە بلوێریدات .

بڵ ( ئاوەڵناو) : زۆر تەڕبوون بە باران ... ئیدی یا بە تەڕی و قوڕاوی ڕێگا، sloppy (( زێدە تەڕی و یا چەوریی لە شتێکدا، بە نموونە : بابۆڵەیەکی نانی تەنکی پڕ لە گۆشتی چەور و تەماتەی پڕ ئاو کە مرۆڤ بە دەستییەوە دەگرێت، ئەوە زۆر sloppy بڵە و دەبێت ئاگای لە جلوبەرگی بێت هەمووی پێ پیس نەکات))، قسەکردن بە شێوە-یەکی ناڕوون بە ژێر لێوەوە .

بڵا (بهێڵە) : بڕوانە "با٢".

بڵامك ( بە زمان داگرتن لە سەر "ب" و " م"یەکەش bilamik ) : پارچۆکە دارێك بە شتێکەوە کە دەمی بەرخ یا کارژیلەی پێ دەبەسترێت تا نەتوانێت گوانی دایکی بمژێت .

بڵاو ( ئاوەڵناو) : لە شوێنێك کۆنەبۆوە؛ ــ بوونەوە : چوونە یا کەوتنە شوێنانی جیاواز (( هەرزنەکە ــ بۆوە : هەر دەنکەی کەوتە لایەکەوە))، دەرچوون (ی گۆڤار، کتێب ...)، بیستران ( لە رادیۆوە) یا دیتران ( لە تەلەفزیۆنەوە)، راگەیاندران (ی قانوون، فەرمان،قسە) بۆ خەڵك؛ ــکردن: کۆتاییپێهێنانیکۆبوونەوە یا وێکڕابوون؛ ــکردنەوە: بەجێهێنانی ــ بوونەوە؛ ــ ە لێك ــ؛ ــ ەکردن، ــ ە لێکردن : کۆتاییهێنان بە کۆبوونەوە (و هەرکەسە چوونەوە شوێنی خۆی)؛ ــ ە پێ کردن : کۆتایی پێهێنانی کۆبوونەوە، هەڵوەشاندن (ی ڕێکخراو، لەشکر ... ئیدی) .

بڵێسە : گڕ (ی ئاگر) .

بڵفرە : ناوی باڵندەیەکی بچووکە .

بڵند ( ئاوەڵناو) : بەرز؛ ــ ایی : بەرزایی (پێوانە)؛ ــ ی ( ناو) : بەرزی؛ ــ بوونەوە: بەرزبوونەوە، پلە زیادبوون ( گەیشتنە پلەی باشتر لە معاش، ناو، بەرپرسیاری ... ئیدی)؛ ــ کردنەوە : بەرزکردنەوە .

بڵمە بڵم ( ناو) : قسەکردن بەشێوەیەکی ناڕوون بە ژێر لێوەوە .

بڵق : گۆی بێ ناوکی پزدان ئاسای بچووکی لە کاتی کوڵینی ئاودا بە سەر ئاوەوە پەیدا دەبێت، یا لە دڵۆپەی بارانی کە بە سەر ئاودا دەبارێت، یا هەر شتێکی تری وەها؛ ــ دان، ــ هەڵدان : پێکهاتنی ــ؛ ــ ە ــ : کرداری

پێکهاتنی لەسەریەکی ( بەردەوامی) ــ ( و دەنگی ئەوە) .

بڵقەدەرە ( ناو) : جۆرە مارمێلکەیەکی زەردە لە ماڵاندا دەژی (( هەنبانەبۆرینە دەڵێت : جۆرێك جاڵجاڵووکەیە)) .

بڵتە : دەنگی کە لە فڕێدانە ناو ئاوی شتێك پێکدێت؛ ــەــ : دەنگی کە لە بەتاڵکردنی ئاو ( یا شەراب ...) ی شووشەیەك دێت (یا هەر دەنگی وەك ئەوە)،دەنگی کە لە ڕۆیشتنی ئاو بە نێوان بەرداندا دێت، دەنگی دەرچوونی تەپەدۆرێك لە تفەنگی بازیچەی منداڵ (و هەر دەنگی وەك ئەوە)،قسەکردن بەشێوەی دەرپەڕاندنی وشەی پچڕ- پچڕ و بە پەلەپەل،دەنگی پچڕ- پچڕ و بە پەلە پەلی شت(ی وەك ئەوەی کە گۆشت لەسەرئاگر لەپڕ تینی زۆری پێ‌دەگات) .

بڵووچە ( پێوانە) : چارەگە مەنێك، بڕوانە : مەن (( " مەن"ی تەورێزی = ٣ کیلۆ، کەواتە بڵووچە = ٧٥٠ گرام)) ،

بڵووسك : ئاسنی کە بەردی سەرووی ئاش بە دەوریی‌یەوە دەسووڕێتەوە .

بن (ناو) : نوختەی بەشی هەرە ژێری شتێك کە هەمووی لەسەرووی ئەوە، ڕەگ (ی ڕوەك)، کۆتایی ( تاــ ی دنیا)، گۆشتی ناسکی ژێر نینۆك، پەردەی کچێنی،(بە ئیزافە) : لە خوارووی، لە ژێر؛ ــ پژاندن (ی) : کردنەوەی پەردەی کچێنی .

بن ( بە شتی ترەوە) :

ــ اگوێ : لایەکی مل لەخوار ئاستی گوێ (دەسی لە بناگوێیەتی : خەریکە شتێك بکا)، ــ اغە : بەشی ــەوە کە هەمووی لەسەر وەستاوە ( بۆ ڕەوشت، بیروباوەڕ، قانوون...ئیدی) : ئەوەی کە پێوانەی سەرەکیی بڕیار یا شیکرد-نەوەیە، نوختەی سەرەتا؛ ــ ار : داوێنی چیا؛ ــ او : داری بێ‌بەر؛ ــ اوان : دەریاچەی کە بە بەنداو سازکراوە؛ ــ باڵ، ــ باخەڵ : چاڵی ژێر شان؛ ــ بەردەقێ، ــ بەردووگ : ناوی گیایانە؛ ــ بێژنگ : ئەوەی بە لە بێژنگدان لە بێژنگ دەکەوێتە خوارەوە؛ ــ بڕ( ئاوەڵناو): (کەسێکی کە) جێی بڕوا نیە، پەیمان ناپارێزێت، خاین؛ ــ ج : ڕەگ، ریشە،ــ اغە (ــ ج بەستن، ــ ج داکوتان : دروستبوون و ڕۆچوون، کەواتە: ــ جبەست ( ئاوەڵناو) : ڕەگداکوتاو، دامەزراو، سەقامگیربوو؛ ــجی( ئاوەڵناو): سەرەکی،ئەساسی، جەوهەری، لە هەرەگرنگەکان؛ ــ جوو( ئاوەڵناو) : بە ئەسڵ جوو؛ ــ چك : بناغە، ڕەگ، ریشە؛ ــ چینە : ــ اغە؛ ــ چینەیی ( ئاوەڵناو) : ــ جی؛ ــ دەس : ئێسکە-کانی پەراسوو، لایەنی خوار ــ باڵ،( چوونە ــ دەسی فلان کەسەوە : هاندانی فلان کەس)؛ ــ دەسی ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : نهێنی، بە نهێنی، ژێراوژێر کە خەڵك پێ‌نەزانن؛ ــ دۆك : بڕوانە" بن دۆووك" لە" دۆ"دا (( تڵتەی ڕۆنی داغکراو))؛ ــە ١: ــ چینە، ئەو شتانەی کە بۆ ژیان پێویستن، ڕووی ژێرەوە، میحوەری کە لە جووتدا گاجووتی پێدا دەسووڕێتەوە، ڕێوشوێنی یاسا و ڕێسا(( نموونە : ــەی چارەسەرکردنی کێشەی عەشیرەتان لە

وەزارەتی ناوخۆوە)؛ ـــەبەندکە : ئەو بینا دیوارئاسایەی کە پێشی ئاوی پێ دەگیرێت و بەوە بەنداو پێکدێت ( و لەوێوە رادەی ئاوی کە رێگای رۆیشتنی بدرێت دیاردەکرێت ...)؛ ـــەبڕ ( ئاوەڵناو، بەگشتی:) ـــەبڕکردن : لە رەگوڕیشەوە هەڵکێشان؛ ـــە جووت : کێڵگە؛ ـــەچە: رەگوڕیشە، ئەسڵی نەژادی؛ ـــە چەق : ـ چینە؛ ـــە دز: وەرگری کووتاڵی دزراو، بازرگانی ماڵی دزراو؛ ـــە ماڵ، ـــە ماڵە : خێزانی گەورە، تێکڕای کەسانێکی هەمان ماڵی نەجیبزادە یا فەرمانڕەوا؛ ـــە مسینە: ـی مسینە، بڕوانە"مەسینە"؛ ـــەنگڵ: ـ باڵ؛ ـــەڕەت: ـ چینە؛ ـــەتۆو: بەشێکی دانەوێڵەی بەرهەمهێنراو کە بۆ چاندن دادەنرێت، ئەسڵی خێزان؛ ـــەوان : ـ چینە، ژنێکی کە کاروباری ماڵ هەڵدەسووڕێنێت؛ ـــەوبارخانە : کاروانی بار؛ ـــەوە : شوێنی لەخوارەوە؛ ـ گە: ـ اغە؛ ـ گوڵ : ناوی گیایەکە؛ ـ گۆزروان : روەکی Echium vulgare (( بە فارسی و عارەبی پێی دەڵێن گوڵی زمانی گا))؛ ـ ك: رەگ، ریشە، ئەو شوێنەی پەیکەری لە سەر رادەگیرێت، پارچە بچووکەکەی کە لە پسوولەی پارە دەمێنێتەوە ( کە پارچە گەورەکەی دەڕوات - لەو جۆرە پسووڵانەی کە وا دوو بەشن)؛ ـ کەند ( ئاوەڵناو) : لە ـــەوە هەڵکەندراو؛ ـ کەشی ( بەگشتی:) ـ کەشی کردن : پڕکردنەوەی رووی دەرەوەی نێوانی خشتەکان یا بەردەکانی دیوارێك بە قوڕ یا چیمەنتۆ یا هەرچی و رێككردنی بە ماڵە؛ ـ کەوش : ـ هەنگڵ؛ ـ کراس : کراسی کە ژن لە ژێر کراسدا دەیکاتە بەری؛ ـ کڕ : نانێکی کە لە مەنجەڵدا رادەخرێت و برنجی بە سەرەوە لێ دەنرێت و رەق دەبێت، یا هەر چینێکی برنجی ژێرەوە کە دەبێتە پارچەیەکی رەق؛ ـ میچ : دیوی ناوماڵەوەی بانی خانوو؛ ـ وَك : ناوی گیایەکە؛ ـ وَڵە : کیسێکی بچووك؛ ـ پێ: رووی ژێرەوەی پێ؛ ـ پشك : کچێك کە لە منداڵییەوەی بڕیاردراوە بۆ گۆڕینەوەی ژن بە ژن بدرێت،بڕوانە" ژن بە ژن"؛ ـ تیان : توێژێکی سووتاوی شیرینیی ئامادەکراو کە لە ـی مەنجەڵدا دەمێنێتەوە؛ ـ تیك : لێواری کراس یا دەسـرِ یا پـەردە؛ ـ یاد، ـ یات : خانووبەرەیەکی گەورە ( بۆ چەندین ماڵ، مەکتەبی ئیدارە و ... ئیدی)، ـ یاد کردن، ـ یات نان : دامەزراندن .

بنارە ( ناو، بەگشتی) : ـ گرتن : گریان و ژیرنەبوونەوەی منداڵ .

بنارگایی : جۆرێك کولێرەیە، بڕوانە " کولێرە".

بنە٢ : ـ کردن : هەڵبژاردن ( بە وردی) .

بنەوش : ناوی گوڵێکە Violaceae،( فارسی : بنفش، عارەبی : بنفسج)، ـــە : ـ، بە رەنگی ـ؛ ـ یلە : ناوی گیایەکە Eruca sativa (( فارسی: منداب،عارەبی: جرجیر، ئەڵمانی:Garten-Senfrauke،هۆڵەندی: rucola)) .

بنێس ( ئاوەڵناو) : لەڕ، لەڕبوو؛ ـــ ی : دەردەباریکە ( نەخۆشیی سیل) .

بنێسك : پاشماوەی کەمی سابوونی بەکارهاتوو .

بنێشت : شیلەی دارەبەنی کە دەجووریێت یا شتی وەکو یا لەجیاتی ئەوە بۆ جوون، یا وەك جۆرە باغەیەك بۆ شتی تریش بەکاردێت ( دەنکی تەزبیحی لێ دروست دەکرێت - بەفوونە)؛ ـــ ە خۆشە : ـــ ی بۆنخۆش ( کردن بە ـــ ە خۆشەی بن دان ( بن ددان) : درێژەدان بە گوتنەوەی هەمان شت .

برا : کوڕێکی تری لە هەمان دایك و باوك یا لە یەکێکیانی‌کەسێك بەنیسبەت ئەو کەسە؛ ـــ ی باوکی : لە هەمان باوك بەڵام لە دایکێکی تر؛ ـــ ی دایکی : لە هەمان دایك بەڵام لە باوکێکی تر؛ ـــ ی تووتە : قامکی پەنای قامکی بچکۆلەی دەست؛ ـــ ی گەورە : ـــ ی بەتەمەن گەورەتر؛ ـــ ژن : ژنی برا؛ ـــ لە : ( بەحەرفی :) برای بچووك؛ ( بەڵام بۆ خۆشەویستی واتا :) ـــ گیان؛ ـــ ماك : ـــ ی دایکی؛ ـــ پاڵە : ئەندامێکی ئاسایی تاقمێك کرێکار ( بۆ بەراورد بشڕوانە : پاڵە، قڕە٢ ( یەکێك لە ماناکانی : کرێکارێك کە بە تەبعیەتی کرێکارێکی تر کار دەکات)؛ ـــ پچووك : ـــ ی بە تەمەن پچووك؛ ـــ ڕۆ: ( بەڵام بە گشتی:) ـــ ڕۆکردن : شین کردن بۆ ـــ؛ ـــ یانە (ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) : بە شێوەیەکی وەك ـــ لەگەڵ ـــ یدا ( زۆر دۆستانە و باش)؛ ـــ یەتی، ـــ یی : دۆخی پەیوەندیی ـــ بوون، ـــ یەتی‌گرتن لەگەڵ : نێوانی هـەڤاڵەتیی‌گـەرم بەستن لەگەڵ؛ ـــ زا : کوڕ یا کچی ـــ؛ ـــ زاوا : یەکەم هەڤاڵی زاوا بە رەسمی لە مەراسیمی ژن گواستنەوەدا؛ ـــ زازا : کوڕ یا کچی ـــ زا .

برادەر (فارسی) : هەڤاڵ .

بران ( برێ) : پاسیڤی کرداری " بردن" .

برج : بینایەکی زۆر بەرز و تەسکی زۆرتر بازنەیی یا چوارگۆشە ( بەڵام شەرت نیە) کە سەربەخۆ یا بە بەشێك لە قەڵا و باڵەخانەی تر بە مەبەستی توانای بەرگری ( عەسکەری) و یا لەسەرڕوویەوە ڕوانینە دوور بەکار دێت (( برجا بەلەك، بەڵام : برجی ئێڤلی لە ئەفلاکە - حاجی قادر))؛ ( ئەستێرەناسی : ) هەر کام لە ١٢ بەشی یەکسانی بازنە ڕێی ساڵانەی ڕۆژ؛ ـــ ی پیرێژن : حەوت ڕۆژی هاتنەوەی سەرما کە لە دەوروبەری ٢٥ ی مانگی شوبات / فێڤریە چاوەڕوان دەکرێت .

بر/ دە ( بڕوانە: کردە)؛ ـــ دەمەنی: دارایی (سامان)ی کە بکرێت هەڵبگیرێت و ببرێت ( بە پێچەوانەی مڵکی خانوو و زەوی و باغ ...) .

بر/ دن (بە، بەر) (کرداری ئێستا و داهاتووی سێیەم‌کەسی تاك دەبێت بە : ئەبا، ببا؛ کارا: بەر)، (کرداری تێپەڕ:)

بەجێهێنانی هەڵگرتن و گۆڕینی شوێنی شتێك ((نم: ئەم کتێبە ئەباتەماڵەوە))، هێنان (ی ناو) ((نموونە: ناوی ئەبات = ناوی ئەهێنێت، ناوی ئەڵێت)، (بە شێوەی تریش بەگوێرەی شوێنی بەکارهێنانی)؛ ــ ان (یَ): پاسیڤی ــ دن؛ ــ دنەوە: دیسـان ــ دن،گێڕانەوە بۆ شـوێنی لێی هێنرابوو، سـەرکەوتن لە ململانێیەکدا (وەرزش، شەڕ، گەمە ...) .

برەو: زۆریی بەرهەم، پەسندی خەڵك، فرۆشتنی باش (خەڵك دەیکڕێت)، ناوباشی، (بەهۆی رابردوو، پێوەندی ...: ) دەسەڵات هەبوون؛ لە ــ ا بوون: پەسندکران (بەهۆی شتێك لەوانە) لەلایەن خەڵکەوە؛ ــ سەندن: پێگەیشتن یا زیادبوون (ی بازرگانی، کسابەت) .

برێشکە: دانەوێڵەی لەسەر ساج یا بە شێوەیەکی تر (پۆپ کۆرن) برژاو و هەڵتۆقیو .

برنج١: (ئەو دانەوێڵەیەی بە پـلاو و شـێوەی تـر لێدەنرێت)؛ ــ ی حاجی لەقلەق: جۆرێك سەوزیی جەعفەری (بقدنوس، معدنوس Torilis arvensis)؛ ــ جاڕ: کێڵگەی ــ؛ ــ ۆك: نـەخۆشییەکی زۆر بە ژانە کە تووشی قامك و بەتایبەتی لای ریشەی نینۆك دەبێ و کێمی هەیە؛ ــ و ماش: (رەنگی) رەش و سـپی (رەنگی قژی کە هێندێکی سپی بووە) .

برنج٢: مەعدەنێکە (زەرد، هی سەماوەر بەفوونە، لە تێکەڵ کردنی مس و زینك) .

برنجۆك: تۆڕێکی تەنکی لە پەموو بۆ برینپێچی (وادیارە جۆرێکی بۆ سەرپۆش و یا بۆ شتی تریش بەکاردێت) .

برنگ١ (ناو): جۆرە مقەستێکی گەورەیە بۆ بڕینەوەی (خوریی) مەڕ .

برنگ٢ (ئاوەڵناو): پێچەوانەی تەڕ، (بەگشتی هەر:) وشك و ــ .

بری: بڕوانە "بریتی" .

برین: زام؛ ــ دار؛ ــ زامدار؛ ــ پێچ: ئاریکاری بژیشك .

بریقانەوە (بریقێ، کرداری تێنەپەڕ): بریسکانەوە (بریسکێ) .

بریقە: بڕوانە "بریسکە" .

بریسك/ انەوە (بریسکێ، کرداری تێنەپەڕ): درەوشـانەوە؛ ــ انـدنـەوە (ــ ێن) کرداری کە دەبێتە هۆی ــ انەوە ((ئەوە ببریسکێنەوە = چاکی پاك بکەرەوە)) .

بریسك/ ـە (هەروەها:) ــ ـە ــ: درەوشـان، ــ ـە هاتن: درەوشانەوە؛ ــ ـەدار، ــ ـەر (ئاوەڵناو): بە بریسکە، دەردرەوشێتەوە؛ ــ و هوڕ: درەوشان، درەوشانەوە .

بریتی (به‌گشتی:) له ــ ی : له‌جیاتی، ( هه‌روه‌ها :) بری .

برژ/ ان ( برژێ، كرداری تێنه‌په‌ڕ) : ئاماده‌كرانی گۆشت یا شتی تر به گڕ یا تینی ئاگر بۆ خواردن ( به بێ ئه‌وه كه بخرێته ناو ئاو یا رۆنه‌وه)؛ ــ اندن ( ــ ێن) : كرداری به‌جێهێنانی ــ/ ان؛ ــ انه‌وه (كرداری تێنه‌په‌ڕ) : چاكبوونه‌وه (ی برین)؛ ــ اندنه‌وه : به‌جێهێنانی سووتاندنه‌وه‌ی برین به سپیرتۆ یا هه‌ر ده‌رمانێكی تری به هه‌مان مه‌به‌ست .

برژانگ : ریزه مووی لێواری پیلوی چاو . برژۆڵ : برژانگ، ریشاڵی بۆ رازاندنه‌وه‌ی قوماش یا فه‌رش ... ئیدی، گیاباریكه تیژه‌كانی گوڵه‌كانم یا گوڵه‌جۆ ... ئیدی .

برك : ده‌ردی ئێشی كه‌مه‌ر، ئێشی به‌شی خوارووی بڕبڕه‌ی پشت ( لومباگۆ)؛ ــكردن : هه‌ستكردنی له‌پڕ به‌ده‌ست پێ‌كردنی ــ .

برۆ : خه‌تی مووی به لێواری ناوچه‌وان له سه‌رووی چاوه‌وه؛ ــ گرژكردن ــ : هێنانه‌وه یه‌ك ( به تووڕه‌یی، ناڕه‌حه‌ت بوون، بیركردنه‌وه‌ی قووڵ... ئیدی)؛ ــ هه‌ڵته‌كاندن : ئیشاره‌تدان به به‌رزكردنه‌وه‌ی له‌پڕی ــ .

برس/ ان : (هه‌ر به‌مجۆره:) له ــ انا : به‌هۆی برسێتی؛ ــ ێتی : هه‌ستی پێویستبوون به خواردن، ( به مه‌جاز) : هه‌ستی پێویستیی زۆر به هه‌ر شتێك؛ ــ ی ( ناو و ئاوه‌ڵناو) : ئه‌وه‌ی ــ ێتیی هه‌یه ( ــ یم یا ــ یمه : ــ ێتیم هه‌یه)؛ ــ یه‌تی : بڕوانه "ــ ێتی" .

برت و بۆڵ : پرته و بۆڵه‌بۆڵ .

بروسكاندن ( بروسكێن) : برووسكه دان، ئێشی كه تیژ و خێرا به له‌شدا دێت، بزووتنه‌وه‌یه‌كی له پڕی گرژبوونی ماسووڵكه‌ی چاو ... ئیدی .

برووسكه : رووناكییه‌كی له وێككه‌وتنی هه‌وران یا هه‌ور و زه‌وی دروست ده‌بێت و ده‌نگی گرمه به‌دوویدا دێت؛ ــ دان : به‌جێهاتنی ــ، كاری ــ .

برووك : خۆ پیشاندان، خۆ به‌ده‌رخستن، ته‌جه‌للی .

برووكانه‌وه ( برووكێ، كرداری تێنه‌په‌ڕ) : ته‌جه‌للی، خۆ پیشاندانی (ی خودا به شێوه‌ی ئاگر ... ئیدی) .

بریان ( ئاوه‌ڵناو) : برژاو؛ ــ ی ( ناو) : مه‌ڕێكی ته‌واوی به شیش برژێندراو .

بڕ : پارچه، به‌ش (هه‌ندێكی زۆر یا كه‌م له هه‌موو)؛ ــ ێ، ــ ێك : كه‌مێ، كه‌مێك؛ ــ دان : رێگای تێپه‌ڕین‌كردنه‌وه بۆ خۆ ( له بیابان، جه‌نگه‌ڵ، رووبار ... ئیدی، به مه‌جازیش)؛ ــ كردن : توانای رۆیشتنی رێگایه‌ك، توانای قه‌ناعه‌ت پێ‌كردن؛ ــ اده : ورده‌ی مه‌عده‌نی كه له كاتی بڕبه‌ند لێدانی ده‌وه‌رێت؛ ــ ١٥ : كه‌ڵبه‌ی به‌راز؛ ــ ه٢ :

( بە شتی ترەوە بە مانای پارچەیەك لە) ــ ەدار(ناو): پارچە داری بۆ ئاگر ( ئێزنگ)؛ ــ ەك (ناو) : بەش یا فسڵی کتێب یا پەیمان ... ئیدی، پارچەیەکی جیاکراوە بۆ لێکۆڵینەوە ( بۆ ژێر میکرۆسکۆپ ...)، دەستەیەکی عەسکەر یا خەڵك یا فرۆکە یا کەشتی بەگوێرەی نەزمێکی دیارکراو، هێزی سەربازیی گروهان ( سەرییە : ١٠٠ تا ١٧٠ کەس)؛ ــگە ( ئاوەڵناو) : بە ددانە (ی مەعدەن ...)؛ ــ ندە (ئاوەڵناو): تیژ (دەبڕێت)، چەکی ــ ندە: چەکی سارد)؛ ــ شت ( ناو) : پارچە، لە ...، وردە بابەت؛ ــ ك : قەڵەم (( دوور نیە وشەی " بنووس"یش هەر هی تەوفیق بەگ بێت))، چڵی نوێی دارودرەخت؛ ــ کە : ناوی گیایەکی خۆراکی حەیوانە؛ ــ و بیانوو : قسە (ی زۆرتر دوور لە بەڵگەی روون و راستەخۆ) بۆ خۆ دزینەوە لە جەوهەری باس؛ ــ یار : بەلایەکدا خرانی مەسەلەیەك ... ئیدی، دوا قسەی حوکم، بیری ساغبۆوە لەبارەی ....؛ ــ یار دان : کرداری ــ یار .

بڕ/ ان ( بڕێ) : جیاکردنەوە لە، لە پێویست کەمتربوون ( لێ)؛ ــ انەوە : کۆتاییهاتن، وەستان ( لێ)؛ ــ اندنەوە ( ــ ێن) : کۆتایی پێهێنان ( کەواتە : ــ ێنەرەوە : دوا کردار یا قسەی کە ئیتر کۆتایی بە کێشە دەهێنێت، بڕوانە : دا، لێ، پێ .

بڕبەند: پارچەیەکی درێژووکەی مەعدەن ( زۆرتر پۆڵا) ی گرن - گرن کە ئامرازی ڕنین و ڕێککردنی مەعدەن یا تەختەیە .

بڕبڕ/ اگە : ریزە ئێسکی بازنەیی بەسەریەکەوەی ناوەندی پشت لە ملەوە تا ژێر کەمەر؛ ــ : ــ اگە، باو و باپیران .

برە٢ (( ئەسڵەکە وەهایە، پێشتریش برە٢ی هەبوو)) : پیاوی بە شەخسیەتی بەهێز .

بڕشت٢ : بەر یا بەرهەمی باش، ــ دار ( ئاوەڵناو) : بە ــ .

بڕ/ ین ( بڕ ) ( کرداری تێپەر): کونکردن یا دڕین یا بریندارکردن یا لەتکردن یا لێ جیاکردنەوە بە شتێکی تیژ، گرتن (ی ڕێگا، پێکهێنانی کۆسپ...)، سووکبوون (ی تا، نەخۆشی ...)، چوونە ناو خانوو بە دزی (بۆ دزی کردن، بە شکاندنی دەرگا، یا کردنەوەی کەلێنێك بە دیواردا ...)؛ خۆ ــ ین : بە شتی تیژ لە خۆ دان بە ئانقەست ( بە نموونە بە نیشانەی غەم)؛ ــ ینەوە : لێکردنەوە بە چەقۆ یا مشار ...ئیدی، کردنەوەی خوری لە مەڕ بە مقەستی تایبەتی، تەواوکردن، بڕیار لەسەردان، دیارکردن ( بەنموونە معاش)، ( قسە ــ ینەوە ( لەگەڵ) : وتوویژ گەیاندنە کۆتایی بە سەرکەوتن یا بە نەویستنی چیتر قسەکردن ( لەگەڵ)، بڕوانە : دا، دەر، هەڵ، لێ، تێ .

بڕنووتی ( تورکی) : تۆزی تووتن کە بەر لووت دەدرێت (هەڵدەمژرێت) .

بڕوا : بە راست وەرگرتن ((بە نموونە: من ــ بە قسەی تۆ دەکەم))؛ ــکردن : بەجێهێنانی ــ؛ ــ پێکردن ( بە کەسێك

یا شتێك)، بڕوانە " باوەڕ " .

بڕوایی : بڕوانە " بەرایی " .

بڕوێش : وردەی لە هاڕینی دانەوێڵە بۆ ساوەر، بڕوانە " ساوەر " .

بسکە ( بەگشتی) : ــ ی سمێڵ هاتن : بزە ( زەردەخەنە)ی بەکەیف و میزاجی سەرکەوتووانە .

بست : نێوانی سەری تووتە و سەری قامکی گەورە لە ئەوپەڕی لێکدوورخستنەوەیاندا؛ ــە١ ( بە گشتی:) ــ ــە لێدان : تێكگیرکردنی هەر دوو دەست و لێکدانی پەنجەی ئیشارەتیان ( بو دەنگ لێهێنان) ( بڕوانە " چەقەنە")، بەردی کە بە بەرداشی سەرەوە بەندە و لەگەڵیدا دەسووڕێتەوە .

بستە٢ : پستە، فستق .

بستوو : گردێکی بچووك یا بەرزاییەکی زەویی وەك ئەوە .

بت : شـکڵ یا پـەیکەر یا هەر ماددەیەکی کە دەپەرسـترێت ( بە خودا یا بە ڕەمزی ئەوە دادەنرێت)، ( بە مەجاز) کەسێکی ئـەوپەڕی خۆشەویست یا بە زۆر خۆی بۆ پەرستن دەسەپێنێت؛ ــ پەرست : ئەوەی بت دەپەرستێت (( ئەو دڵەی وەك بتپەرستێ روو ئەکاتە چاوەکەت - هەردی))؛ ــ خانە : پەرستگای بۆ پەرستنی بتەکان .

بف ( هەروەها : بڤە) : ( بە منداڵ دەگوترێت) : نا، مەکە!؛ ــ ( ئاوەڵناو) : ختەر .

بخۆران : بڕوانە " ئاخۆران" .

بخوور ( عارەبی) : جۆرێك بنێشت یا گیای کە بـۆنی خۆش بە سووتاندنی بڵاودەبێتەوە ( زۆر لە شوێن و هەلی ئاینیدا بەکاردێت)؛ ــ دان : دەفرێك کە ــ ی تێدا دەسووتێندرێت .

بیابان ( فارسی) : دەشتی بـێ ئاو و ئاوەدانی؛ دڵ ــ بوون : هەستی دڵ داهێزان، لە هۆش چوون ( نموونە : ژنەکە لە داخانا دڵی ــ بوو) .

بیانوو: بەهانە؛ ــ بڕین (ی) : پووچ‌کردنەوەی ــ؛ ــ گرتن : کرداری ــ؛ ــ پێ‌گرتن : داتاشینی ــ بۆ شەڕ لەگەڵدا کردن؛ ــ هێنانەوە : گوتنی ــ ی بێهوودە .

بیە : ڕەگی کاتی‌ئێستا و داهاتووی کرداری"بیستن"(( دەبیەم، دەبیەیت، دەبیەت، دەبیەین، دەبیەن، دەبیەن)) .

بز١ ( ئاوەڵناو) ( چاو) ــ کردنەوە : چاو زۆر کردنەوە( لێ)، چاوی کراوە بڕینە...؛ ــ بزۆکە ( ئاوەڵناو) : چاو زۆر کراوە و سەیرکەر، ــ ە ( بەگشتی): ــ ەی چاو هاتن : بە چاوی زۆرکراوە دیتران؛ ــ ە ــ ( ناو، بەگشتی ) : ــ ە ــ کردن : هەوڵی لێنۆڕینی تیژی بە جیددی لە شت .

بز٢ : بزن؛ ــ ن : ــ ی مێی کە تەمەنی دوو ساڵی تـەواوکردووە؛ ــ نانە ( ناو) : باجی ــ؛ ــ ـەبەل : جۆرە ــ ێکی گوێی بەلە ( قیتە)؛ ــ نە دۆخە : ــ ێکی شیردەر و کاریلەی (بەگشتی : بە پێشکەشی بۆ ئاغا)؛ ــ نەکێوی : ــ ی کێوی (بە دوو شاخی درێژی خواری کە رووی بۆ دواوە هەڵگەڕاوتەوە)؛ ــ نەکوڕانە: ــ ێکی کە بە بۆنەی لەدایک- بوونیکوڕی ئاغاوە دەدرێت بە ئاغا)؛ ــ ـەمەرەز : جۆرێك ــ ی کە مەرەزی هەیە ( مووی نـەرم کە بووزووی بۆ رانکوچۆغە لێ دروستدەکرێت)؛ ــ نە ڕیشە: ناویگیایەکە(Aruncus dioicus) ــ لەر: ناوی باڵندەیەکی کێوییە (( ئەوەندەی قازێکە ؟))؛ ــ ن مژ، ــ ن مشك : جۆرە مارمێلکەیەکە (( گەورەیە، بە فارسی : بزمجە))؛ ــ تڕێن : ناوی گوڵێکی کێوییە .

بزاوتن ( بزێو) : خستنە بزووتن، بشڕوانە " بزووتن" .

بزەڵە ( ئاوەڵناو) : لە تەمەنی نێوان منداڵی و پیاوەتی یا ژنێتیدا (( هەنبانە بۆرینە بە تەواوی باسی شتێکی تـر دەکات)) .

بزێ بزێ : ناوی گیایەکە .

بزێن : یارییەکە لە دەرەوەی ماڵ دەکرێت .

بزر( ئاوەڵناو): (لە شوێنێ) دیارنەبوون یا پێنەزانینی شوێنی، ون،گوم؛ ــ بوون : لەبەرچاو ونبوون؛ لێ ــ بوون : لێ ون بوون؛ ــ کردن : ون کردن، لە کۆڵ خۆ کردنەوە .

بزڕ ( ئاوەڵناو، بەگشتی) : ــ ـ بوون، بڕوانە" بزڕکان ".

بزڕك/ ان (بزڕکێ) : مەیین، هەڵگەڕانەوە (ی شیر)، رەنگ گۆڕین ( بەهۆی هێندێك هەستەوە)، پەشێوان؛ ــ اندن (ێن) : کردنە ــ او، ( هەروەها:) قسە پەڕاندن ( نائاگایانە بەهۆی نەخۆشییەوە یا وروژان ...ئیدی) .

بز/ یو( ئاوەڵناو) : نائارامانە بزووتن ( بەهۆی ناڕەحەتی، وەڕەزی ...ئیدی)، ــ یوی ( ناو) : دۆخی ــ بوون؛ ــ ۆك : بڕوانە " ــ یو؛ ــ ێن ( ئاوەڵناو، بەگشتی:) تیپی ــ ێن : پیتی دەنگدار ( ڤاوەل) .

بزمار: پارچە ئاسنێکی بە شکڵی چیلکەیە کە بۆ هەڵاوەسینی شتێك بەدیوارەوە یا بۆ لکاندنی تەختەیەك...ئیدی بەکاردێت؛ ــ ە(ناو): ئاوسانێکی بچووکی وەك شکڵی جۆرە ئاوڵەیەك کە زۆرتر لە پێ دێت؛ ــ ی: شێوە نووسین- ێکی کۆنی سەر قوڕ ((ی سومەری ... ئیدی)) .

بزماتە ( ناو) : نیشانەی پاشماوەی برینی چاکبۆوە .

بزمك : بڕوانە " بڵامك" .

بزووت : بڕوانە " سەرەبزووت".

بزووتن (بزوو) : جوولان؛ ـــەوە : دیسان ـــ؛ زنجیرە ـــ؛ چالاکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی یا زانستی ... ئیدی .

بزواندن (بزوێن) : کرداری بوونە هۆی بزووتن .

بی، ( هەروەها:) بی‌کۆڵ : ناوی دارێکە ( بە زمانانی تر : صفصاف، بید ، Salix)؛ ـــ مشک : جۆرێک ـــ .

بیبەر: ١- بەری رووەکێکە دەیهاڕن و بۆ تامی تیژی بەکاردێنن ( بە سپی یا رەش بەرهەم دێت، شکڵی وەکو قەزوانە بەڵام درشتترە، Piper nigrum) . ٢- سەوزییەکە بە رەنگی سوور یا سەوز یا زەرد... ئیدی ( بۆ سەڵاتە یا چێشت) دەلووجە یا دەلوبیبەری کە بە دۆڵمەش دەکرێت، بە تامی جیاواز، جۆری لە شیرینەوە تا ئەوپەڕی تیژی هەیە، بە لاتین: Capsicu؛ ـــی سوور: سەوزیی ـــی رەنگ سوور کە بە تەڕی دەخورێت یا وشک دەکرێت و دەهاڕدرێت و دەکرێتە خۆراکەوە .

بیبیل/ ـە : بازنەی لە هەرە مەرکەزی چاودا، گۆی چاو، منداڵی بچووک؛ ـــ کە : ناوی باڵندەیەکی بچووکە .

بیج : بڕوانە " بیژوو".

بیجادە : ناوی بەردێکی نیوە گرانبەهایە کە دەنکی تەسبیحی لێ دروست دەکرێت .

بیبیجە خانم : شکڵی مرۆڤێک یا حەیوانێک کە بە پەڕۆ و دار ... ئیدی سازدەکرێت و راستەوخۆ بە دەست یا لە ڕێی راکێشانی (چەند) بەنێک دەبزوێندرێت ( وێڕای قسەکردن لە پاڵیدا یا مووسیقا) بۆ جۆرە شانۆگەرییەک زۆرتر بۆ منداڵان .

بیژۆک: ئەو ژنەی دەستبەجێ دوای مێردکردنی زگپڕ دەبێت (( هەنبانە بۆرینە شتێکی بەتەواوی جیاواز دەڵێت)).

بیژوو ( ناو و ئاوەڵناو) : زۆڵ ( لە پێوەندیی جنسیی ناشەرعی لەدایکبوو)، زیرەکی بەدڕەوشت،هەروەها:" بیج".

بیلان : بڕوانە " ئیلان".

بیلانەشبی : لە بەراورد بە دووربێت، حاشایەکی، مەبەست - خوانەکات- ئەوە نیە .

بیم ( ناو) : ترس؛ خەتەر؛ ـــە : نەزمی دابینکردنی هەقی شتێک (دەرمان، پێداویستی پەککەوتەیی، کێشەی ئۆتومبیل ... ئیدی) یا قەرەبووکرانەوەی (ی دزی لێکران، لەدەستدانی کەسێک ... ئیدی) لە بەرانبەر پارەیەکی مانگانە یا ساڵانەدا، بەگوێرەی رێککەوتنی قانوونی .

بیمار ( ئاوەڵناو) : نەخۆش؛ ـــستان : نەخۆشخانە .

بین١ : رەگی کاتی ئێستا و داهاتووی کرداری : بینین، دین، دیتن .

بین۲ : بزووتنی دڵنیا و بەخۆوە؛ ـ ی ئاو : شەپۆلی بچووکی ئاو، شەپۆلی (زۆرتر بازنەیی) ئاو بەهۆی لە ئاوکەوتنی شتێك، کە لە نوختەیەکەوە دەستپێدەکات و بازنە- بازنە گەورە دەبێتەوە، (وەکو ـ ی ئاو لەرزین هەڵلەرزین)؛ ـ گرتن : درێژەدان بە بزووتنی دڵنیا و بەخۆوە، کەوتنە خێراکردن get up speed ؟ .

بین۳: هەناسە، لوولەی هەناسەی نێوان قورگ و سی، لە ـگیران (ی خۆراك) : چوونە ( لوولەی) ـ ـەوە لەجیاتی چوونە قورگەوە؛ نان بە ـ ـەوە : خواردنەوە بە قووڵی، خواردنەوەی هەموو بە ( چەند) قومی زۆر یا درێژ؛ دەس نانە ـ ـەوە : گرتن لە قورگەوە (ی)؛ ـ ـەقاقا : لوولەی هەناسەی نێوان قورگ و سی .

بینا۱ : خانوو، ( رێزمان :) رستەسازی (سینتاکس) .

بینا۲ ( ناو و ئاوەڵناو) : ئەوەی دەبینێت ( کارای دیتن)، ( بە مەجازیش) : کەسێکی لە شت دەگات، ئاگاداری شتە ... ئیدی .

بینین ( بین) ( کرداری تێپەڕ) : پێزانین لە ڕێگای چاوەوە ( کە کاردانەوەی مێشکە لە ئاست ڕووناکیی کە کار دەکاتە چاو)؛ ـ ـەوە : دیسان ـ، دۆزینەوە، بڕوانە: ڕا، تێ .

بیر۱ ( عارەبی) : چاڵاو، ـ لێدان : هەڵکەندنی چاڵاو .

بیر۲ : توانای درێژەپێدانی پێزانینێکی کە ڕوویداوە لە دواتردا ( توانای کە هەمان کەس دواتریش هەمان ئەوە بزانێت کە پێشووتر زانیویە)؛ لە ـ بوون : کرداری ـ؛ ( لە) ـ چوون : نەمانی پێوەندیی بە ـ ەوە( پێچەوانەی" لە ـ بوون)؛ ( لە) ـ چوونەوە : لە بیردا نەمان (ی زانیارییەك)، (( گوێ پێنەدانی شتێك هەروەك لە ـ دا نەمابێت، نموونە : چاکەی لەبیرچووەتەوە))؛ بە ـ ا هاتن : ( بە ڕێکەوت، لەپڕ، لەوکاتەدا) هۆش چوونە سەر شتێك، سەرنج دان لەلایەن هۆشەوە؛ (لە) ـ هاتن، هاتنە ـ، هاتنەوە ـ، کەوتنەوە ـ: پەیوەندی پەیداکردنەوە بە زانینێکی ڕابردوو؛ ـ کردن : یادکردن (ی کەسێك ... ڕۆژگارێك ... ئیدی بە هەستی خۆشەویستی، بە ئارەزووی پێوەندیی ئەو کەسە یا ڕۆژگارە ... ئیدی)؛ لە ـ کردن : لە ـ دا نەمان؛ ـ کردنەوە : کرداری شیکردنەوە و بردنەوە سەریەکی هۆش، هەوڵدانی هاتنەوە ـ، هۆش پێخەریك بوون، هۆش بە نیگەرانی لای ( کەسێك، شتێك) بوون ( لێ)؛ ـ خستنەوە، خستنەوە ـ : هێنانەوە ـ ( کەواتە :) ـ ەوەخەر، ـ خەرەوە : کەسێك یا شتێکی کارای ـ خستنەوە، نامە یا پەیامێکی سیاسی یا ڕەسمی بۆ سەرنج ڕاکێشانی هۆش بۆ مەسەلەیەك، هەروەها: ڤیر، ویر .

بیر۲ ( بە شتی ترەوە) : ـ ەوەری : زانیاریی لە ـ دا ماوەتەوە، کاتی مانەوەی زانیاری لە ـ دا؛ بە ـ ەوەریی من : ئەوەندەی لە ـ م ماوە؛ لە ـ ەوەریی منا نیە : شتی وام لە ـ نیە؛ ـ ناچە : دەفتەرچەی تێدانووسینی تێبینی؛

ـ نامە : ـ وەرەیی نووسراو، تۆماری شەخسیی رووداوان .

بیراز۱ : بەردی کە لە گۆڕدا رادەخرێت، بەردی کە بۆ جۆگەی زێراب بەکاردێت .

بیراز۲ (بەگشتی:) ـ کردن : زبرکردنی بەرداش ( بە چەکوچکاری)، ( مەجاز:) سەرزەنشتکردن بە توندی .

بیرۆ : ئێکزیما ( نەخۆشیی پێست) .

بیسمیل ( بە عارەبی، بە گشتی :) : دوا شۆرینەوە ( بۆ پێوە نەهێشتنی سابووناو) کە لەگەڵ هەر لەئاوهەڵکێشا-نێك " بیسمیللا" دەگوترێت، بڕوانە " بەسمەلە" .

بیست : ژمارەی دوو جار دە ( چوار جار ژمارەی قامکەکانی دەستێك)؛ ـ ەم، ـ ەمین ( ئاوەڵناو) : شوێنی ـ لە زنجیرەدا .

بیستن ( بیە) ( کرداری تێپەڕ) : گوێلێبوون؛ بیستران ( بیسترێ) ( پاسیڤی ـ)؛ ـ ەوە: ـ (ی قسانێك لەبارەی خۆوە) .

بیور : پارچە ئاسنێکی دەم تیژە کە دەستێکی پێوەیە بۆ بڕینی دار و پارچە- پارچەکردنی کۆلکەدار و تەختە .

بیزا۱: ناوی گیایەکی بۆنخۆشە بۆ بۆن و بەرامە دەکرێتە پەنیرەوە .

بۆ۱، بۆچ، بۆچی ( هەروەها : بۆ چی ؟ ) : لەبەرچی ؟

بۆ۲ : ( بە ئیزافە، بۆ پێوەندی، .... هێندێك نموونە و بۆ دیتنی هەمان ئەوەی " لێ" و " پێ"یش :

ئەچم ـ هەولێر؛ ـ باخەکەوە ئەڕۆیی ((!)) : روو لە باخەکە، بەرەو باخەکە ئەڕۆیشت؛ دیارییەك ئەهێنم ـ باوکم، ( بەڵام) : بانگی ئەکەم ـ تان ( پێوەندی بە " تان")، دیارییەکت ـ ئەهێنم ( " ت"یەکە لەپێشدا)؛ دیارییەکی ـ هێناوم .

بۆ۲ ( لەگەڵ کردار) : ـ بوون : ـ ی دەکرێت؛ ـ هاتن : ( نموونە) : هەوڵی وەدەستهێنانی دا و ـ ی نەهات؛ ـ ڕێکەوتن : ـ لوان؛ ـ کران : ـ ی بەجێدێت؛ ـ لوان : رێكهاتنەوە لەگەڵ بە ئەنجامگەیشتنی کاردا ( ئەم پیاوە هەموو کارێکی ـ دەلوێ : لە هەموو کارێکدا شانسی هەیە، بەختی دەیهێنێت)؛ ـ قڕاندن : قسەیەکی شووم گوتن لە ئاست .

بۆ۲ ( ئیزافەی لێکدراو) : ـ بان؛ ـ بەر؛ ـ بن؛ ـ ژێر؛ ـ ژوور؛ ـ کن؛ ـ ناو۱ ؛ ـ نزیك؛ ـ پاش؛ ـ پێش؛ ـ پشت؛ ـ سەر؛ ـ تەنشت .

بۆ۲ ( بە شتی ترەوە) : ـ ناو : راناو pronoun؛ ـ یە : لەبەرئەوە، لەبەرئەوەیە؛ ـ یە کە ( کرداری مەرجیی بە-

دوودا دێت) : لە پێناوی ئەوەدا کە؛ ــ یەك، ــ یەکان، ــ یەکانێ، ــ یەکە،( وەکو:)" بۆیە" .

بۆ٣: بۆن؛ ــ چاڵ : بۆنی ناخۆشی کە دانەوێڵەی هەڵگیراو لە چاڵدا دەیگرێت؛ ــ چرووك : بۆنی گۆشت لە لێناندا، بەتایبەتی لە سوورکردنەوەدا ؛ ــ دڕن: بۆنی ناخۆشی حەیوان،بۆنی لەش؛ ــ دووکەڵ : بۆنی دووکەڵ(بە شتێکەوە، کە شتێك ئەو بۆنەی گرتبێت)؛ ــ گەن ( ناو و ئاوەڵناو) : بۆنیگەن، بۆنی پیس( ــگەنبوون، ــ گەنکردن : کەوتنە دۆخی بۆنی پیس لێهاتن)؛ ــ گەنکە : ناوی گوڵێکە ( ڕەنگە ئەمە بێت : Dittrichia graveolens - stinkwort)؛ ــ گەنتك (ناو) : بۆنی ناخۆش؛ ــ ژانە : ناوی گیایەکە وشك دەکرێت و بۆ پاراستنی جلوبەرگ لە مۆرانە بەکار- دێت؛ ــ ژۆ ( ئاوەڵناو) : ئالفی ( خۆراکی وڵاخ و ئاژەڵی) خراپبوو، ژنی داوێنتەڕ؛ ــ کلێشە : بڕوانە" ــ دڕن"؛ ــ کرووز : بۆنی سووتانی موو یا پەڕی باڵندە یا سووتانێکی سووکی وەها؛ ــ کز: تامی دووکەڵاوی، بۆنی خۆراکی سووتاو، بۆنی شیری سووتاو؛ ــ مچ : بڕوانە " ــ گەنتك"؛ ــ پرووز : بڕوانە" ــ کرووز"؛ ــ قژە : نەخۆشییەکە ناوەدەمی منداڵ دەیگرێت، توێژی سپی لەسەر زمان و شوێنی تری ناوەدەمی پەیدا دەبێت، بە زمانانی تر: thrush، قلاع یا قالوع،برفك)؛ ــ سار( ئاوەڵناو) : بۆنی پیس (ی گۆرەوی یا ناو پێڵاو یا هێندێك جۆری پەنیر ...)؛ ــ سۆ: بۆنی سووتان، ــ کرووز، ( ئاگری پێوەنێی ــ سۆی لێ هەڵناسێ : هێندە هەژار و رووت و ڕەجالە بەرگی هەر لەبەردا نیە تا بسووتێت و بۆسۆی لێ بێت)؛ و بڕوانە : بێن، بۆن .

بۆگە ( ناو) : نەجیب، نەجیبزادە، ئەعیان .

بۆڵ١ ( ئاوەڵناو) : ( ترێ، خورما)ی باش گەیشتوو، ــ ێ ترێ، ــ ە ترێ ( ناو) : دەنکە ترێی گەیشتوو؛ ــ ە نمێ: کەڕووی بەسەر ڕوەکی نەخۆشەوە یا بەسەر چەرم یا میچ ... ئیدی .

بۆڵ٢ ( ناو) : زەنگی زلی ملی هێستر .

بۆڵاندن ( بۆڵێن) : قسەی لە ژێر لێوەوە لە ناڕەزایی یا گلەیی یا تووڕەیی ... ئیدی .

بۆڵە، بۆڵە بۆڵ ( ناو) : قسەی بۆڵاندن .

بۆڵژن ( زمان داگرتن لە سەر " ژ" (boljin) ( ناو) : roar ( دەنگی شێر، دەنگی ئەسپ لەبەرخۆیەوە لە کاتی زین- کراندا، دەنگی فڕۆکە، دەنگی ئۆتومبیلەکانی شەقام وێکڕا، دەنگی بەرزی پێکەنین، دەنگی شەپۆلی گەورە، دەنگی نەڕاندنی تووڕەیی یا ئێش یا ورووژانی مرۆڤ) .

بۆمارانە : ناوی ڕوەکێکە .

بۆمبا: قومبەلە (قنبلە،بمب). ــ باران: بوردومان؛ ــ بارانکردن : بەجێهێنانی بوردومان؛ ــ هاوێژ (ناو و ئاوەڵناو):

( فڕۆکەی) تایبەتی بۆ بەسەردافڕێدانی ــ یان؛ ــ ران : بڕوانە "ــ باران" .

بۆن : هەستی لە رێگای کاری لووتەوە بە جێدێت؛ ــ پێدان(ی خۆراك) : برژاندنی تا بە رەنگێکی‌قاوەیی دەگات؛ ــ دانەوە (ی) : هەست پێ‌کردنی ــ، بڵاوبوونەوەی قسەیەك کە جارێ ئاشکرا و بە دڵنیایی نەسەلماوە؛ ــ لێ‌هاتن : ( شتێك کە) ــ ئەداتەوە؛ ــ کردن : بە ئەنجامدانی هەست کردن بە ــ، وا لێ هاتن کە ــ ی لێ بێت؛ ــ کەوتن : نەخۆش‌کەوتنی منداڵ بە بۆن‌کردنی سارمە(؟ lavender) و هێندێك گیای تر؛ بە ــ مل‌شکان : بە ــکەوتن؛ ــ برە: دەرمانی چارەی بە ــکەوتن؛ ــ دار( ئاوەڵناو): بە ــ ی خۆش، ئەوەی ــ ی خۆشی لێ دێت؛ ــ سۆ: بڕوانە" بۆسۆ" لە " بۆ٣"دا؛ ــ خۆشکەرە : ناوی گیایەکە بۆ بۆنخۆش‌کردنی کەتان و ... ئیدی بەکاردێت .

بۆنە ( ناو) : بیانوو، هۆ؛ بە ــ ی : بەهۆی، بە بیانووی .

بۆنگ ( بە شێوازی باکوور، ئاوەڵناو) : کەسێکی کە لە رادەبەدەر شایی بەخۆیەتی، خۆی زێدە گرنگ دەبینێت .

بۆق : بەق ( حەیوانی کە قرەیان بە کۆمەڵ لە دەم ئاوان دەبیسترێت)؛ ــ ـە مەلە : ناوی جۆرە مەلەیەکە ( تێدا هەر دوو دەست تەواو بۆ پێشەوە درێژدەکرێن و ئەوجا دەهێنرێنە دواوە) .

بۆقەتە ( بەگشتی :) ــ ی مل : پشت مل .

بۆر١ : ئیشارەتێکی نووسین ( فاصلە، فارزە، ویرگول) .

بۆر٢ : رەنگێکە ( نێوان سپی و رەش)، زەویی کە وەرزێك ( یا پتر) نـەکێڵڕاوە ( بۆ پشوودانی)، ناگرنگ؛ ــ او : شۆربای برۆێش؛ ــەجرە، ــ ەجرەك : ناوی باڵندان ((بۆرە جوڕە؟))؛ ــ ەلووك : رەنگی مەیلەوبۆر؛ ــ ەپیاو: پیاوی ئـاسـایی ( نـە لە مەرکەزێکی گرنگ)؛ ــ ەسوار : سوارەی هەژار؛ ــ ەخزم : خزمی دوور؛ ــ ەزەلام : کەسێکی لە رەشایی خەڵك ( نەك لە چینی سەروو یا سەرناس ... ئیدی) .

بۆران : بای توندی زۆرتر کە باران یا بەفر یا تەرزەی وێڕایە؛ شێوانی هەوا بە بای توند و گرمەی هەور یا بارانی زۆر یا بەفری زۆر وێڕا.

بۆرانی : ناوی چێشتێکە بە هێلکە دروست دەکرێت .

بۆرەك١ ( تورکی) : ناوی خواردنێکە بە هەویر و گۆشتی قیمە دروست دەکرێت .

بۆرەك٢ : سپیی دیوار ( گەچ) .

بۆرێ (هەروەها: بۆری، بۆریە) : لوولە (ی ئاو، نەوت ...)،کەڕەنا؛ ــ ی لامپا: شووشەی چرا؛ ــ ژەن ( ناو) ئەوەی کەڕەنا دەژەنێت ( شەیپوورچی) .

بۆڕێنه ( ئاوەڵناو، هەر بەدووی ناوێکەوە دەبێت به مانای :) ئاسایییەکە، ئەوەی لێ ئاگادارین، هەمان ئەوەی کۆن ( نموونە : کڵاوە بۆرە : هەمان کڵاوی هەمیشە لەسەری دەکات) .

بۆڕ : کای کە میوەی لە ژێردا هەڵدەگیرێت .

بۆڕ٢ : شکست (بەڵام نەك لەشەڕدا)، ( بە فەرمان:) ــ : تەسلیم بە!؛ ــ دان : شکست پێدان ( بەوجۆرە بۆ بەڵگە هێنانەوە، رکابەری ...)؛ ــ خواردن : شکان، دۆڕان ( بەوجۆرە) .

بۆڕاندن (بۆڕێن) ( کردار) : دەنگی گا و مانگا، roar (بۆڵژن) .

بۆڕە، بۆڕە بۆڕ : دەنگی گا و مانگا ... ئیدی .

بۆس : بڕوانە " دەس و بۆس" ( دەستی یەکتر ماچ کردن) .

بۆش ( ئاوەڵناو) : بەتاڵ، ــ ایی : شوێنی بەتاڵ، پڕنەبۆوە ( وەزیفە ...) .

بۆشناغ : بۆسنی ( خەڵکی وڵاتی بۆسنێ)، کەسێکی فیز دەفرۆشێت، خۆی پێ لەسەرووی خەڵکی ترەوەیە .

بۆتە : دەفری تایبەتیی بۆ مەعدەن تێدا تواندنەوە .

بۆخ : هەڵم .

بۆخۆیی : تراخۆما ( نەخۆشیی چاو) .

بۆیاخ ( تورکی) : بۆیە (رەنگ) ی بۆ رەنگ‌کردنەوەی پێڵاو؛ ــکردن : ــ دان لە پێڵاو( رەش‌کردنەوەی، یا لێدانی هەر رەنگێکی کە هەیەتی) .

بۆیە١( تورکی، بەگشتی :) ــ کردن : رەنگدان لە ( لە تەختە ...ئیدی) .

بۆیە٢، بۆیەك، بۆیەکە ( ئامرازی پێوەندی) : بڕوانە " بۆ٢" ( بە شتی ترەوە) .

بۆز ( ئاوەڵناو) : رەنگی خۆڵەمێشی .

بۆزە : جۆرە بیرە ( ئاوجۆ)یەکە بە ترشاندنی گەنمەشامی، گارس یا دانەوێڵەی تر دروست دەکرێت .

بودەڵە (عارەبی، ئاوەڵناو) : بێ‌عەقڵ، ئەحمەق .

بور/ دن ( بور) : (کرداری تێنەپەڕ) ( لێ) رابردن، چوونە ئەولای، زێدە گەیشتن (بەتایبەت کاڵەك، خەیار... ئیدی، کەواتە : ــ دوو ( ئاوەڵناو) زێدەگەیشتوو)؛ لە خۆ ــ دن : خۆ بە قوربان‌کردن؛ ــ دنەوە : بوورانەوە؛ و بڕوانە : لێ، ڕا .

بوار (ناو) : شوێنی لەباری پەڕینەوە لە رووبار؛ ــ دان : لەباربوونی شوێنی رووبار بۆ پەڕینەوە؛ ــ ە دان: هەل دان،

ڕێ دان ( نموونە : بۆ قسەکردن) .

بواردن ( بوێر،کرداری تێپەڕ) : کرداری بەجێهێنانی بوردن، لێ‌فرێدان ( ی وشەیەك شتێك لە نووسراو یا قسە، یا پەڕاندن و بەسەردا بازدانی)، نەدیتن ( بە سەهو، بەسەردا تێپەڕین)، چاو لێ پۆشین،  ( بۆ ڕەنگ یا مەرەکەب، یا تەئسیر) ناڕوات ( ناسڕدرێتەوە،لاناچێت)، پەڵەگرتن (ی ژەنگ، مەرەکەب، ئابڕوو ...)، بڕوانە را .

بوخچە : ( شتی) پێچڕاوە ( لە پەڕۆ،کاغەز ... ئیدی)؛ ـــ ی حەمام : هەندێ جلوبەرگی پاك لە پەڕۆیەکی تایبەتیدا بۆ بردنە حەمام( زۆرتر هی ژن)؛ ـــ بە گەردانێ : ناوی یارییەکی ناو ماڵە (دۆزینەوەی شتێکی‌کە دەشاردرێتەوە) .

بوخچی : بڕوانە " ئاخچی" .

بوختان (عارەبی) : تاوان دانە پاڵ، ڕووبەڕووکردنەوە و لێ‌پرسینەوەی تاوان، ـــ پێ‌کردن : بەجێهێنانی کرداری ـــ؛ ـــکەر : کارای ـــ دانە پاڵ، ئەوەی بە ناهەق و درۆ تاوان دەداتە پاڵ .

بوودڕ : کون، چاڵ ...( بەتایبەتی : لانەی حەیوانی کێوی) .

بووژانەوە ( بووژێ، کرداری تێنەپەڕ) : هەستی بەسەرچوون و نەمانی ناخۆشی ( ناڕەحەتی، ئێش، ...) .

بووك :  ژن لە دەستپێ‌کردنی بوونە هاوسەر و تا ماوەیەکی کەمی دوای ئەوە، پێوەندیی خێزانیی  ژن بە نیسبەت دایك یا باوکی مێردی، بازیچەی منداڵ (ی‌کیژۆڵە، بە شکڵی ـــ یا شتێکی وەها)، بردن بە ـــ: بوونە بووك (بەڵام بە شێوەیەکی گشتیش  بۆ پێوەندیی، بردیان  بە بووك :  ئێستا ئیتر مێردی کردووە)؛  ـــ بردن، ـــ گوێزانەوە، ـــ سوارکردن : لەگەڵ ـــ دا چوونە ماڵی زاوا؛ ـــ ـــ ێن : گەمەیەکی منداڵانە کە تێدا بازیچەیان  بە ـــ دەبەن؛  ـــ ـــە بە بارانێ :  شکڵێکی لە تەختە کە پەڕۆی تێ‌پێچراوە  بۆ باران باراندن دەگێڕدرێت؛ ـــ ـــە سەماکەرە : بی‌بی‌جان‌خانم؛ ـــ ێنی : ( ناو و ئاوەڵناو) : هی ـــ، پێوەندی بە بووکبوون، ـــ ڵە، ـــ ۆکە : ـــ بازیچە .

بووم :  وڵات، قەڵەمڕەوی؛ ـــ ـــەلەرزە :  لەرزەی زەوی؛ ـــ ی ( ئاوەڵناو) :  خەڵکی ئەسڵیی ئەو وڵاتە یا لەو وڵاتە لەدایکبوو .

بوون ( بـ،کرداری تێنەپەڕ): بۆ شوێن، نموونە : لەوێ‌بوون، بۆ دۆخ،نموونە: مرۆڤێکی باش بوو، بۆ دەستپێ‌کردنی چوونە دۆخ، نموونە :  بوو  بە مرۆڤێکی باش؛ گەیشتن ( ی میوە)؛ بۆ پێکهێنانی هێندێك  دۆخی کردار، نموونە : دیتبم، دیتبووم؛  بۆ دارایی، نموونە ( نەمبوو، بڕوانە " هە٢")؛  بە غەیرە شەخسی کە کرداری مەرجیی بەدوودا دێت، نموونە : ئەبێ بچم (پێویستە)،لە دۆخی تردا : ئەبو یا ئەبوو،نموونە: ئەبوو بچووایە، ئەبوایە بچووایە؛ ـــ ـــەوە : بۆ دیسان ڕوودان، بەڵام  بەدووی  زۆر ناو و ئاوەڵناواندا دێت، نموونە : ڕوون بۆوە ... ئیدی کە کاری  بە دیسان

نەداوە .

نەداوە . بڕوانە : دا، دەر، لێ، لێك، پێ، پێوە .

بوور : بڕوانە " بۆر٢" .

بوورانەوە (بوورێ، کرداری تێنەپەڕ) : لە هۆشچوون .

بووسە : (( بۆسە)) شوێنی خۆ تێدا شاردنەوە بۆ چاوەڕێی هاتنی دوژمن یا حەیوانی نێچیر بۆ بە سەردا دانی؛ خۆ لە ــ دان : چوونە ــ ــەوە .

بووزوو : پارچەی لە ماڵ رستراو، پارچە قوماشی بۆ جلوبەرگ .



به کوردی : باز، تەرلان، تەللان . به فارسی : باز، طرلان .

به تورکی : بایاغی چاکر قوشو . عارەبی : باز (شمالی)،

بازی( شمالی) .

Latin : Accipiter gentilis . English : (Northern)Goshawk .

Français : Autour des palombes . Deutsch : Habicht .

Nederlands : Havik . Svenska :Duvhök .

Italiano: Astore . Русский : Ястреб-тетеревятник .



به کوردی : باشوو . به فارسی : سارگپه .

به تورکی : بایاغی دۆغان . به عاره‌بی : شاهین .

Latin : Falcon peregrinus. English : peregrine falcon.

Français : Faucon pèlerin . Deutsch : Wanderfalke.

Nederlands : Slechtvalk . Svenska : Pilgrimsfalk.

Italiano : falco pellegrino . Русский : Сапсан.




**بولبول** ئەی یارەکەی دێرین ـ خونچیلانەی دندووک زێڕین (هەژار)

بە کوردی : بولبول، بلبل، هەزاردەستان .

بە فارسی : بلبل. بلبل هزاردستان . بە تورکی : بولبول .

بە عارەبی : عندلیب، بلبل .

Latin : Luscinia megarhynchos .

English : Common nightingale .

Français : Rossignol philomèle . Deutsch : Nachtigall.

Nederlands : Nachtegaal . Svenska : Sydnäktergal.

Italiano : L'usignolo comune.

Русский : соловей.



ئەتو **پەڕكوورى** توند و تیژ و دڕ بووى

ئەتو سوڵتانى شاخ و كێو و چڕ بووى ( هێمن)

بە كوردى : پەڕكوور . بە فارسى : عقاب طلايى .
بە توركى : قەرە كارتالى . بە عارەبى : العُقاب الذهبية .

Latin : Aquila chrysaetos .

English : golden eagle . Français : Aigle royal .

Deutsch : Steinadler . Nederlands : Steenarend

Svenska : Kungsörn . Italiano : Aquila reale .

Русский : Беркут .



به کوردی : چەکمە سوورە .

بە فارسی : چوب پا (چوب پای بال سیاه) .

بە تورکی : بایاغی ئوزون باجاک .

بە عارەبی : كرسوع (كرسوع أبوالمغازل) .

Latin : Himantopus himantopus .

English : Black-winged stilt (باڵ رەشی( بە) دارشەق )

Français : Échasse blanche ( سپیی (بە)دارشەق!)

Deutsch : Stelzenläufe . Nederlands : Steltkluut .

Svenska : Styltlöpare .

Italiano : **Cavaliere d'Italia** (سوارەی ئیتالیا )

Русский : Ходулочник .




به کوردی : چەوروولکە . به فارسی : چلچله رودخانه‌ای

به تورکی : قوم قرلانغجی . به عارەبی : سنونو الرمل

Latin : Riparia riparia .

English : sand martin .

Français : hirondelle de ravage .

Deutsch : Uferschwalbe .

Nederlands : Oeverzwaluw .Svenska : Backsvala .

Italiano : Il topino. Русский : Береговушка .



سوڕه و سێروو دەڵێن پەستە ـ **دارکوتکە** دنبەک بە دەستە

( هەژار)

بە کوردی : دارکوتکە، دارسمە . بە فارسی : دارکوب .

بە تورکی : آغاج قاقان . بە عارەبی : نقارالخشب .

Latin : Jynx torquilla .

English : woodpecker. Français : torcol .

Deutsch : Wendelhals. Nederlands : draaihals .

Svenska : göktyta . Italiano : torcicollo .

Русский : Вертишейка .



**دورنا** زورنای خۆی هێناوە ـ پەپوو دەهۆڵی جۆش داوە (هەژار)

بە کوردی : دورنا، شینە شاهۆ، شینە قورینگ

بە فارسی : درنا (درنای معمولی ) . بە تورکی : تورنا

بە عارەبی : کرکی ( کرکی شائع)

Latin : Grus grus . English : crane (commom crane) .

Français : Grue (Grue cendrée) .

Deutsch : Kranich (Grauer Kranich, Eurasischer Kranich).

Nederlands : kraanvogel . Svenska : Trana (Adult trana) .

Italiano : gru (La gru cenerina, gru eurasiatica).

Русский : журавлиные.




هەوێردە و **ڕەشبەشە** و دوڕنا و هەڵەتانج

نە ئاغایان لە کن پیاوە، نە کرمانج ( هێمن)

بە کوردی : ڕەشبەشە، مریشکە حەبەشە .

بە فارسی : چنگر . بە تورکی : سەقەرمەکە.

بە عارەبی : غر . Latin : Fulica atra.

English : coot . Français : foulque macroule .

Deutsch : Blässhuhn . Nederlands : meerkoet .

Svenska : sothöna . Italiano : folaga .

Русский : лысуха .




کاسەڵە شینکە و **سریلە** دەڕوانن لە سووچ و سیلە ( هەژار)

بە کوردی : سریلە، زریلە ( جۆرێک لە زۆر جۆری چوڕە).

بە فارسی : چکاوک شاخدار . بە تورکی : قولاقلی طویغار.

بە عارەبی : مقرن قبره، قبره/ قنبرة شاطئ .

Latin : Eremophila alpestris .

English : shore lark, horned lark .

Français : Alouette hausse-col .

Deutsch : Ohrenlerche . Nederlands : strandleeuwerik .

Svenska : berglärka. Italiano : Allodola golagialla .

Русский : Рюм.



به کوردی : سوڕه ( زەردەوەرە و زۆر ناوی تریش) .

به فارسی : زردپره سرسیاه . به تورکی : قرەقوشو کیرازباشلی !

به عارەبی : درسه سوداء الرأس .

Latin : Emberiza melanocephala .

English : blackheaded bunting .

Français : bruant à tête noire .

Deutsch : Kappenammer. Nederlands : zwartkopgors.

Svenska : Svarthuvad sparv. Italiano : zigolo capinero .

Русский : Черноголовая овсянка .




له ناو گۆم و گەرمک و چۆم و قۆپی

به پۆلم دین قورینگ و **سی** و هەڵەتانج    ( هێمن)

به کوردی : سی، قاز . به فارسی : غاز . به تورکی : قاز .

به عارەبی : وز، إوز .

Latin    :   Anser.

English :   goose . Français : oie .

Deutsch :  Gans . Nederlands : gans .

Svenska :  gäss  . Italiano :   oca .

Русский :  гусь .



سوڕە و **سێروو** دەڵێن پەستە    داركوتكە دنبەك  بە دەستە

( هەژار)

بە كوردی : سێروو، رەشۆڵە، ریشۆڵی، گاوانی .

بە فارسی : سار.  بە توركی :  صغرجق . بە عارەبی : زرزور .

Latin :   Sturnus vulgaris .

English :  starling  .  Français : sansonnet .

Deutsch :  Star.  Nederlands : spreeuw .

Svenska :  stare .  Italiano :   storno .

Русский : скворец  .



به کوردی : شوان خەڵەتێنە، شوان هەڵخەڵەتێنە

به فارسی : شبگرد دشتی، شبگرد مصر   .   به تورکی :

چۆبان ئالداتان . به عارەبی : مسهی الرعیان، سبد مصری

Latin : *Caprimulgus aegyptius*

English : Egyptian nightjar ( پەڕەسللێرکەی میسری)

Français : Engoulevent du désert, Engoulevent d'Égypte . Deutsch : Egyptische Nachtschwalbe

Nederlands : Egyptische nachtzwaluw

Svenska : Ökennattskärra

Italiano : Succiacapre isabellino (Caprimulgidae)

Русский : Буланый козодой



کورکوڕ تووڕاندیه شمشاڵی     شێلاقه خۆی لێ هەڵماڵی

( هەژار)

بە کوردی : شێلاقە . بە فارسی : آبچلیک، تلیله .

بە تورکی : چوللوکگیللەر ... . بە عارەبی : دریجه، دریج .

Latin : Calidris ... . English : sandpiper, reeve, Godwit...

Français : Bécasseau, Chevaliers .

Deutsch : Schnepfenvögel .

Nederlands : Strandlopers en snippen .

Svenska : Snäppor . Italiano : Scolopacidae, ...

Русский : Бекасовые .




له ناو گۆم و گەرمک و چۆم و قۆپی

به پۆلم دین **قورینگ** و سی و هەڵەتانج ( هێمن)

به کوردی : قورینگ . به فارسی : پاخلان، فلامنکو .

به تورکی : فلامینگۆ . به عارەبی : بشروش، نحام .

Latin : Phoenicopterus roseus .

English : Phoenicopterus roseus .

Français : flamant rose .

Svenska : flamingo, större flamingo .

Italiano : fenicottero rosa .

به هۆڵەندی و ئەڵمانی و رووسی پێی‌دەڵێن " فلامینگۆ"



**کاسەڵە شینکە** و سریلە       دەڕوانن لە سووچ و سیلە  ( هەژار)

بە کوردی : کاسەڵەشینکە ( و زۆر ناوی تر) .

بە فارسی : سبزقبا . بە تورکی : گوک قوزغون . بە عارەبی : شقراق .

Latin : Coracias garrulous .

English : European roller . Français : rollier d'Europe .

Deutsch : Blauracke . Nederlands : scharrelaar .

Svenska : Blåkråka . Italiano : Ghiandaia marina .

Русский : Сизоворонка .



له ناو گۆم و گەرمک و چۆم و قۆپی

به پۆلم دین قورینگ و سی و **هەڵەتانج** ( هێمن)

به کوردی : هەڵەتانج . به فارسی : تنجه .

به تورکی : سونا، قوشاقلی ئوردک . به عارەبی : شهرمان .

Latin : Tadorna tadorna .

English : Sheldrake, Shelduck . Français : tadorne .

Deutsch : Kasarkas . Nederlands : bergeend .

Svenska : gravand . Italiano : volpoca .

Русский : Пеганка .



به كوردی : ئەحمەد راوكەر . به فارسی : گیلان‌شاه معمولی .

به توركی : بایاغی كەروان چوللوغو . به عارەبی : كروان الماء .

Latin : Numenius arquata .

English : Eurasian curlew. Français : Courlis cendré .

Deutsch : Großer Brachvogel . Nederlands : Wulp .

Svenska : Storspov . Italiano : chiurlo maggiore .

Русский : Большой кроншнеп .

## گۆرهەڵکەنە



کوردی : گۆرهەڵکەنە .

فارسی : گورکن . تورکی : پۆرسوق . عارەبی : غریر .

Latin : Mustelidae .

English : badger . Français : Blaireau .

Deutsch : Dachse . Nederlands : das .

Svenska : Grävlingar . Italiano : tasso .

Русский : Баджер .

## سەموور



کوردی : سەموور( جۆرەکانی تری هەر : دەڵەک) . فارسی : سمور ( جۆرەکانی تری هەر : دله، قاقم) . تورکی : سەممور، سامور ( جۆرەکانی تری هەر : سانسار) . عارەبی : سمور ( جۆرەکانی تری هەر : دلق ـ لە " دله"ی فارسی، خز) .

Latin : Martes zibellina .

English : sable ( marten جۆرێکی)

Français : zibeline . Deutsch : Zobel .

Nederlands : sabelmarter, sabeldier .

Svenska : sobel . Italiano : zibellino .

Русский : Соболь روسی : سۆبۆل

# سمۆره



کوردی : سمۆره . فارسی : سنجاب . تورکی : سنجاپ .

عارەبی : سنجاب

Latin : Sciuridae .

English : Squirrel . Français : Écureuil

Deutsch : Eichhörnchen . Nederlands : eekhoorn .

Svenska : Ekorrar . Italiano : scoiattolo .

Русский : Беличьи .



به كوردى : چنار  .  به فارسى : چنار  .
به توركى : چنار  .  به عارەبى : دلب .
ئەوروپاييەكان ( رووسيش) : پلاتان!

Latin : Platanaceae Platanus .
English : platanus, plane tree  .
Français : platane .
Deutsch : Platane  . Nederlands : Plataan .
Svenska : Platansläktet .Italiano : platanus .
Русский : Платан .



کوردی : سپیدار، سپیندار . فارسی : سپیدار، تبریزی .

تورکی : ئاق کاڤاک . عارەبی : حور ابیض .

Latin : Populus Alba .

English : White poplar . Français : peuplier Blanc .

Deutsch :Weiß-Pappel, Silber-Pappel .

Nederlands : Witte abeel, zilverpopulier .

Svenska : Silverpoppel . Italiano : Pioppo bianco .

Русский : То́поль бе́лый .



کوردی : رەشەدار ( پتر لە سەد جۆری لە دنیادا هەیە) .

فارسی : نارون . تورکی : قەرە ئاغاچ . عارەبی : دردار

Latin : ulmus . English : elm . Français : orme

Deutsch : Ulme . Nederlands : iep .

Svenska : Almsläktet . Italiano :ulmus

Русский :**Вяз, ильм**



تۆ " **شۆڕه بی**"ی ناو شۆرەکاتێکی گەرمی
لەبەر نیگای تاسەباری ئەوینداران
خۆداپۆشی، به لقوپۆی کەزی نەرمی ( سواره)

کوردی : شەنگه بی، شۆڕه بی، بی شەنگ . فارسی : بید مجنون .

تورکی : ئاق سۆگوت . عارەبی : صفصاف بابلی .

Latin : Salix babylonica .
English : weeping willow, Babylon willow .
Français : saule pleureur . Deutsch : Echte Trauerweide.
Nederlands : treurwilg . Svenska : Tårpil, vide .
Italiano : salice piangente . Русский : Ива вавилонская.

داره بی دەوری چوارسەد جۆری له دنیادا هەیه .




کوردی : کەڤۆت،کەوت ؛ کێکف ( لە کاک سەردار- دەربەندیخان)؛
کەوەرت، کەوەرتە ( لە کاک سۆران – باڵەکایەتی ) .
فارسی : أفرای چناری . تورکی : داغ ئاقئاغاجی .
عارەبی : قیقب دلبی کاذب .

Latin : Acer pseudoplatanus .
English : sycamore maple . Français : Érable sycomore .
Deutsch : Berg-Ahorn . Nederlands : gewone esdoorn .
Svenska : sykomorlönn, Tysklönn .
Italiano : L'acero montano .
Русский : Клён бе́лый, ло́жноплата́новый .

داری کەڤۆت لە ئەڵمانیا بە ودم بووە، زۆر خانوویان لێ دروست کردووە، پێیان وابووە لە جادووگەران و لە برووسکەیان دەپارێزێت و، بە دەوری مەزراکانیان شەمشەمەکوێرەیان لێ دووردەخاتەوە و ... نیدی . ئەسپە تەختەکەی ترۆی ( هۆمیرۆس)یش لە داری کەڤۆت دروست کراوە.



کوردی : داری گێوژ، گۆیژ، گویژ، بلچ، گڤێژ، ... .
فارسی : زلزالک، ... .
تورکی : آلچ، آلیچ .
عارەبی : زعرور .

Latin : Crataegus .
English : Hawthorn .
Français : Aubépine .
Deutsch : Weißdorne .
Nederlands : Meidoorn
Svenska : : Hagtornssläktet .
Italiano : Biancospino .
Русский : Боярышник .

دەوری دووسەد جۆری هەیە، لە ئەمریکا " گۆیژی رەش"یش هەیە.

سەرتەشی




کوردی : سەرتەشی، کەرتەشی، سەلکەتەشی ( دەشتی سندوس سەر وە شاری نەغەدە - کاک سۆران). فارسی : گل خار شکر.
تورکی : تویسوز تۆپوزا، ویسوز ماقیدنیا!
عارەبی : قنفذی أزرق .

Latin : Echinops ritro .
English : Vigoro Globe Thistle , Veitch's Blue .
Français : L'azurite, oursin bleu .
Deutsch : Ruthenische Kugeldistel .
Nederlands : Kogeldistel blauw, 'Veitch's Blue' .
Svenska : Ruth tunisiska Kugel tistel .
Italiano : Cardo-pallottola coccodrillo .
Русский : Мордóвник обыкновéнный .

**شاتەڕە**



کوردی : شاتەڕە . فارسی : شاه تره . تورکی : شاهتره .

عارەبی : بقلة الملك! ( وەرگێرانێکی سەیری حەرفی)

Latin : *Fumaria officinalis.*

English : fumitory . Français : Fumeterre .

Deutsch : Gewöhnliche Erdrauch, ... .

Nederlands : gewone duivenkervel .

Svenska : Jordrök . Italiano : Fumaria officinale.

Русский : Дымя́нка лека́рственная .

بە دەرمان بەکارهاتووە، بۆ پێست و پێلووی چاو ...

**چاورۆکە**




کوردی : چاورۆکە، چاوروگە، زمانەگا .

فارسی : گاوزبان . تورکی : خودان( بە لاتینی تورکیا:هۆدان) .

عارەبی : حمحم، خبزالنخل،....

Latin : Borago officinalis .

English : Borage . Français : Bourrache .

Deutsch : Borretsch . Nederlands : Bernagie,

Komkommerkruid . Svenska : Gurkört .

Italiano : borragine . Русский : Огуре́чник, ... .

گوڵی زۆرتر بە رەنگی شینە، سەرەتا پەمەییە و دوای ئەوە دەبێتە

شین، بە رەنگی سپیشی هەیە . گەڵای بە چێشت دەخورێت .

تووەکەی، بۆ مەبەستی بژیشکی، رۆنی لێ دەگیرێت .

## جاتره كێويله




کوردی : جاتره کێویله . فارسی : مرزنگوش .

تورکی : مرجان کوشک . عارەبی : مردقوش،... .

Latin : Origanum majorana . English : **Marjora** .

Français : **Marjolaine , Origan des jardins.**

Deutsch : **Majoran** .Nederlands : **Echte marjolein .**

Svenska : mejram . Italiano : **maggiorana.**

Русский : майоран **به رووسی : مایۆران**

**بایلکە**



کوردی : بایلکە، باویلکە، پشیلەپایزە . فارسی : قاصدک .

تورکی : شەیتان ئاراباسی .

عارەبی : **طرخشقون!** (لاتینەکە بە عارەبی) .

Latin : Taraxacum .

English : **Dandelion .** Français : Pissenlit .

Deutsch : Löwenzahn . Nederlands : ***Taraxacum.***

Svenska : **Maskrossläktet .** Italiano : Dente di leone.

Русский : Одуванчик .

بادڕو



کوردی : بادڕو، پۆپەکەڵەشێرە . فارسی : تاج خروس .

تورکی : خروز ئیبیگی . عارەبی : قطیفە، عرف الدیک .

Latin : Celosia cristata .

English : cockscomb .Français: crête de coq .

Deutsch : Hahnenkamm . Nederlands : hanekam.

Svenska : tuppkam. Italiano : cresta di gallo .

Русский : **Целозия серебристая,** ( дурацкий ?).

ئەو تۆرەمەیە چەند جۆر گوڵ دەگرێتەوە، بە رەنگی تریشی هەیە.

## بابوونه



کوردی : بابوونه . فارسی : بابونه . تورکی : پاپاتیه . عارەبی : بابونج .

Latin : Matricaria chamomilla .

English : chamomile . Français : Camomille .

Deutsch : Echte Kamille . Nederlands : Echte kamille .

Svenska : Kamomill . Italiano : camomilla .

Русский : Рома́шка апте́чная .

چەند جۆرێکە و بەگوێرەی ئەوە دەکرێت بۆ جیاکردنەوە وشەی تر وە ناوەکە بخرێت . ئـەم جۆرەی لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر بە چا بەکاردێت، تەنانەت لە سوپەرمارکێتەکانی هۆڵەندا لە بەشی چایەکاندا دانراوە .

**نانەشوانە**



کوردی : نانەشوانە . فارسی : چمن پیازکـدار .

تورکی : یومرولو سالکم ئۆتو . عارەبی : القبأ البصيلى .

Latin : Poa bulbosa .

English : Bulbous Meadow-grass,Bulbous bluegrass .

Français : Pâturin bulbeux .

Deutsch : Knolliges Rispengras, Zwiebel-Rispengras .

Nederlands : Knolbeemdgras .

Svenska : Knölgröe .

Italiano : Fienarola bulbosa, Gramigna bulbosa .

Русский : Мятлик луковичный .

# Le Dinyay Ferhengî Ziman

## —Basêkî Ferhengêk u Çend Wêneyek

Şêrko Hejar

2017